تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

تورکیا و ململانێی

عیلمانیەت - ئیسلام - کورد

نووسینی: رضا هلال
وەرگێڕانی: دلێر عباس

لێکۆڵینەوە - وەرگێڕان

تورکیا و ململانێی عیلمانیەت - ئیسلام - کورد

نووسینی

رضا هلال

وەرگێڕانی

دلێر عباس

سلێمانی - ١٩٩٩

نووسەر لەچەند دێرێکدا

****

-رضا هیلال.

-زانستی سیاسیو ئابووری لەزانکۆی قاهیرەو نیویورک تەواوکردووە.

-نووسەرو ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (الاهرام).

-بەڕێوبەری نووسینگەی گۆڤاری (العالم الیوم) بووە لە نیویورك.

-پەیامنێری نەتەوە یەککگرتووەکان بووە لە بۆرصەو وول ستریت.

-خاوەنی چەندین بەرهەمی کۆمەلآیەتیو سیاسییە.

*نووسەر لەئەنجامی گەشتێکی مەیدانی بۆ تورکیا ئەم کتێبەی نووسیوە بەناوی (السیف والهلال)- دار الشروق.

****

ناوی کتێب:- تورکیاو ململانێی عیلمانیەت - ئیسلام - کورد

بابەت:- لێکۆڵینەوە.

نووسەر:- رضا هیلال

وەرگێڕانی:- دلێر عباس

ساڵ:- هاوینی ١٩٩٩

کۆمپیوتەر:- کۆمپیوتەری ژیر

چاپی یەکەم- ئۆفسێتی ژین

پێشەکی:-

بۆ ئێمەی کورد ئاگاداربوون و زانیار بوون بە واقیعی ژیانی سیاسیو پێکهاتی (ئابووریو کولتووریو کۆمەڵایەتیو تا...)ی گەلان و دەوڵەتانی هاوسنوورمان گەلەك پێویست و سوودمەندە، بەتایبەتیش سەبارەت بەو گەلانەی کە دەوڵەتەکانیان، ڕاستەوخۆ لە پرۆسێسی داگیرکردن و چەوساندنەوەی نیشتمان و گەلەکەماندا بەشدارن، ئەوە وەڵامدانەوەیەکی بابەتیو مەعریفیانەی پرسیاری ناسینی خودو دەوروبەرە، لێرەدا خودێکی بنەدەستکراو داماڵراوە لەهەموو ماف و واتا ڕاستەقینەکانی ژیان - وەك گەلێك کە خاوەنی خاکی ستراتیژی فراوان و تواناو کەرەستە دینامیکیو ئابووریو بەرهەمدارییەکانە. دەوروبەرەکەش بەرانبەرێکی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی کاریگەرو گەورەی وەك دەوڵەت و پێکهاتە ستراتیژیەکانی وەك سوپای مۆدێرن سازندەی تەکنیك و تەکنۆلۆژیای سەربازین و، دەزگای ڕاگەیاندن و کولتووری بەتواناو کاریگەرو، پەیوەندی دیبلۆماسیو سیاسی جیهانیو هەرێمیی ڕەسمیو ستراتیژییان هەیەو خاوەنی چەندین دەزگاو دامەزراوەی جۆراوجۆری کارتێکەری سایکۆلۆژیو پەروەردەییو ڕەوشتیو کولتووری تێکدەراندن...

لەسەر ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوەی برای بەڕێز (دلێر عباس) بەشێکە لەو پرۆسەی ناسینکارییەی یەك لەناوەندو جەمسەرە هەرەگرنگ و کاریگەرەکانی دەوروبەرە بۆ سەر خودی کوردی، ئەویش دەوڵەتی تورکیایە ئەم بەرهەمە کە وەرگێردراوی کتێبی (السیف والهلال)ی ڕۆژنامە نووسی میسری (رضا هلال)ە یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە بابەتیو ئەکادیمیانەی واقیعی ژیانی سیاسی کۆمەڵی تورکی هەر دەگەل دروستبوونی دەوڵەتی گورگە بۆرەکان لەساڵی (١٩٩٢)وە هەتا (١٩٩٨) ئەو ساڵەی کە نووسەری ناوبراو گەشتی مەیدانی خۆی بە وولاتی تورکیادا کردووەو ئەنجامی دیدارو کۆبوونەوەو

تێڕوانینەكانی خۆی لەسەر جم و جۆڵ و ڕەوتە سیاسیەكانی توركیا، تیایدا تۆماركردووەو لێتۆژینەوەكەی خۆی لەدووتوێی كتێبێكدا، بەئەنجام گەیاندووە.
نووسەری بابەتەكە، لەو گەشتە فیكریی تۆژینەوەیدا بەناو گۆڕەپانی سیاسی توركیادا، زیاتر لەدەوری دوو دیاردەی سەرەكی ئەو واقیعە سیاسیە، خولی خواردووەو چەقبەندی كردووە، كەئەوانیش:-
١-ڕۆڵی سوپا، واتە دامەزراوەی سەربازی، لەژیانی سیاسی ئەو دەوڵەتەدا.
٢-چۆنیەتی كارو هەڵسوڕانی ڕەوت و هێزە ئیسلامیەكان لەتوركیاداو شێوازی وەستاندنەوەو بەرەنگاری دامەزراوەی سوپاو ژەنەراڵەكان لەبەرانبەریان تەوەرەیەكی تریش كە نووسەر لەو دووتەوەرەیەی سەرەوە كەمتر بایەخی پێداوە - واقیعی پارتە عیلمانیەكانی ئەو وولاتەیە، كە نووسەر زیاتر قامك لەسەر لایەن و ئاراستە دزیۆو گەندەڵیەكانیان، دادەنێت و لەو بارەوە بە ووردی بابەتیانە، سەرنج و لێكدانەوەكانی خۆی لەو بارەوە ڕوونووس كردووە، لەوەشدانموونەی دووپارتی دیارو سەرەكی عیلمانی هەڵبژاردووە واتە (نیشتمانی دایك) و (ڕێگای ڕاست).
تەوەرەیەكی گرنگ تری ئەو دانراوەی (رضا هلال)ی ڕۆژنامە نووس كەلەباری بایەخپێدانەوە بەدوای ئەو تەوارانەی سەرەوەدا دێت لەم بەرهەمەدا باری سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابووری كوردەكان لەباكووری كوردستاندا - واتە ئەو ناوچە وویلایەتە كوردیانەی كە لێكندراون بەدەوڵەتی توركیاوە. دیارە نووسەر لەبەشێكی ئەو گەشتە مەیدانیەیدا سەردانی چەند شارو ناوچەی كوردی لوێندەرێ كردووە، بەتایبەت شارەكانی (وان)و (دیاربەكر) نووسەر واقیعیانە گرنگترین و دیاترین سیاسەت و نەخشەیەكی توركان و دەوڵەتەكەیان لەبەرانبەر ئەم ناوچانەدا، بەدی دەكات و ئاماژەكاری دەكات. ئەمیش سیاسەتی بەسەربازی كردنی (عسكرة) ئەو ناوچە كوردیانەیە، لەمیانی هێنانی ژمارەیەكی زۆری سەربازو هێزی چەكداری سوپاییو ناسوپاییو هێزەكانی جەندرمەو پۆلیس و ئاسایش ... بۆ ئەم ناوچانەو دامەزراندنی سەدان و هەزاران بنكەو مۆڵگەی

سەبازیو ئاسایش تیایاندا. کە ئەوانەش هەمووی بەشوێنی خۆیان بوونەتە هـۆی دواخستنی ترسناك و قووڵی ئابووری - کۆمەڵایەتیو کولتووریــیو ژیاریی ناوچـە کوردیـەکان لەلایـەك و لەلایـەکی تریشـەوە، زیـاتر زەمینـەی ســەرهەڵدان و بەرفراوانبوونی شەڕی دوژمنکاریو داگیرکارییان بەسەر گەلی کوردی ئەو بەشـەی کوردستاندا، خۆشکردووەو تۆکمە کردووە.

جێگای باس و ئاماژە پێکردنە کەبرای وەرگێر تەنـها ئـەو بەشـەی لـەو بەرهەمـە وەرگێڕاوە کە پەیوەندی بەم دووهەمی دواییەوە هەیە، واتـە لەسـاڵی (١٩٨٠)وە تا ساڵی ١٩٩٨ دیارە ئەوەش بـەهۆی وابەسـتە بوونـی ڕووداو ئەوزاعـەکانی ئـەو ماوەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو دینامیکیانە بەساتەوەختی ئێستاوە هـەروەها بەباوەڕی وەرگێر ئەو ماوەیە خوێنەری کورد زیـاتر بـەلای خۆیـدا ڕادەکێشـێت و پابــەندی بابەتەکــە دەکــات و لـــە گێرمـــەو مـــاندووبوونی خزانـــە نـــاو گێڕانەوەمێژوویەکان دوور دەخاتەوە، بەتایبەتیش کە زۆرێك لـەو ڕووداوانـە زۆر باسیان لێوەکراوەو کاتیشیان بەسەر چووە و بـێ ئـەوەی کاریگـەرێکیان لەسـەر ڕەوتی ئێستا بەجێ هێشتبێت.

بەهیوای سەرکەوتن و بەردەوامبوونی زیاتر برای هێژا (کـاك دلـێر) لـەو میانـەداو بەرهەمهێنان لەبواری نووسین و بیرکردنەوەدا.

محمد صابر کریم

١٩٩٩/٦/٢٧

رۆڵی سوپا لە رووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠

کۆتایی حەفتاکان، لە تورکیا زێدەڕۆیی سیاسی بووە گرفتێکی راستەقینە، هەر یەك لە رێکخراوەکانی وەك (رێکخراوی چەپی لاوان و ئیسلامییە ئوسوڵییەکان و رێکخراوی گورگەبۆرەکان – منظمة الذئاب الرمادية) تووشی رووبەڕووبوونەوەیەکی بەر چاوهاتن، ئەمەش بووە هۆی کۆنترۆڵ کردنی شەقام و شوێنە گشتییەکان و حەرەمی زانکۆکان و چەند شوێنی تریش لە لایەن ئەم دەستەو گروپانەوە زیاتر لەو قوتابی و لاوانە پێك هاتبوون کە هیوابڕاو بوون لە قبوڵکردنیان لە زانکۆکانداو بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی وولات تێی کەوتبوو بێ بەش بوون لە چنگ کەوتنی کارو پیشەیەکی گونجاو. لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٧٤-١٩٧٧ حکومەتە راست رەوەکانی تورکیا پشتگیریان لە هەردوو حیزبی (جوڵانەوەی نیشتمانی فاشی - الحركة الوطنية الفاشية) و (رێکخراوی گورگە بۆرەکان) دەکرد لە دژی هێزە چەپەکان، بەڵام لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی (ئەجەویدا ١٩٧٨ -١٩٧٩) چەپەکان پشتگیریان لێکراو ئەجەوید پاراستنی ئەم هێزە چەپانەی گرتبووە ئەستۆی خۆی هەرچەندە رەخنەی زۆریشی لێدەگیراو بە پێشەوای چەپ ناویان دەبرد.

کاری توندوتیژی رۆژانە لە زیادبووندابوو. ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی قوربانییەکان لە (٢٣٠) کەسەوە گەیشتە (١٢٠٠) کەس وە ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩) ئەم ژمارەیە زۆرزیادیکردو گەیشتە (١٥٠٠) کەس.حاڵەتەکە گەیشتە ئەو رادەیەی کە دیاردەی (زێدەڕۆیی سیاسی - التطرف السياسي) ببێتە بەشێك لە کاری توندو تیژی ئەم حاڵەتەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو بارە رۆشنبیرییە - کلاسیکییەی پەیڕەویان دەکردو گیانی تۆڵەیان زیاتر تیا دەورووژا، باشترین نمونەش قەسابخانەکەی (کهرمانماراس) بوو کە توورکەکان پێی هەستان لە دژی تورکە

شیعەکان - عەلەوی‌یەکان و بێجگە لەو کوشتارانەی لە نێوان کوردو تورك بەرپا دەبوو.

رووداوە سیاسی و کومەلایەتی یەکانی کۆتایی حەفتاکانی توركیا رەنگدانەوەی ئەو قەیرانە گشتی‌یانە بوون کە توركیا تێیکەوتبوو.

لە سالّی ١٩٧١ تا ١٩٧٩ توركیا دوانزە حکومەتی کەمینەو وئیئتیلافی بە خۆیەوە بینی واتا هەر بە نۆ مانگ جارێك حکومەتێك دەگۆرا.

تێکرای گەشەی ئابووری بەرەو شێواندن دەرۆیی سالّی ١٩٧٩ گەشەی ئابووری (٨٪) هاتە خوارێ بۆ (١,٧٪)، وە بێکاری روو لە زیادبوون بوو بە رێژەی ٢٠٪ وە رێژەی هەلاوسان زیادی کرد بۆ ٨٥٪ .

کودەتای ١٢ ئەیلولی سالّی ١٩٨٠

کات ژمێر (٦)ی بەیانی بوو بە کاتی ناوخۆ ئێزگەی رادیۆی توركیا بەیانێکی سەربازی بلاوکردەوە، هۆکانی بەرپابوونی کودەتاکەی تیا روون کردبۆوە کە بەم شێوەیە بوو..

(دەولّەت و دام و دەزگاکانی لە بەرێوەبردنی کاروبارەکاندا تووشی بن بەست هاتبوون، هەیکەلی دەستوری وولات پری بوو لە کێشمە کێش و نابەرابەری، پەك کەوتە بوون لە ئاست کێشەکانی وولاتداو هیچ چارەسەرێکی ئەوتۆیان پێ نەمابوو، حیزبە سیاسی‌سەکانیش یەککرتوو نەبوون و لێکترازاوو پچر پچر بوون، چالاکی هێزە جودایی خوازەکانیش - الانفصالیون لە زیاد بوون دابوو ژیان و مولّك و مالّی دانیشتوانیش نەدەپارێزرا، هێرش بردنە سەر قوتابخانەو زانکۆو رێکخراوەکان و شوێنە قەزایی‌یەکان بەردەوام بوو، وولاتیش خەریك بوو دەبوو بە مەلّبەندێك بۆ جیابوونەوەو بەرپابوونی جەنگی ناوخۆ دەولّەتیش بێ توانا بوو لە ئاست چارەسەر کردنی ئەم کێشانەدا). ئەم بەیانە کە بەیانی یەکەم بوو بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە راگەیەندرا دوا بە دوای ئەمە هێزە

چەکدارەکان دەستیان گرت بە سەر تەواوی پەرلەمان و دەسەڵاتە سیاسییەکان و کۆنترۆڵی هەموو چالاکیە سیاسیەکانی حیزبەکانیان کرد، هەروەها پەلاماری یەکێتی سەندیکای کرێکارانی چەپیان دا (DISK)، پەلاماری یەکێتی سەندیکای کرێکارانی راست ڕەویان دا (MISK)، هێرشی چەکدارییان کردە سەر سەرۆکی حیزبەکان و زۆریان دەستگیر کردن جگە لە (ألبار صلان تورکیش) کە سەرۆکی حیزبی جوڵانەوەی نەتەوەیی بوو بۆ ماوەی دوو رۆژ خۆی شاردەوەو پاشان خۆی دا بە دەستەوە حوکمی عورفی سەراپای وولاتی گرتەوەو سەفەر کردن بۆ دەرەوەی وولات قەدەغە کرا، مەبەستی جەنەراڵە کودەتاچیەکانی ساڵی ١٩٨٠ تەنها گۆرینی سیستەمە سیاسییەکە بوو، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارانە دەسەڵاتداران پشتیان بەست بوو بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی - مجلس الامن القومي - جەنەراڵ (کنعان ایڤرین) هەم سەرۆکی ئەم بەشەو هەم سەرۆکایەتی وولاتیشی دەکرد، لە لایەکی کەوە جەنەراڵی خانەنشین (بۆڵنت ئەلەسو) بەسەرۆکی ئەنجومەنی حکومی - (مجلس حکومی) دانرابوو کەپێك هاتبوون لە (٢٧) ئەندام، یارمەتی جەنەراڵ (کنعان ایڤرین) یان دەدا پێشنیارو ئامۆژگارییان پێشکەش دەکرد وە بڕیارەکانیشیان بۆ جێبەجێ دەکرد، دەسەڵاتێکی تەواو بەخشرایە خەڵکە سەربازییەکان لە گشت ناوچە جیاجیاکانی وولات دا هەموو مافێکی تەواویان هەبوو لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا. جگە لە مانەش کارەکانی وەك رۆژنامەگەرێتی و سەرپەرشتی کردنی یەکێتییە کرێکارییەکان درایە دەست ئەمان و بۆشیان هەبوو رۆژنامەکان داخەن وە یەکێك لەو رۆژنامانەی دایانخست رۆژنامەی (جمهوریەت) بوو لە ساڵی ١٩٢٤ ئەتاتورك دایمەزراندبوو، وە لە ساڵی ١٩٨٢دا هەر ئەمان چالاکی حیزبە سیاسییەکانیان هەڵوەشاندەوەو دەستیش گیرا بە سەر کەل و پەل و بارەگاکانیان .

سەراپای وولات شەپۆلێکی گرتن و راوەدوونانی بە خۆوە بینی سەرانی کودەتاچییەکان لیستی تایبەتیان پێبوو بۆ گرتنی ئەو کەسانەی بە دڵیان نەبوو

هەر لە شەشەمین هەفتەی دوای کودەتاکە ١١٥٠٠ کەسیان گرت ژمارەی ئەم گیراوانە زیادی کرد بۆ ٣٠ هەزار کەس لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ ژمارەی گیراو گەیشتە (١٢٠٦٠٠) کەس ، ئەم شەپۆلە بەرفراوانە چین و توێژە کۆمەڵایەتی یە بەرزەکانیشی گرتەوە وەك ئەندامانی یەکێتی یە پیشەیی و حیزبی یەکان، مامۆسایانی زانکۆو رۆژنامەنووسان و پیاوانی یاساو ئەو کەسانەی مەیلیان هەبوو بە لای چەپ و ئیسلامی یەکاندا، هەر لەو ماوەیەدا (٣٠٠) مامۆستای زانکۆ لە سەر کار دەرکران موچەکانیان برین وەماوەی کارکردنیان لەهەر شوێنێکی تری حکومیدا لێقەدەغەکرا.

زیندانە سیاسی یەکان پڕ بووبوون لە ئەندامانی تێکڕای حیزبەکان رەفتاری لێدان و ئەشکەنجە پیادەکرا، دادگای سەربازی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ (٣٦٠٠) کەس دەرکرد.

سەرکردەکانی کودەتای ساڵی ١٩٨٠ چوار وانەی گرنگیان لە هەردوو کودەتاکەی ١٩٦٠، ١٩٧١ وەرگرت کە ئەمانە بوون:-

١- دەسەڵات دەبێت لە دەست سوپادا بێت، هەردوو سەرۆك ئەرکان و سەرۆکی گشتی هێزەچەکدارەکان بەشێك بن لەم دەسەڵاتە تا کێشە لە سەر دەسەڵات دروست نەبێ نمونەش بۆ ئەمە کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٠ بوو.

٢- سەرۆکی کودەتا بە هەر شێوەیەك بێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، بوار نەدا کە سیاسی یەکان دەسەڵات بگرنە دەست یا هاوبەشی بکەن.

٣- پێش بە ئەنجام گەیاندنی کودەتا پیلانێکی روون و ئاشکرا هەبێت و کاری لە سەر بکرێت.

٤- پێش بە ئەنجام گەیاندنی کودەتا کار بکرێت بۆ لێك ترازان و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سیاسی و مەدەنی پێشوو تا رێ خۆشکەر بێت لە بەردەم سوپادا بتوانێ سەر لە نوێ کۆنترۆڵی سیستەمی سیاسی بکاتەوە.

دەستوری نوێ:

دوای کودەتاو بۆ دانانی دەستورێکی نوێ لە رۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ کۆبوونەوەیەك گیرا کۆمەڵەیەکی تەشریعی پێك هات لە ١٦٠ ئەندام کە(١٢٠)کەسیان فەرمانڕەوا سەربازیەکان دەستنیشانیان کردبوو وە(٤٠) ئەندامەکەی تریش ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستنیشانی کردن وە لە ئاکامدا (١٥) ئەندام هەڵبژێردرا بۆ لیژنەی تەشریعی بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر (ئۆرهان دەکاتشی). ئەم هەڵبژاردنەش بە هەمان وێنەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٠ بوو گەڕانەوە بوو بۆ هەمان دەستوور.

دەسەڵاتی تەنفیذی بڕیاریدا بە زیاد کردنی دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ئەوەی بتوانرێ ئازادییەکان کەم بکرێنەوە مانگرتنە سیاسییەکان قەدەغە بکرێن تاکو بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی گشتی و قەوارەی دەوڵەت نەشێوێت.

پاش چەسپاندنی دەستووری نوێ جەنەڕاڵ ایڤرین پۆستی سەرۆکایەتی وولاتی گرتە دەست بۆ جارێکی تر کەسایەتییە سەربازییەکان ویستیان هەیکەلی سیستەمی سیاسی دابمەزرێننەوە چەند بڕیارێکیان بۆ جەماوەر ڕاگەیاند هەتاکو (١٠) ساڵی تر هیچ سیاسییەکی پێش کودەتا بۆی نییە کاری سیاسی ئەنجام بدات بەڵام ئەتوانن حیزبێکی تازە پێك بهێنن بە مەرجێك ئەنجومەنی ئاسایی نەتەوەیی سەرپەرشتی بکات لە گەڵ ئەمەشدا نابێت قوتابی و مامۆستاو فەرمانبەرانی دەوڵەت بەشداربن تێیدا.

وە لە کاتێکدا هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٣ دەستی پێکرد تەنها سێ حیزب ڕێگەی پێدراو بەشداریان تیاکرد:-

١- حیزبی دیموکراتی نیشتمانی:- لە سەر دەستی جەنەڕاڵ و کەسایەتییە سەربازییەکان پێك هاتبوون.

٢- حیزبی گەل:- سەرۆكەكەی (نجدەت غالب) بوو نوێنەرایەتی باڵی ئەتاتوركیی دەكرد.

٣- حیزبی نیشتمانی دایك : سەرۆكەكەی (توركۆت ئۆزال) بوو هەوڵی ئەدا بۆ چاكردنی لایەنە ئابوری‌یەكان وە ساڵی (١٩٧٩ - ١٩٨٠) لە ماوەی حوكمی عەسكەرتارێتی دا بووە وەزیری دارایی و وئابووری.

ئەنجامی هەڵبژاردنەكە بەم جۆرە بوو:

حیزبی ئۆزالْ (نیشتمانی دایك) ٤٥٪

حیزبی جەنەڕاڵات (دیموكراتی نیشتمانی) ٣٠٪

ئۆزال كرایە سەرۆكی جكومەت وە لە ناو حیزبەكەیدا (٩) ئەندازیاری تیابوو بۆیە جەماوەر بە (حكومەتی ئەندازیاران) ناویان دەبرد.

ئۆزال سور بوو لە سەر دڵْ راگرتنی هەر یەك لە سەرمایەداری پیشەسازی كە حیزبی عەدالەت نوێنەرایەتی دەكرد، وە خاوەنی پرۆژە بچووكەكان كە حیزبی سەلامەی ئیسلامی نوێنەری بوو، خوشی نزیك كردەوە لە حیزبی (جولانەوەی نیشتمانی)، سەرباری ئەمە ئۆزال خۆی وا بەستە بوو بە رێبازی نەقشبەندی‌یەوە.

مەبەستی بوو كە قۆناغ بە قۆناغ دیموكراتی بگێڕێتەوە ناو توركیاو كەسە مەدەنی‌یەكان سەر لە نوێ بهێنێتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی.

لە هەڵبژاردنی شارەوانی‌یەكانی ساڵی ١٩٨٤دا سوودێكی زۆری لە دەنگەكانی ناو پەرلەمان بینی بە هۆی هەڵگرتنی ئەو یاسایەی كە لە دژی حیزبە كۆنەكان بوو، بانگەشە كردنەوەیان سەر لە نوێ بۆ كۆڕی سیاسی، لەم ئاڵوگۆڕەدا حیزبە دیموكراتی‌یە نیشتمانیەكان كە كەسایەتی‌یە سەربازی‌یەكان دەیان برد بە رێوە تەنها (٧٪) ی دەنگەكانیان بە دەست هێناو ئەمە وای كرد زۆربەی ئەندامەكانیان پەیوەندی بكەن بە حیزبی نیشتمانی دایكەوەو هەندێكی تریشیان بە حیزبی رێگای راستەوە، گۆڕانكاری‌یەكان بەردەوام بوون و حیزبی گەلیش ساڵی ١٩٨٣ تێكەڵاو بە حیزبی سۆسیالیستی دیموكراتی بوون بە سەركردایەتی

(بولند ئەجەوید)، بێگومان تا ساڵی ١٩٨٧کە ساڵی گەڕانەوەی حیزبەکان بوو بۆ گۆڕەپانی سیاسی و هاتنەوە بەر چاو، ئەمەش ئۆزالی ناچارکرد پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان رابگەیەنێ، وە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧ ئەنجامی هەڵبژاردن راگەیەنرا بەم شێوەیە بوو:-

حیزبی نیشتمانی دایك ٣٦,٣٪

حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی ٢٤,٨٪ (ئەردال)

حیزبی رێگای راست ١٩,٢٪ (دیمیریل)

حیزبی چەپی دیموکراتی ٨,٥٪ (ئەجەوید)

ئەم هەڵبژاردنە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بوو، وە سەلماندی کە سەرکردە کۆنەکانی وەك (دیمیریل و ئەجەوید) لە بەردەم سەرکردە نوێیەکانی وەك (ئۆزال و ئەردال) هەرەسیان هێنا. ساڵی ١٩٨٩ هەتاکو ساڵی ١٩٩٢ تورکیا چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ و زیندووی بە خۆیەوە بینی:

١- بەرفراوان بوونی سیستەمی سیاسی - لیبرالی ، ماوەی بەند بوون بۆ لێکۆڵینەوە لە (١٥) رۆژ کرایە (٢٤) کات ژمێر، چەند چاکسازییەکی دەستووری لە ناو پەرلەماندا کراو ژمارەی پەرلەمانتارەکانیش زیاد کرا. وە هەڵبژاردن بۆ سەرۆك کۆماری کرایە هەڵبژاردنێکی راستەوخۆ بێ دەست تێوەردانی هیچ لایەنێك و مافی هەڵبژاردنیش زیاتر کرا تاوەکو تەمەنی ١٨ ساڵانەش بگرێتەوە.

پەرلەمان توانی مادەی ١٤١ ،١٤٢، ١٦٣ ی ناو دەستوور هەڵبگرێ کە لە دژی چالاکییە سیاسییەکان بوو، حیزب و گروپ و تاقمە سیاسییەکانی کە لە سەر بنەمای چینایەتی و ئایینی پێك هاتبوون،کەوتنەوە گەڕو هاتنەوە مەیدان و دەست بەکاربوونەوەی سەندیکای (DISK) کە ١١ ساڵ بوو چالاکی لێقەدەغە کرابوو.

٢- گەڕانەوەی دیمیریل بۆ سەر حوکم ئەمەش یەکێك بوو لە دەست کەوتەکانی هەڵبژاردن.

٣- گۆڕانکاری لە بەرەکانی چەپ دا بە گەڕانەوەی حیزبی گەلی کۆماری بە سەرکردایەتی (دینیز بایکال).

پاش سەرنەکەوتنی حکومەتەکەی (بولنت ئەجەوید ساڵی ١٩٧٩)و لە جێبەجێ نەکردنی سندوقی نەختینەی دەولی - صندوق النقد الدولي_ دەستە وەستان بوو لە چاککردنی باری ئابووری و دارایی، وە لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە هیچ هەنگاوێکی تازەتر نەنرا لە لایەن حکومەتی (سلیمان دیمیریل)وە، مانگرتن و خۆپیشاندانەکان دەستی پێکردو پێکدادان لە نێوان کرێکاران و هێزەکانی پۆلیس رووی دەدا بە بەردەوامی.

لەکاتی بەرپابوونی کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ و پاش دەست بەسەرا گرتنی یەکێتی یە کرێکارییەکان لەلایەن سوپاوە، دەبوایە بەرنامەی جێ بەجێکردنی (سندوقی نەختینەی دەولی) جێ بەجێ بکرایە ئەوسا ئەم پرۆسەیە ناوی لێنرا بوو جێگیرکردنی ئابوری - (التثبیت الاقتصادي)، سەرۆکی بانکە جیهانی‌یەکان و سەرۆکی سندووقی نەختینەی دەولی و بازرگانە گەورەکان دەیانویست متمانە بگەڕێنەوە بەتورکیا، دەرگای قەرز دانیان بۆ خستە سەرپشت هەر لەساڵی ١٩٨٠دا قەرزەکانی لە ١٣,٥ ملیارەوە گەیشتە ٤٠ ملیار دۆلار ئامانجی صندوقی نەختینەی دەولی، چاککردن و باشترکردنی گوزەران بوو تا بتوانن دیاردەی هەڵئاوسان - (التضخم) رابگرن و بازارێکی ئازاد بخوڵقێنن لەسەر بنەمای ناردنە دەرەوە (التصدیر)، بەڵام باری ئابووری رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپتر دەڕۆی و نرخی لیرەی تورکی بەشێوەیەکی بەردەوام دەهاتە خوارێ یارمەتی‌و پاڵپشتی حکومەت بۆ پرۆژەکان کەم بۆوەو نرخی شت وەك بەرز بۆوە، پارەو پول بۆ وەبەرهێنانی (الاستثمار) پیشەسازی تەرخان نەدەکرا پارەو پول لای قاچاخچی‌و مشەخۆرەکان کەڵەکە دەبوو وای لێهات ئەم کەسانە رۆڵی بانکەکانیان دەبینی دانیشتوان پارەکانیان لای ئەمان دادەنا بەرامبەر بەوەرگرتنی سوود (الفائدة) وەکاتێك حکومەت لەساڵی ١٩٨١ دەستی گرت بەسەر ئەم کۆمپانیا

مشەخۆرانەدا بەجارێك (٣٠٠) كۆمپانیـا هەرەسـی هێنـا هـەندێكیش لـەو كەسـانە هەڵاتن بۆ دەرەوەی وولات.

حكومـەت خـودی خـۆی هـانی (وەبەرهێنـەرە - المسـتثمر) بیانیـیـەكانی دەدا ئاسان كاری بۆ دەكردن و بەئاسانی قازانج و سەرمایەكانی بۆ دەگواستنەوە هـەر لەوسـەردەمەدا چـوار ناوچـەی بازرگـانی گـەورە پێـك هـات لەدەوروبـەری كەنارەكانی (ئەزمیرو میرزن) نزیك شاری ئەدەنە كاری ئـەم كۆمپانیـاو مەڵبـەندە بازرگانیانە دروست كردنی بینـاو ڕێگاوبـان و كـارە خزمەتگوزارییـەكانی تربـوو. بەڵام حكومەت پارەو پولی پێویستی نەبوو بیداتە ئەم كۆمپانیانـە لـەبری كردنـی ئیش و كارەكان بۆیە زۆربەی پرۆژەكانی بە سیستەمی (B.O.T)[1] بەڕێوەدەچوو. كارەكانیان بۆ حكومەت بەئەنجام دەگەیاند، بەتـەواوبوونی ئـەم پرۆژانـە توركیـا جـم و جۆڵێكی (سیاحی) بـەخۆوە بینـیو بـووە هـۆی ئـەوەی بیانیـەكی زۆر لەزۆربەی وڵاتانەوە سەردانی ئەم شوێنانە بكەن.

كۆتای هەشتاكان پرۆژەیەكی گەورە بەناوی (GAP) ئەنجام درا بۆ دروست كردنی چەند بەربەستێك لەسەر ئاوی دیجلەو فورات و بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی كارەباو عەمباركردنی ئاو بەبڕی (١,٦) ملیۆن هكتار، ئەو ناوچانەی كە سوودمەند دەبـن لـەم پرۆژەیـەدا زیـاتر ناوچـەكانی خـوارووی ڕۆژهـەڵاتی ئـەناضوڵن زۆربـەی دانیشتوانەكانیشی لەكورد پێك هاتوون و باری گوزەرانیان زۆركزەو هەژارن.

---

[1] B.O.T :- كورت كراوەی ووشەی (Build. Operate. Transfer) مەبەست لـەم نیزامـە دروسـت كردنی پـرۆژە پیشەسازییەكانە بـێ ئـەوەی تێچوون (كلفـة) بكەوێتـە سەرشـانی حكومـەتی توركی واتە ئەو كۆمپانیایەی هەڵدەستێت بەكارەكەی بەپارەو پوولی خـۆی كارەكـە دەكـات و ئەنجامی ئەدات و دوای تەواو بوونی كارەكان پرۆژەكان لەژێر دەسەلاتی خۆیدا دەبێت و نرخ بەدەست خۆی دەبێت وەبڕی قازانج هەر بۆ خـۆی دەگەڕێتـەوە هـەتا هـەموو بـڕی ئـەو پـارە سەرف كراوەی چنگ بكەوێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت لەدوای ئەو هەڵکشـان و داکشـانە ئابوورییـەی تووشـیان بـوو لەماوی ساڵەکانی ١٩٨٠–١٩٨٨ توانرا زۆربەی بەرنامـەکانی چاکردن و ئـابووری جێبـەجێ بکرێـت و ئامانجـەکانی خـۆی بەدەسـت بێنێـت. وە تێکڕایـــی ڕێــژەی نێردراوەکان زیـاد بکـەن بـۆ (٢٢٪)، کـۆی داهـاتی نێردراوەکـان لەسـاڵی ١٩٨٨ زیـادی کـرد بـۆ (١١,٧٪) ملیـار دۆلار بەبـەراورد کـردن لـەچاو سـاڵی ١٩٧٩ کـە داهاتی نێردراوەکان تەنها (٢,٣٪) ملیار دۆلار بوو.

بۆ گەشەسەندن و هەستانەوەی توركیا هەتا ساڵی ١٩٨٩ زیاتر گرنگـی بەلایـەنی پیشەسازی دەدراو پێش دەخرا وە ناردنە دەرەوەی بەرهەمـە پیشەسـازییەکان لەچاو نێردراوە کشتوکاڵیەکاندا بەشێوەیەکی بەچاو زیادی کرد، ڕێژەی نێردراوە کشتوکاڵیەکان (٢٠٪) بوو کەچی ڕێژەی نێردراوە پیشەسـازییەکان گەیشـتبووە (٧٢٪).

وە لەنیوەی یەکەمی هەشتاکاندا تێکڕای گەشەسـەندنی بەرهەمـە ناوخۆییـەکان (٤,٥٪) بوو بەڵام لەساڵەکانی ٩٨٦ – ٩٨٧ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخـی نـەوت لەجیهاندا ئەم ڕێژەیە زیادی کرد بۆ (٧٪ و ٨٪).

ئیسلامی سیاسی لەپاش کۆدەتای ١٩٨٠ لە ئۆزالەوە بۆ ئەربەکان

شەش ڕۆژ دوای کودەتای ١٩٨٠ حیزبی (السلامة الوطـني) – ئیسـلامی لـەژێر سەرپەرشـتی نەجمـەدین ئەربـەکان فیسـتیڤاڵێکی بـەناوی (فیسـتیڤاڵی – قودس) وە سازدا، وە دروشمی ڕزگارکردنی قوودسیان بەرزکرد بـۆوە و نزیکـەی سەد هەزار کەس بەشداربوون تیایدا، چەندین دۆست و لایەنگری حیزب بەبـەرگی ئـایینیو ئـاڵای سـەوزەوە ئامـادەبوون چـەندین ووتـارو هوتـاف لـەدژی نـیزامی عیلمانی دەبیستراو بانگەشەی ڕووخانی ئەو نیزامەو دروسـت بوونـی دەوڵـەتێکی

ئیسلامیان دەکرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەرۆکی کۆدەتا (کنعان ئیڤرین) هەستا بە لەکار خستنی تێکڕایی حیزبە سیاسیەکان و گرتنی سەرۆکەکانیان و دادگایی کردنیان لە پێش هەموویانەوە حیزبی (سەلامەتی نیشتمانی) بوو کە ئەربەکان سەرکردایەتی دەکردن.

سەرۆکەکانی ناو سوپا بیریان لە دروست کردنی سیاسەتێکی ترو دەستورێکی تازەتر کردەوە بۆ پاوان کردنی وەزعی ناوخۆ دوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٨٣ بەسەرۆکایەتی (تورگۆت ئۆزال) حزبی (نیشتمانی دایک) یان پێك هێنایەوە تا ڕابەرایەتی حکومەتێکی مەدەنی بکات بەمەرجێك سەرۆکی دەوڵەت (جەنەراڵ ئیڤرین) بێت، هەر لە ساڵی ١٩٨٢دا دەستورێکی گشتی داناو سوپا توانی دەست بگرێتەوە بەسەر ژیانی سیاسیدا لەژێر سایەی یاسا سەربازییەکاندا سەرۆکەکانی کۆدەتاچیەکانی ساڵی ١٩٨٠ ڕووبەڕووی کێشەیەکی دوولایەنەبوونەوە بەرامبەر مامەڵەکردنی ئیسلامیە سیاسیەکان:

لایەنی یەکەم: سەرۆکەکانی کۆدەتا کاتێ دەیانویست دەسەڵاتی تەواویان بەسەر کۆمەڵگادا هەبێ و ئەو کاتە حکومەتی تورکیش دەستە وەستان بوو لەئاست ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا، (ئیسلام)یان وەك ئایدۆلۆجیەتێکی ڕەسمی ناو دەبردو کار دەگەیشتە ئەو ڕادەیەی جەنراڵ ئیڤرین سەرۆکی کۆدەتا بەناچاری پەنای دەبردە بەر ئایەتی قورئان و فەرموودە پیرۆزەکان و لەدەستووری ساڵی ١٩٨٢ وانەی ئایینی کردە وانەیەکی ئیلزامی ناو پەیڕەوی خوێندنگاکانەوە. نووسەری ئیسلامی تورکی (یشار کیبلان) لە کتێبەکەی بەناوی (شەش ساڵ گرتن) ئاماژەی بۆ ئەم حاڵەتە کردووە دەڵێ:

(سەرۆکەکانی کۆدەتای ٩٨٠ ئیسلامیان تەنها بۆ ئەو مەبەستە دەوویست کە بیکەنە زەمانەتێك بۆ مانەوەی نیزامەکەیان لەدژی هێرشی چاوەڕوانکراوی کۆمۆنیستەکان).

لایەنی دووەم: سەرۆکەکانی کۆدەتا هەستیان بەمەترسی ئیسلام کرد وەك ئایدۆلۆژیایەك و وەك جوولانەوەیەك کەلە ناو کۆمەڵگای تورکیدا ڕەگی داکوتاوە

بێگومان ئەمەش دەبووە ڕێگرێك لەبەردەم مەرامەكانیان دركیان بەو واقیعە كرد كە ئیسلامیەكانیش وەك ئایدۆلۆجیایەكی جەوهەری دەستەیەك دەبن بۆ سیستەمی داهاتوو، ناچار ویستیان ئیسلام بكەنە بەشێك لەو سیستەمە بەلام تەنیا لە ڕووبەڕوونەوەی بزووتنەوە كۆمۆنیستیەكان و جولانەوەی كوردیدا بتوانن بەكاری بهێنن، نەك وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ سیستەمی داهاتوو.

ئۆزال و موسلمانگەراییەكی میانڕەو

نووسەری توركی (ئەرتیگرول كیركۆ) لە نووسینەكەیدا بەناوی (دابەش بوونی توركیای ئەتاتوركی و ئیسلامیەكان) باس لە ناشتنی تەرمی تۆرگوت ئۆزال دەكا ڕایدەگەینێ بەوەی لەسەرەتای سالەكانی (١٩٩٠)وە هەلسووكەوتێكی ئیزدواجیانە دەبینرێ لەنێوان دەولەت و كۆمەلگای توركیدا، ئەم هەلس و كەوتانەش لەكاتی ناشتنی تەرمەكەدا دەبینرا لەو كاتەی كەلە ئەنقەرەوە تەرمەكە بەڕێخراو تیپی ئۆكسترای سەربازی لەدوای تەرمەكەوە مارشی مردنی عەزف دەكرد لەسەر شەقامە گشتیەكی پایتەخت (شەقامی ئەتاتورك) خەلكێكی زۆر وەستا بوون لەو پێشوازیەدا بێ دەنگ بوون وە هیچ كاردانەوەیەكیان بەرامبەر ئەم مەراسیمە ماتەمینیە نەبوو كەزۆربەیان لەخەلكی موچەخۆری حكومی پێك هاتبوون كەچی پێچەوانەی ئەمە لەشاری ئەستنبول و لەنوێژی هەینیدا سەدەها هەزار كەس بەدەنگی (الله اكبر)ەوە بەرەو گۆڕستان بەڕێكەوتن... توركۆت ئوزال كەلە سالی ١٩٨٣ بووە سەرۆك وەزیران، یەكەم سەرۆكی حكومەت بووە كە سەردانی مالی خوای كردووە وە بەشێوەیەكی بەردەوام بەشداری نوێژەكانی هەینی كردووە یەكێك بووە لە پەیڕەوانی ڕێبازی نەقشبەندی هەلگری داب و نەریتەكانیشی بووە.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ماوەیەی ئۆزال سەرۆكی حكومەت بوو (٩٨٣-٩٨٩) وە كاتێكیش سەرۆكی وولات بوو هەتا ڕۆژی گیان سپاردنی -١٩٩٣، پەیڕەویی

ئیسلامی میانڕەوی دەکرد، ئاواتە خوازی ڕێکخستنەوەی ئیسلام و ئەتاتورکیەکان بوو پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ ماوەی گرتنە دەستی حوکم لەلایەن ئۆزالەوە یارمەتیەکی زۆری خوێندگاکانی (ئیمام - خەتیب)ی‌دا، بەهۆی ئەم پشتگیری لێکردنەیەوە ڕێژەی دەرچووانی ئەو ساڵە لەچاو ساڵانی پێشوودا لە ٢٠٪ زیادی کرد، بەوەزارەتی پەروەردەی ڕاگەیاند کەتیورەکانی (داروین) لەوانەکانی سەرەتایی‌و ناوەندیدا هەڵگیرێت. ڕێگای بە ئافرەتان دا تابەرگی ئیسلامی بپۆشن ڕێگای لەبەردەم ئێستگەو تەلەفزیۆن و چاپەمەنیەکاندا واڵاکرد ڕێنمایی‌و کارە پێویستی‌یەکانی خۆیانی تیا جێ بەجێ بکەن، ساڵی ١٩٨٣ بەپێی یاسایەکی تایبەت (دامەزراوی ئەوقافی)دامەزراند بەهۆی ئەم یاسایەوەئیسلامی‌یەکان سوودێکی زۆریان لێبینی لەپێشخستنی چالاکیەکانیان هەر لەماوەی حوکم کردنی ئۆزال دا بەهۆی ئەو سیاسەتە ئابووری‌یە لیبرالیەی پەیڕەوی دەکرد هەلێکی مێژووی لەبار دروست بوو بۆ کۆمپانیا بازرگانیەکان و پڕۆژە ئیسلامیەکان، یەکەم پڕۆژەی (تمويل اسلامي) دامەزراند بەناوی (البركة ترك) بەگەورەترین بانکی تورکی دادەنرا بەبێ سوود - فائدة پارەی ئاڵۆوێر دەکرد. تورگۆت ئۆزال مۆڵەتی‌دا بە چالاکیەکانی (یەکگرتووی جیهانی ئیسلامی - رابطة العالم الاسلامي) لەناو تورکیا. لەناو بینای پەرلەماندا مزگەوتێکی بچووکی دروست کرد، مەڵبەندێکی ئیسلامی بەناوی (زانکۆی تەکتەلۆجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دامەزراند جگە لە جێگیرکردن و چەسپاندنی زمانی عەرەبی لە زانکۆکاندا، هەروەها چەندین پڕۆژەی بەکەڵکی لە ئەزمیرو ئەدەنەو شارەکانی تردا بەئەنجام گەیاند. ئەو سیاسەتە میانڕەوە ئیسلامیەی تورگوت ئۆزال بەتەنها بەربەستێك نەبوو لەبەرامبەر زیادەڕۆی ئەتاتوورکەکان، بەڵکو سنوورەکانی تورکیاشی بەزاند، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ١٩٧٩، بەئاشکرا ڕای گەیاند کە پشتگیری لە شۆڕشی ئێران دەکەین چونکە چەکێکی کاریگەرە بۆ لێدانی ڕۆژئاواو عیلمانیەکان، هەروەها شۆڕشی ئێرانیش کاردانەوەی خۆی هەبوو

یاریدەدەرێکی مادیو مەعنەوی بوو بۆ جوڵانەوە ڕادیکاڵیەکان بەتایبەتی سوپای ڕزگاری ئیسلامی - جیش التحریر الاسلامي لترکیا، و حیزب الله.


OZAL

ئـوزال لــە ووتەکـانیدا ڕایەگەیاند بـوو کـە هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵگیرساندنی جەنگی کەنـداو، ڕێخوشکەرێکن بۆ تـورکیا تـا پێکهاتەی خۆی بنیاتنێتەوە لەڕێگای بیرۆکـەی (ئیسلامەتیەکی میانڕەوە)وە. ئەم دوو ڕووداوەی سەرەوە هەلێکی بـاشە بۆ تـورکیا سەر لەنـوێ ڕۆڵــی خۆی بگێڕێتەوە بۆ نـاوچەکـەو، دەبێـت پێگەیەکی گونجاوترو کـاریگەر تـری ببێت لـە کاروبارە بازرگانیەکاندا - خوازیاری ئایدۆلۆجیەکی بـەرفراونتر بـوو کـە لەمەسـەلەی (ئـەتاتورکی نەتـەوەیی) گـەورەتر بێـت، ئـەو ئایدۆلۆجیەتەی خوازیاری بـوو بریتـی بـوو لـە (نەزعەیـەکی ئیسـلامی میـانڕەو - النزعة الاسلامیة المعتدلة) کە هەردوو هزری سەرمایەداریو ڕۆشنبیری بـەهاکانی ئیسـلام بەیەکـەوە گرێبـدات، ببێتـە شـوورەیەك تـورك و کـوردو ئـازەریو ئۆزباکیەکان و کەمینەکان بگرێتە خۆ.

تێڕوانینـەکانی ئـوزال لـەبارەی (ئیسـلامی میـانڕەو) لـەدوای گیـان سـپاردنیەوە کۆتایی هات وەئەڵتەرناتیڤی ئەمیش (ڕەفای ئیسلامی) بوو،...

کـاتێك سیستـەمی عیلمـانی هێرشـی کـردە سـەر ئەریـەکان لـەدوای ڤیسـتیڤاڵی قوودس و دوای ڕاپێچ کردنی بۆ زیندان خۆیو (٢٤) هەڵسوڕاوی حیزبەکەی لەبەر دادگـای عورفـی سـەربازیدا خۆیـان بینیـەوە بـەتاوانی بەکارهێنانی ئــایین بـۆ مەبەسـت و مـەرامی سیاسـی، پاشـان کەوتنـە ژێـر لێکۆڵینـەوە. ئـەو کەسـانەی کەمابوونـەوەو نـەگیرابوون بیریـان لەدروسـت کردنـی حـیزبێکی تــازە کـردەوە لەجیاتی حیزبە کۆنەکەی خۆیان (السلامة الوطني) تا کـاری خۆیـانی تیـا بکـەن، ئـەم حیزبـەیان گـۆڕی بـەحیزبی ڕەفـا بەسـەرکردایەتی (ئەحمــەد تــەقدال)

بەرەزامەندی ئەربەکان و سەرۆکەکانی تری ناوحیزبەکەیان، وە لەراپرسیەکەی سالّی ١٩٨٦دا نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکایەتی حیزبی رەفای گرتە دەست، حیزبی رەفا بەرنامەی خۆی خستە روو لەژێر ناوی (سیستەمێکی دادپەروەردا - النظام العادل) مەبەست لەم سیستەمە (سیستەمی ئیسلامی) بوو، بۆ چاوبەست کردن لەحکومەت ئەم ناوەیان هەلّبژارد تاکو یاساو دەستورەکانی دەولّەت رێگایان لێنەگرێت لەکارو چالاکیەکانداو بەئازادی هەلّسوورێن.

ئەم پرۆژەیە نەتوانرا بەشێوەیەکی بەرچاو و پێویست بخرێتە روو تا هەلّبژاردنەکانی سالّی ١٩٩١، دامەزرێنەری ئەم بەرنامەیەش ئەندازیار (سلیمان قەرەگۆل) بوو بەهاوکاری دوو کەسی تری ناو رەفا کەبریتی بوون لە (دکتۆر عارف رصوی‌و دکتۆر سلیمان ئەقدەمیر)، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە (سیستەمی دادپەروەری) سلێمان قەرەگۆل بەم شێوەیە پێناسی دەکات (جیهان دوو تێروانینی هەیە تێروانینی خاوەن دەسەلاتەکان، تێروانینی بێهێزەکان لێرەدا دەسەلاتداران تێدەکۆشن بۆ نەمانی بێهێزەکان ئەمەش لەبەر رۆشنایی هەلّبژاردەکاندا بەئاشکرا دیارە لەم بەرئەنجامەوە دەسەلاتدارەکان هێزی خۆیان دەسەپێنن، بەلاّم لەبەرامبەر ئەمەدا هێزێك هەیە لەهەناوی پەیامە ئاسمانیەکانەوە هاتۆتە دەرێو سیستەمێکەو پشت بەحەق و راستی دەبەستێ) ئەمە مانای وایە دوو سیستەم بوونی هەیە یەکەمیان پشت بەدەسەلاّت و دەست بەسەراگرتن و چەوساندنەوەو یاسا ناوخۆییەکان دەبەستێ تیۆری دووەمیش پشت بەحەق و تێکۆشانی خودایی دەبەستێ، یەکێك لەبەندەکانی بەرنامەکەیان بەرپەچدانەوەی عیلمانیەتی تورکی بوو، ئەربەکان دەیووت عیلمانیەتی تورکی جیاوازیەکی تەواوی هەیە لەگەلّ عیلمانیەتی رۆژئاوا، لەوێ واتە لە ولاّتانی رۆژئاوا، ئایین جوودایە لەکارو بارەکانی دەولّەت، دەولّەت دەست وەرنادات لەکاروباری ناو کەنیسەکان، وە بە پێچەوانەشەوە کەنیسەکان پەیوەندیان نیە بەدەولّەتەوە کەچی لەتورکیا لەسەر بنەمای یاساو دەستوور بۆیان هەیە دەست

وەردەنە هەموو کاروبارە ئاینییەکان وەئـەتوانێ کـارو چالاکیـەکانیان لێقەدەغـە بکەن، واتە بەناوی عیلمانیەتەوە پەیڕەوی سیایەتێکی سەرکووت کەرانە دەکەن.
وەلەبارەی دیموکراتیەتەوە سلیمان قەرەگول دەڵێت:—
دیموکراتیەت تەنها بریتی‌نیە لەهەڵبژاردنەکان هەر بە پێنج ساڵ جارێك وبڕوامـان بەو زۆرینەیەنیە کەلە ئاکامی هەڵبژاردندا دێنە سەر حوکم، لـەبری ئەمـە بڕوامـان بـە ئیئتلافێکـی نیشـتمانی هەیـە، هـەڵبژاردن شـێوازێکی پێشـــکەوتووی هـێزە دەسەلاتدارەکانەو خەڵکی پێدەترسێنن و خەڵکیش لەترساندا هەڵیان دەبژێرن.
هەر لەم بارەیەوە ئەربەکانیش دەڵێ:
پێویستە ئەوەمان بیر نەچێتەوە کە دیموکراتیـەت مـەرام و مەبەسـت نیـە بـەڵکو تەنها ناوەندێکە، مەرام و مەبەستی ڕاستەقینە لای ئێمە بنیاتنانی سیستەمێکی بەختەوەرانەیە، لەژێر ناوی دیموکراتی‌دا یەکێك هەڵدەبژێرێت و یەکێك فـەرامۆش دەکرێ ئەمەش جۆرێکە لە ناڕەوایی دەبێتە هـۆی دروسـت بوونـی سیسـتەمێکی ستەمکارانە...
لەلایەنی ئابووریشەوە ئەربـەکان دەڵێـت: ئـەو سیسـتەمەی نـاوی (سیسـتەمێکی دادپـەروەر)ە هیـچ جـۆرە (سـوویەك - ربـا)یەکی‌تیانیـە نـەباج و نـەگومرگی تیـا نابینرێ قەرز دەدات بەهەموو کەسێك بەشێوەیەکی ڕێك و پێـك، ئـەم سیسـتەمە کۆتایی بەبێ کاری دەهێنێت نرخـی شـت و مـەك دێنێتـە خـوارەوە بەرهەمـەکان سـێ ئـەوەندەی ئـەمڕۆ زیـاتر دەکرێـن تـاوای لێدێـت تورکیـا ببێتـە گرنگـترین و بەهێزترین دەوڵەت.
وەلەبارەی پەیوەندییەکانی دەرەوە: بەپێی بەرنامەکانی ساڵی ١٩٩١ی حیزبی ڕەفا بەم شێوەیە باسی پەیوەندیـەکانی کـردوە مەبەسـتی سـەرەکی تورکیـا لـە پەیوەندییـەکانی دەرەوە بریتـین لەهـەوڵدان بـۆ پێکـــهێنانی ڕێکخراوێکـــی نەتەوەیی یەکگرتووی ئیسلامی، یادروست بوونی ڕێکخراوێکـی هاوبـەش بـەرگری لە مافە ئیسلامیەکان بکات وەیان هەوڵدان بۆ پێك هاتنی ڕێکخراوێکی هاریکـاری ڕۆشنبیری دەوڵەتە ئیسلامیەکان لەوێنەی ڕێکخراوی (یونسکۆ) ی جیهانی، ئیدی

فۆرمەلەی (سیستەمی دادپەروەری) بووە نموونەی گوتاری سیاسی حیزبی ڕەفای ئیسلامی.

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ حیزبی ڕەفا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا بەڕێژەی ٢١,٣٨٩٪ لەدەنگەکان ژمارەی کورسیەکانیان لەناو پەرلەمان گەیشتە ١٥٨ کورسی لەکۆی ٤٥٠ کورسی لەژێر کاریگەری هەڵبژاردنەکاندا حکومەتێکی ئیئتلافی دامەزرا بەسەرۆکایەتی مەسعود یەڵماز (حیزبی نیشتمانی دایك) وە بەهاوبەشی تانسۆ تشیلر (حیزبی ڕێگای ڕاست) بەڵام ئەم حکوومەتە ئەوەندە درێژەی نەکێشاو ساڵی ١٩٩٦ هەرەسی هێنا، ئەمەش هەلێکی مێژوویی لەبەردەم حیزبی ڕەفادا ڕەخساند یەکەم جار بوو لە مێژووی نوێی ترکیا حکومەتێکی ئیسلامی دامەزرێ، وەنەجمەدین ئەربەکان سەرۆکایەتی دەکرد هەمان سیاسەتی ئۆزالی پەیڕەو دەکرد وەك ئیسلامێکی میانڕەو هاتە مەیدانەوە، ئەم گۆڕانکارییە ڕێگای بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی (سیستەمی دادپەروەری) ئاسانتر کرد.

(ململانێی ئەتاتورکەکان و ڕەفای ئیسلامی)

لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥ حیزبی ڕەفا لە ٢١٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا بەهۆی ئەو بۆشاییەی لەدەسەڵاتدا پەیدا بوو هەردوو حیزبی ڕێگای ڕاست، باڵی ڕاستڕەو بەسەرۆکایەتی تشیلر لەگەڵ حیزبی گەلی کۆماری چەپڕەو بەسەرۆکایەتی دینیز بیکال ناچار بوون ئیئتلافێك پێك بهێنن، ئەمەش کۆتایی بەم بۆشاییە نەهێنا، پاش ئەمە حکومەتێکی ئیئتلافی تر دروست بوو لە نێوان حیزبی (نیشتمانی دایك) بەسەرۆکایەتی مسعود یەڵماز و حیزبی (ڕێگای ڕاست) بەسەرۆکایەتی تشیلر، وە لەئاکامدا کێشەو ناکۆکی لەنێوان یلمازو تشیلر سەری هەڵداو یەڵماز تشیلری بەوە تاوان

بار دەکرد کە سەرچاوەی فەسادە لە وڵاتدا، هەروەها لەم ناکۆکیەدا ئەریەکانیش پشتگیری لە یەڵماز دەکرد داوای لە پەرلەمان دەکرد لێکۆڵینەوە لەگەڵ تشیلردا بکرێ، بەرەنجام ئەم حکومەتەش دارماوو ئەم ئیئتلافە پووکایەوە، وەزعی تورکیا ڕووبەڕووی سێ حاڵەت بۆوە ..!!

–گەڕان بەدوای حکومەتێکی نوێدا

–هەڵبژاردنێکی نوێ

–دەستێوەردان و هاتنەوە ناوەوەی سوپا

ئەم جارەیان ئیئتلافێکی تازەتر ڕوویدا لەنێوان ئەریەکان و یەڵماز، یەڵماز خۆی ئەم ئیئتلافەی پێ باش بوو چونکە لەناو حیزبەکەیدا مینبەرێکی ئیسلامی تیابوو.

بۆشایی دەسەڵات لەساڵی ١٩٩٥ وەتاکو ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەستە تێڕوانینمانە بۆ حیزبی ڕەفا پێچەوانەوەی ئەو باوەڕەی خەڵك هەیبوو بەرامبەر حیزبی ڕەفا، ئەوان نەحیزبێکی ئوسولین و نەسەلەفیشن جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە لەچاو باقی حیزب وڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ناو دەوڵەتە عەرەبییەکان، پاش لێکۆڵینەوەو ووردبوونەوە لەهەڵبژاردنەکاندا لە (٤١٪)ی ئەو کەسانەی دەنگیان بۆ حیزبی ڕەفا دابوو لە عیلمانیەکان پێك هاتبوون، وە لە (١٧٪) ئەو کەسانەی بڕواومتمانەیان بەسوپا هەبوو بەڕەمزی عیلمانیەت لەقەڵەم دران...

لەو سەردەمانەدا حیزبی ڕەفا نەیدەویست جێ بەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام بکاتە بەرنامەیەکی هەنووکەیی و دەست بەجێ، سەقامگیرکردنی سەد دەرسەدی ئیسلامەتی بەرنامەی دوورو دوا ڕۆژیان بوو ئەوەی بەنەزەری ئیعتبار وەریان دەگرت پرنسیپەکانی دیموکراتیەت و ڕێزگرتن بوو لەمافی کەسەکانی گەلی تورك خیتابی سیاسی حزبی ڕەفا لە ڕەفتارو خووڕەوشتە سوونەتیەکانی کۆمەڵگای تورکیەوە سەرچاوەی دەگرت، دادوەری کۆمەڵایەتی ئامانجیان بوو، دژی کەوتنەدوا - التبعیةی کوێرانەی ڕۆژئاوا بوون. ناڕازی بوون بەوەی ئیسلام دەست

بگرێت بەسەر تەواوی گۆڕەپانی سیاسیدا، (ئیحسان داغی) یەکێکە لەمامۆستاکانی زانکۆی تەکنەلۆجی لەئەنقەرە وە مامۆستا وانەی (پەیوەندیە دەولیەکانە) دەڵێت: لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سیستەمی سیاسی تورکیا لە تاك حزبییەوە بۆ فرەحیزبی، کە ئەمە ساڵی ٩٤٥ لەزەمەنی سەرۆك (عیسمەت ئینۆنۆ)دا ڕوویدا، چالاکی ئیسلامیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لەزیادی کرد، چاودێرە ڕۆژئاواییەکان ئەمەیان ناونا (ڕابوون - صحوة)ی ئیسلامی. وەحیزبی دیموکراتی کە (مەندریس) سەرۆکایەتی دەکرد ڕێگای دا بەپێشکەش کردنی بەرنامەی ئایینی لە ئێستگەکانداو فەرمانیدا (بانگ دان) بەزمانیعەرەبی بێت کەلەمەوپێش قەدەغە بوو، هەروەها فەرمانی دەرکرد بەکردنەوەی دەرگای مەزاری پیاوچاکان.

ئەمەی حیزبی دیموکراتی کردی هاوسەنگیەکیدا بەوەزعەکان لەڕێبازی (ئەتاتورکیە زیادەڕۆکان)ی کەم کردەوە، توانیان هەریەك لەداب و نەریتە ئیسلامیەکان و ریفۆرمە عیلمانیەکان لەتای تەرازوویەکدا ڕاگرن. لەگەڵ ئەمەشدا حیزبی دیموکراتی توانی چەند چین و توێژێکی نوێ، کەلە جوگرافیای نیشتمانەکەیاندا لەپەراوێزدا بوون بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لەپاڵ چین و توێژە ئیسلامیەکاندا ڕیزبەندییان بکات. لەتورکیا تا ساڵی ١٩٦٠ هێزی کێش کردن بەرەو ئیسلامەتی بەردەوام بوو، لەو بارودۆخە نەجمەدین ئەربەکان توانی خۆی بەخەڵك بناسێنێ وەلەساڵی ١٩٧١ حیزبی (سەلامەتی نیشتمانی) دامەزراند بوو لەساڵی ١٩٧٣،١٩٧٧ توانی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات هاوبەشی لە حکومەتە ئیئتلافیەکاندا بکات لەو ماوەیەدا زیاتر خیتابە سیاسیەکانی ڕووبەڕووی ڕۆژئاواو سیستەمی سەرمایەداری دەکردەوە، تاکو ساڵی ١٩٩١ حیزبی ڕەفا بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردەوە بەهاوبەشی لەگەڵ حیزبە نیشتمانیە ڕاستڕەوەکاندا وەلە ١٧٪ی بەدەست هێنا، بەسوود وەرگرتن لەو بارە ئابووریە ناهەموارەی تورکیای تێکەوتبوو وە قۆستنەوەی ئەم حاڵەتە بۆ سەرکەوتنە سەر کورسی حوکم.

خەونەکانی ئەربەکان

هەرلەبیستنی پێك هێنانی حکومەتێکی نوێ لەلایەنئەربەکانەوە سەرۆکی (حیزبی رەفا)، ئەورووپا نیگەرانیخۆی پیشان دا، لەبەر ئەوەی دروشمەکانی ئەربەکان لەکاتی هەڵبژاردندا زۆربەی لەدژی رۆژئاوا بوو، وە ناوەڕۆکی دروشم و داخوازییەکان بریتی بوون لە پێك هێنانی نەتەوەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی وەیەکێتی گومرگی ئیسلامی، رێکەوتنێکی سەربازی ئیسلامی، دوای هاتنە سەرکار لە حکومەتە نوێکەیدا لەیەکەم ووتاریدا رایگەیاند کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا بەهێزتر دەکات بەتایبەتی لەگەڵ ئێران و سوریا، چاوێکیش دەخشێنێتەوەبە رێکەوتنە سەربازییەکەی نێوان تورکیاو اسرائیل دا، دەبێت گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق لابرێ، وەچەکوشی ئامادەکە (ئەمریکا -بەریتانیا - فەرەنسا) پێکیان هێناوە پێویستە هەڵگیرێت ئەمانە هێزێکی صەلیبین ئامانجیان دابەش کردنی عێراقەو دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردییە، وەزیان دەگەیەنێت بەبەرژەوەندییەکانی تورکیا...

ناوەڕۆکی بەرنامەی حکومەتە ئیئتلافیەکەی ئەربەکان و تشیلر بەم جۆرە بوو: پاش ساڵێك حوکم کردن لەنێوان هەردوولادا گەرهاتوو حوکم کردنە کەسەلبی بوو ئەوا دەبێت ئەربەکان واز لەسەرۆکایەتی بهێنێو بەجێی بهێڵێ بۆ تشیلر داوای هەڵبژاردنێکی تازە بکرێت... وەزیری دەرەوەی پێشوو (مومتاز سویسال) ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردو رای گەیاند: ئیسلامی سیاسی بۆتە گرفتێکی ناوخۆی ئەورووپا، بەتەنها تورکیا وولاتێکی ئیسلامیە وەك ئەندامێك لەناو یەکێتی ئەورووپیدا، جگە لەوەی کە پەیوەندییەکانی تورکیا بە ئەورووپاوە لە پەیوەندی وولاتە ئیسلامیەکانی تر بەهێزترە، ژمارەی ئەو تورکە کۆچ کردوانەی لە ئەڵمانیادان ملیۆنێك کەسن، بۆیە هەچ کاتێك ئەربەکان بیروبۆچونە ئیسلامیەکەی خۆی توندتر بکاتەوە ئەورووپاش زیاتر نیگەران دەبێت. بەلام ئەمەریکا

هەڵوێستێکی جیاوازتری هەبوو پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەوروپا بوون هەر وەك (مادلین ئولبرایت) وەزیری دەرەو نوێنەری ئەمەرکیا ئەو کاتەی دانیشتەکانی لەگەڵ ئەریەکاندا ئەنجام دابوو رایگەیاند سەرۆکی وەزیران بەشێوەیەکی دیموکراتیو دەستووری هەڵبژێردراوە وەئولبرایت ئاشکرای کرد ئەو نامەیەی لەلایەن ئەمەریکاوە رووبەرووی کراوەتەوە ئەربەکان لێی تێگەیشتووە دەقی نامەکەشی بریتی بووە لەبەردەوام بوون لەسەر دیموکراتیەت و گرنگی دان بەلایەنی ئابووریو بازرگانیو پەیوەندییە دەوڵەتیەکان و پەیمانی ناتۆو بنەماکانی عیلمانیەت و ئیسرائیل و مەسەلەی عێراق...

تێڕوانینەکانی ئەمریکا لەسەر ئەربەکان...!!

(پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەلات) دامەزراوێکی ستراتیجی سیاسیە، پاش لێکۆڵینەوەو خۆئامادەکردن لە راپۆرتێکی گرنگ دا تێڕوانینەکانی ئەمەریکای سەبارەت بەئەربەکان وحکومەتەکەی بڵاوکردەوە کەبەم شێوەیە بوو.

*وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەپشت بەستن بەسیاسەتەکانی خۆی رێگای داوە بەهاتنە سەر حوکمی (حیزبی رەفای ئیسلامی) بەلەبەر چاوگرتنی ئیسلام وەك جوڵاندنەوەیەکی سیاسیو رووشنبیریەکی ئاینی، بەلام دژی کارە تیرۆریستیو توندو تیژییەکان دەوەستێتەوە کەلە پێناو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان پێی هەڵدەستن.

*علمانیەت مەرجێکی سەرەکی ئەمەریکا نیە بۆ بەردەوام بوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا رۆژێك لەرۆژان مەرجی عیلمانیەت نەبۆتە یەکێك لەبەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا وە هیچ سیستەمێکی نا عیلمانی تر زیانی نیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکی.

*خیتابە سیاسیەکانی ئەربەکانی سەرۆك وەزیر بریتین لەووشە ئیسلامیەکان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ووشەی نیشتمانی و نەتەوەیی تێدایە هەرچەندە ئەمەش پێشینەیەکی ئایدۆلۆجی هەیە بەڵام جۆرێکە لەشێوازی تاکتیکیو پراگماتیکی، لە پێناو شاردنەوەی تەرتیباتە ئیسلامیەکان و جیاکردنەوەیان لەدامەزراوە سەربازییە عیلمانیەکان، تەنها کات و ساتەکانی داهاتوو بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ئایا ئەربەکان دەبێتە ئیسلامێکی دیموکراتی یان نا؟!

*ڕاگەیاندنەکانی ئەربەکان پێچەوانەی یەکترن لەهەندێ شوێندا تەم و مژێکی پێوەدیارە بۆ نموونە: ئەربەکان دەڵێت حکومەتەکەمان پابەندی هەموو ئەو ڕێکەوتنامانەن کە پێش خۆمان ئیمزا کراوە کەچی لەلایەکی ترەوە دەڵێت ئێمە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتنامانە جێبەجێ ناکەین کەزیان دەگەیەنن بەئاسایشی نەتەوەییو نیشتمانیەکان.

*هێشتا دەرگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم ئەربەکاندا نەکراوەتەوە، وەنابێت سازش لەگەڵ سووریا بکات و چوکیبۆدا بدات وە هەچ کاتێکیش لە ئێران نزیك بۆوە ئەوا ئێران دەبێتە مونافسی ئەنقەرە بەتایبەتی لە ئاسیای ناوەڕاست، وە بەهۆی باڵادەستی ئەمەریکاوە لەوانەیە ئەربەکانیش ناچار بێت لەعێراق نزیك بێتەوە.

*لەهەندێ حاڵەتدا سوپا خەتێکی سوور دیاری دەکا ئەربەکان خۆی ناتوانێ ئەو خەتە سوورە بکێشێ ئەو گۆڕانکاریە ناوخۆ کۆمەڵایەتیانەی لەتورکیا ڕوودەدەن کاریگەرییەکی خراپیان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکی، دامەزراوە سەربازییەکان ئەم کاروبارانە بەڕێوە دەبەن بەو ڕێگایانەی خۆیان دەیزانن.

لەکاتی دەست بەکاربوونی ئەربەکانەوە تا ڕۆژی وازهێنانی لە حوکم ١٩٩٧ ڕووبەڕووی چەند قەیرانێکی ناوخۆ بۆوە لەسەر ئاستی ئابووریو کێشمەکێشی حیزبە سیاسیەکانی تر پاشەکشەیەکی زۆری کرد لەو خیتابە سیاسیەی

پەیڕەوەی دەکردو لەو دروشمانەی لەساتەکانی هەڵبژاردندا بەرزی کربۆوە سەرەڕای ئەو بنکە جەماوەریەی کەهەیبوو.

لەماوەکانی حوکم کردنیا ئەربەکان بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی عیلمانیەتی ڕۆژئاوا وێرای ئەو پەیمان و بەڵێنەی کەبەخەڵکی دەدا لەسەر پێکهێنانی نەتەوەیەکی ئیسلامی کەچی دەستە پاچە بوو لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنە سەربازیەکەی تورکیاو اسرائیل و چاوخشاندنەوە بەیەکێتیە گومرگیەکان.

ئەربەکان ماوەی پێنج ساڵ لەناو پەرلەماندا بەرهەڵستی ماوەی درێژ بوونەوەی چەکوشی ئامادەی دەکرد کەچی کاتێك دەسەڵاتی گرتە دەست ماوەکەی درێژ کردەوەو ڕێکەوتنێکی تازەتری لەگەڵ اسرائیل دا مۆرکرد ئەمانە پێچەوانەی خواستەکانی پێشووی بوون جگە لەوەی کە بەنیاز بوو جۆرە دراوێك دەرکات بەناوی(دیناری ئیسلامی)و دانانی بانکێکی مەرکەزی ئیسلامی کەچی ئەم هیواو ئاواتەی هەڵوەریو نەهاتەدی.

ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کەدابووی لەو ساتانەی کەخۆی لەبەرەی ئۆپۆزیسیون دابوو بەتەواوی پێچەوانەی ئەو سیاسەتە بوو کەلەکاتی حوکم کردندا پەیڕەویی دەکرد.

ئایا ئەوە چۆن لێك دەدرێتەوە...؟!

ئەندامە پێشکەوتووەکانی ناوحیزبی ڕەفا بۆیان ڕوون کردمەوە سێ لێکدانەوەیان هەبوو بۆ ئەم حاڵەتە، ووتیان:-

*کاتێك حیزبمان دەسەڵاتی گرتە دەست هیچ ئامادەیی‌یەکی پێش وەختمان نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات کەسمان لەو باوەڕەدا نەبووین بەو خێراییە بگەینە دەسەڵات، پێشبینیەکانی ئێمە زۆر دوور بوون، خۆشمان بەتەنها نەمان ئەتوانی ئەم لێپرسراوێتیە بگرینە ئەستۆ و لەگەڵ هیچ حیزبێکی تردا بەشداریمان نەبوو.

ئەم لێکدانەوەیەش بەواتای خۆیان دیارە بەتەنها وویستویانە حوکم بگرنە دەست لەپاشان ناچار بوون کە ڕێکەوتن لەگەڵ حیزبێکی تردا فەرز بکرێت بەسەریاندا...

*لێکدانەوەی دووەم: پێیان وابوو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو دامەزراوە سەربازیەکان لەسەرەتاوە هێڵێکی سووریان بۆ ئەربەکان دەست نیشان کردبوو تاکو توانای ڕووبەڕوونەوەی سوپاو ئەمەریکای نەبێت کەواتە مانای وایە کەمەسیاسیەکان لەدەست خۆیاندا نەمابوو.

*لێکدانەوەی سێهەم: سیاسەتی ئەربەکان زیاتر سوور بوو لەسەر لایەنە ئابووریەکان و وەزعی ناوخۆ، وە لەم ڕووانگەیەوە بڕیارێکی دەرکرد بەزیادکردنی مووچەی کرێکاران بەڕێژەی ٥٠٪ و لەگەڵ تشیلردا ڕێکەوت لەسەر سیاسەتێك بۆ هێنانە خوارەوەی هەڵئاوسان و چاککردنی هاوسەنگی دەوڵەت نەهێڵێت نرخی لیرەی تورکی لەوە زیاتر بێتە خوارەوە، کەنرخی دۆلارێك بریتی بوو لە ٨٣ هەزار لیرەی تورکی، وە دیاردەی بێکاریش کەم کاتەوە کە تێکڕای ڕێژەی بێکاران گەیشتبووە (١٧٪).

هاوکاری سەربازی تورکیا - ئیسرائیل
و
کێشەی نێوان سوپاو ئیسلامیی سیاسی

لەچاو پێکەوتنێکدا لەگەڵ (سیڤی تشان) سەرۆکی پەیمانگای سیاسەتەکانی دەرەوە ڕایگەیاند کە: سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کەوتۆتە ژێر کاریگەری فاکتەری جوگرافیاو لایەنی ئابووریو مێژوویی‌و بارودۆخە کۆمەلاییەتی‌و سیاسی‌یەکان و وەزعی دەولی، بارە جوگرافیەکەی کەوتۆتە نێوان ئەورووپاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە لەیەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە درێژ دەبێتەوە

لەسەر هەردوو دەریـای ڕەش و ناوەڕاست، لەبەر ئەم هۆیانە لـەکاتی جەنگی ساردا گرنگیەکی تایبەتی هـەبوو بۆ ئـەورپاو ئەمـەریکا وەلـەباری مێژوویی یـەوە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی یەوە ژمارەیەکی زۆر لەتورکەکان بە وولاتانی ئاسیای ناوەڕاست و بەلقان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا بڵاوبوونـەوەو وە مانەوەیان لەم شوێنانەدا بوو بووە هۆی دروست کردنی خزمایەتی لەگەڵ کۆمارە ئیسلامی یەکان و وولاتەکانی ناوەڕاستی ئاسیا ئەمـەش هـاو سۆزییەکی دروست کردووە لەگەڵ ئەم وولاتانە، وە دوژمنایەتیشی هەیە لەگـەڵ یۆنـان و ئـەرمینیا و هـەندێ وولاتـانی عـەرەبی. تورکیـاو ئیسـرائیل دوو وولاتـن کـە خەسـڵەتێکی جیاوازیان هەیـە کەوتونەتـە سـەر سنوری وولاتــە عەرەبی یـەکان کـەچی وەك سیاسـەت و ڕۆشـنبیری وابەستەن بـە ئەمـەریکاو ئـەورپاوە، لەلایـەکی تـرەوە تورکیـا وەك ئیسـرائیل چـوار دەوری دراوە بەچـەند دراوسـێیەکەی دوژمـن وەك ڕوسـیاو ئـەرمینیاو ئـێران و سـوریاو عـێراق و یۆنـان و بولگاریـا، ئـەم زەمینـە هاوبەشە هەردوکیان بەیەکەوە گرێدەداو بارو دۆخێکی گونجاوی دروست کردووە تا هەردوو لەیەك نزیك ببنەوە..

پاش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی جـەنگی ساردو دۆڕاندنـی عـێراق لەجـەنگی کـەنداو، گرنگـی سـتراتیجی تورکیـا بـۆ ئەمـەریکاو نـاتۆ کـەم بـۆوە، ئەورپاش ڕێگرە لەچوونە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەورپی نەك بەتەنـها لەبـەر زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتوان و زیـادبوونی بێکـاریو هاتنــە خـوارەوەی داهـاتی تاکـە کەسـی تورکـی بـەڵکو بـەهۆی کێشـەی قوبـرس و پشـت بەسـتن بەتواناکانی خۆیو سەرباری ئەوەی کە تورکیا تەنها وولاتێکی ئیسلامی یە هـەوڵ ئەدات بۆ چوونە ناوەوەی یەکێتی ئەورپا، بە حوکمـی ئـەو پێگەیـەی تورکیـای تێدایە دەیـەوێت بـەدوولادا خـۆی بجولێنـێ لەلایەکـەوە بـەرەو دراوسـێکانی باشـووری وەك ئـەرمینیاو ئازربینجـان و بلغاریـاو جورجیـاو یۆنـان و مولودوفیـاو ڕومانیا و ڕوسیا بۆ ڕێکخستن و هاوکاریەکی ئابووری لەسەر دەریـای ڕەش بـەڵام لەم حاڵەتەدا خاڵێکی لاوازی تیا دەبینرێ چونکە لەم ناوچانەدا توشی نـەبوون و

کەمی سەرمایەی پێویست دەبێتەوە بۆ هەڵسوڕانی ئەم کارە هەروەها ئەم ناوچانە کێشەو ململانێتیی سیاسیو سەربازی تیا دەبینرێ.

جوڵانەوەی دووەم لەدوای سالی (١٩٩٠)وە بوو بەتەنیشت دەریای ڕەشەوە بەرەو چوار کۆمارە تورکیەکەی ناوەڕاستی ئاسیا (ئازربیجان و کازاخستان و تورکمانستان و ئوزبەکستان)، بیروڕای تۆرگوت ئۆزال وابوو کە هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و تێڕاندنی عێراق لەجەنگی کەنداو هەلێکی لەبارە کە ئەو چوار کۆمارە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لەژێر کاریگەری ئیمبراتۆریەتی ڕووسی دەریان کێشێتە دەرەوە ئەمەشیان تەنها لەچوار چێوەیەکی تیوریدا مایەوەو نەچووە قالبێکی عەمەلیەوە ئەم هەوڵەش بەهۆی مردنی ئۆزالەوە پوکایەوە. جگە لەمانەش دەیەوێت بەرەو ئیسرائیل خۆی کێش بکات، سیاسەتمەدارانی تورك ساڵی ١٩٩٥ لەوباوەڕەدا بوون کە ئاشتیەك لەنێوان سوریاو ئیسرائیل دا مۆر دەکرێ ئەمەش مانای بەهێزبوونی سوریایە لەبەرامبەر تورکیا یاخود لەوە دەترسان گەر سووریا کێشەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل کۆتایی پێ بێنێت ئەوا لەوانەیە بێتە وێزەی تورکیاو گێچەڵی پێبکات و ببنە هۆی بەهێز کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K) و هانیان بدەن بۆ جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، ئەنقەرە دەترسا ڕێکەوتنێکی لەم جۆرە بێتە کایەوەو بەهۆی ئەمەشەوە بۆ بەدەست هێنانی ئاو کە ئیسرائیل لەسوریای وەرگرێت و مەترسی بخرێتە سەر پرۆژەی (GAP)، بۆ بەدەست هێنانی ئاوی پێویست لەلایەن ئیسرائیلەوە ناڕەزایی لەلایەن دەوڵەتە عەرەبیەکانەوە بەرز بێتەوە بۆ سەر ئەم پرۆژەیە.

گرفتی ئاو دەکرێت لەچوار چێوەیەکی ئاشتی یا هاریکاریی‌یەکی ئیقلیمی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەربکرێت بەڵام کێشەی (P.K.K) لەلای تورکیا لەکێشەی ئاو گرنگترە بەبێ چارەسەر سەیری دەکات، وەك (ممتاز سویسال) وەزیری دەرەوەی پێشوو دەڵێ ئێمە لەگەڵ هەردوو وڵاتی سوریاو عێراقدا

پێشنیاری كێشـەی ئاومـان كـردووە دەتوانـین چارەسـەری بـۆ بدۆزینـەوە بـەڵام كێشەی (P.K.K) لەكێشەی ئاو گەورەترە...!!

بۆ بەرەو پێش چوونی پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئیسرائیل دا توركیا هەوڵی ئـەدا لەچوار چێوەیەكی دەولیـەوە سـوود وەرگرێـت سـاڵی ١٩٩٠ توركیـا پرۆژەیـەكی خستە بـەردەم ئیسـرائیل بـۆ فرۆشـتنی ئـاوی خـواردن بەدەوڵەتـە عەرەبیـەكان بەهۆی كۆمپانیایەكی توركیەوە لە قوبرس. وە لەكاتی دەستپێكردنی پرۆسەی ئاشـتی عـەرەب - ئیسـرائیل سـاڵی ١٩٩١ لەمـەدرید ئیـتر توركیـا پێویسـتی بـە شاردنەوەی پەیوەندییـەكانی نـەبوو لەگـەڵ ئیسـرائیل وە داواشـی لـە عـەرەب دەكرد بۆدان پیانان بە حەقیقەتی ئیسرائیل دا.

ئایا توركیا بەدوای چیدا دەگەرێت؟

بەپلەی یەكەم توركیا دەیەوێت كۆمـەك و یارمـەتی سـتراتیجی لەلایـەن ئیسـرائیلەوە بـۆ خـۆی بەدەسـت بێنـێ لەبـەرەكانی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتداو رووبەرووبونەوەی كێشەكانیو وەك كێشەی ئاوو سنوورو نەهێشتنی توندو تیژیو ئاژاوەكاری. وە لەبارەی ئەو رێكەوتنە سەربازیانەی توركیاو ئیسرائیل، دەبوایـە ئیسـرائیل پاڵپشـتی توركیـا بكـات وەك یارمـەتی تەكنـەلۆجیو ئـەلكترۆنی، وەمـانۆری هاویـەش لـەنێوان هـەردوولا، بەگەرخستنەوەی فرۆكـە جەنگیـەكانی توركیا، گۆرینەوەی زانیارییەكانی هەواڵگیریو پـەرەپێدانی پیشەسـازییەكانی توركیا...، وە ئەنقەرەش هەوڵی ئەدا بۆ پرۆژەی فرۆشتنی (٢٠) ملیـۆن تـەن ئـاو بەیارمەتی ئیسرائیل لە باشووری قوبرسەوە رەوانەی دەرەوە بكات.

وەزیری دەرەوەی پێشوو (سوسیال) دەڵێت: ئیسرائیل و توركیا پەیوەندییەكی باش و راستەوخۆیان هەیە لەبواری بازرگانیو وەبەرهێنانەكان - استثمار، وبوارە گەشت وگوزارییەكان.

وەئێستا (٤٣) کۆمپانیای وەبەرهێنانی ئیسرائیلی بوارە جۆراو جۆرەکان لەناو تورکیان تەنانەت حکومەتە ئیئتلافیەکەی ڕەفاو ڕێگای ڕاستیش نەیان توانی چاویان بنوقێنن لەئاست سەرمایەکانی ئیسرائیل دا، هەموو حیزبە سیاسیەکانی تورکیا پێشبڕکێیان بوو بۆ بەدەست هێنانی سەرمایەی تورکی، حیزبی ڕەفا دەیووت تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل دا درێژە پێدەدات بەبێ گوێدانە بیروبۆچونە عەقائیدییەکانمان چونکە لایەنە ئابورییەکان فراوانتر بوون و بەرژەوەندییەکانی تورکیا ڕەچاو دەکەین هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ (٨٠٠) هەزار ئیسرائیل سەردانی تورکیایان کردووە. بێجگە لەمەش تورکیا هەوڵی زیاتری دەدا بۆ بەگەڕخستنی چەند پرۆژەیەکی سیاحی هاوبەش. وە ئیسرائیلیش داوای یارمەتی لە تورکیا دەکرد بۆ پشتگیری کردنی (لۆبی یەهودی - جماعة ضاغطة)تاکو ببنە کارتێکی سیاسی لەسەر تورکیا، ئەوەی جێگای باسە نزیکەی (٢٤) هەزار یەهودی لەتورکیایە، وە لە ئیسرائیلیشدا (١٢٠) هەزار تورکی یەهودی هەیە.

تورکیا دەرگای ڕێکەوتنەکانی والا کردبوو بۆ بوارەکانی تریش سەرۆك وەزیرانی پێشوی ئیسرائیل دەریخست کە پێشنیارێکی (ئەردەنی)مان بەدەستەوەیە بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنامەیەك لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل و ئەردەن و عێراقی دوای (سەدام حسێن) لە پێناو ڕوویەڕووبونەوەی هەر مەترسیەکی چاوەڕوان نەکراو.. ئەو ئەندامانەی حیزبی ڕەفا کەمن دیدارم لەگەڵدا کردوون بۆیان ڕوونکردومەتەوە کەئەم ڕێکەوتنە لەسەرو خواستی وولاتە یەککرتووەکان کراوەو لەبەر خاتری بەرژەوەندی ئیسرائیل، ئەو سەرچاوانە ڕوونیان کردەوە کەدامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا لەپشتی پەردەوە زۆر بەووریایی لەهەموو ڕێکەوتنەکان ئاگادارن بەتایبەتی ئەو ڕێکەوتنانەی لەسەر تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکان دەکرێت بەهاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیل دا وە لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجام ئەدران، وە دێهاتەکانی ئەم ناوچانەیان بەتەواوەتی چۆڵ کرد بەبیانووی چالاکیەکانی (P.K.K) وە تا بیکەنە گۆڕەپانێك بۆ تاقیکردنەوە هاوبەشەکانی هەردوو وولات.

لەمیانەی ئەم ڕێکەوتنانەدا کۆمپانیای ئیسرائیلی (ئێرۆسپیس ئەندستریز) کورت کراوەکەی (I.A.I)ە ڕێکەوتنامەیەکی مۆرکرد بەخستنەوەگەڕی (٥٤) فڕۆکەی جەنگی لەجۆری (آف ٤) وە پڕچەککردن و پێشخستنی بەچەند دەزگاو پارچەی ئەلەکترۆنی وەنرخی تێچوونەکەی (٦٠٠) ملیۆن دۆلار بوو لەشێوەی قەرزدا وە لە قۆناغی یەکەمدا (٢٦) فڕۆکەی دایەوە بە تورکیا بەیاوەری چەند ئەندازیارێك و چەند کەسێکی هونەری بۆ فێربوون و ڕاهێنانی تورکەکان، وە لەپاڵ ئەم ڕێکەوتنانەشدا هەر لەو ماوەیەدا چوار ڕێکەوتنامەی ئابووری و بازرگانی لەنێوان هەردوولا مۆرکرا.

لەسۆنگەی هەموو ئەم ڕێکەوتنانەی تورکیاو ئیسرائیل بەشێوەیەکی گشتی هەریەك لەباڵە جیاجیاکانی ناو حکومەتی تورکی ڕای خۆیان بەم شێوەیە ڕوون کردەوە:-

نوێنەری باڵی ڕاست: پێویستە تورکیا بەرژەوەندیەکانی خۆی هەمیشە بۆ ئێستاو بۆ دواڕۆژیش لەبەرچاو بگرێت.

نوێنەری باڵی چەپ دەیووت: پەیوەندیە ئابووریەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل دەبێت لەسەر حسابی پەیوەندی دەوڵەتە عەرەبیەکان نەبێت.

نوێنەری حیزبی ڕەفاش دەیووت: بەهۆی بەرفراوان بوون و گەورەتر بوونی پەیوەندییە ئابووریەکان، تورکیا دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا ببەستێت گەر لەبەرژەوەندی خۆیدا بێت بەمەرجێك پەیوەندییەکان زیانیان بۆ سەر بیروڕاکانی ئیسلام نەبێت.

ڕەفا ... و هاریکاری تورکی ئیسرائیلی.

چۆکدادان و سازشکارییەکانی ئەربەکان بۆ سوپا ببووە هۆی شاردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا – ئیسرائیل، وەزیری بەرگری تورکیا (تورهان تایان) ئاشکرای کرد کە مەشقە سەربازییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل لەلایەن ئەربەکان و حیزبەکەیەوە پاڵپشتی لێدەکرێت و هەروەها ڕۆژنامەی (میلیات)ی تورکی بڵاوی کردەوە پیاوانی حیزبی ڕەفا تەنها بوونەتە بینەر لەهاریکارییە سەربازییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، سیاسەتەکانی ئەمەریکا خۆی داڕێژەری ئەم نەخشانەیە بێ گوێدانە حکومەتی تورکی، وە لایەکی ترەوە (عبدالله گول) جێگری حیزبی ڕەفا ئەم قسانە بەدرۆ دەخاتەوە دەڵێت لە کۆبوونەوەکانداو بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم ڕێکەوتنانە ئەربەکان خۆی لەگەڵ سەرۆکی ئەرکان (جەنەڕاڵ ئیسماعیل حەقی)دا، دادەنیشت و بڕیاریان لەسەر دەدا.

یەکێك لەڕێکەوتنامەکان کۆبوونەوەی مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٩٧ بوو لە ئەنقەرە لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل وە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنەش خۆ ئامادەکردن بوو بۆ سەر ئەو مەترسیانەی لەداهاتوودا ڕەنگە دوچاریان بێتەوە لەلایەن وڵاتانی (ئێران و سوریا) وە بۆیە ناویان لێنا ڕێکەوتنی (پێشبینی مەترسیەکان).

ئەم ڕێکەوتنەش بەبێ ئاگاداری سەرۆکی حکومەت (ئەربەکان) بوو هەرچەندە کەخۆی پێشوازی لەوەزیری دەرەوەی ئیسرائیلی کرد، وە کاتێکیش ئەربەکان کەوتە گفت و گۆ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلی باسی لەجۆری ڕێکەوتنەکە نەکرد بەڵکو باسی لەگرنگی شاری (قودس) بۆ کرد کە پایتەختێکی گرنگی ئیسلامەکانە، کەچی وەزیری دەرەوە بەرپەرچی دایەوەو پێی ڕاگەیاند هەرگیز قودس نابێتە پایتەختی هیچ دەوڵەتێك وتەنها پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیلە.

ئەریەکان بەشێوەیەکی جیاوازو جۆراو جۆر مامەڵەی لەتەك (هاوسەنگی هێزەکان)دا ئەکرد:

لەناوەوە: تەرازووی هێزی سیاسەتی تورکی داشکاند بەلای فەرمانڕەوا سەربازییەکاندا.

لەچوارچێوە ئیقلیمیەکاندا: ئیسرائیلی وەك هێزێکی دەسەڵاتدار پێشان دا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەجیهاندا: سەلماندی ئەمەریکا تاك جەمسەرە لەسیستەمی دەولیدا.

ئەریەکان باوەڕێکی چەسپاوی بەپرنسیبەکانی خۆی نەبوو بەڵکو باوەڕێکی لەرزۆك و ناجێگیری هەبوو بۆ نموونە لەڕووداوەکەی مانگی شوباتی ساڵی۱۹۹۷ سەرۆکی شارەوانی لەئەنقەرە کۆبونەوەیەکی میللی بەدانیشتوان کرد بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەسیاسەتەکانی ئیسرائیل لە قودس، وە لەئاکامدا سوپا ئابڵوقەی دان سەرۆکی شارەوانی گیراو خرایە زیندانەوە کەچی ئەریەکان بێدەنگ بوو لەئاست ئەم سوکایەتی پێکردنەو نەیتوانی هەڵوێست بگرێتە بەر ئەترسا لەوەی لەگەڵ سوپادا تێك هەڵچێت.

بۆ خۆ دەرخستن وخۆ نیشاندان وەك (مجاهدێك) لەبەردەم دۆست و موریدەکانیو ئەندامانی ناو حیزبەکەیو هاوسۆزانی لەدەوڵەتە ئیسلامیەکانی دراوسێ، ئەریەکان چەند گەشتێکی کرد بۆ دەوڵەتە ئیسلامیەکان وەك ئێران و لیبیا وە هەر زوو سوپاو پیاوە سەربازییەکان لێ ی هاتنە وەڵام و کەوتنە بەر ڕەخنەی ئەوان، یا کاتێك ڕێکەوتنە سەربازییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بەبێ ئاگاداری ئەریەکان دەکران کەچی ئەم پاساوای بۆ دەهێنانەوە یاخود لەناچاریا بێدەنگ دەبوو.

وە ئیسرائیلیش لای خۆیەوە پەلەی دەکردو بەگوڕو تینێکی خێراوە ڕێکەوتنەکانی ئەنجام ئەداو پروپاگەندەی بۆ دەکرد تاکو ئەریەکان شەرمەزار کات و جوڵەی لێبڕێ لەبەردەم بنکە حیزبییەکەیدا.

بەپێی سەرچاوەکان و ئەو زانیاریانەی دەستکەوتوون ئیسرائیل (٢٤) ڕێکەوتننامەی سەربازی لەگەڵ تورکیا ئیمزا کردووە گرنگترینیان ئەمانەن:-

*پڕۆژەی بەگەڕخستنەوەو نوێ کردنەوەی فڕۆکەی اف ٤.

*پڕۆژەی بەگەڕخستنەوەو نوێ کردنەوەی فڕۆکەی اف ٥.

*دروست کردنی فڕۆکە بۆ مەشق بەبێ فڕۆکەوان، بە فڕۆکەوانەوە بۆمەبەستی چاودێری.

*پڕۆژەی هاوبەشی (ئیسرائیل و ئەمەریکا) بۆ پەرەپێدانی مووشەك لەدژی مووشەکی (پاتریۆت).

*پێش خستنی تانکی (ام٦٠)، وە کڕینی ٦٠٠ تانك لەجۆری (مێرکۆری).

*گۆڕینی تفەنگی سوپای تورك بە گۆڕینی تفەنگی ئیسرائیلی (رایفال).

*بەخشینی ئامێری ئەلکترۆنی تایبەت بەچاودێری کردنی سنوور، بەتورکیا.

*هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و پلەی مەترسیەکان هەر بە (٣)مانگ جارێك لەسەر ئاستی پیاوانی شارەزاو هونەرییەکانی ناو وەزارەتی بەرگری.

*گۆڕینەوەی زانیاریە هەواڵگیرییەکان - الاستخباریە بەشێوەی (کۆد)ی نهێنی.

*دروست کردنی فڕۆکەی اف١٦ بەهاوبەشی هەردوولا.

لەگەڵ ئەوەی کە حیزبی ڕەفای ئیسلامی لەسەر حوکم بوو، وە نەجمەدین ئەربەکان لە سەرۆکایەتیدا بوو زۆربەی ڕێکەوتنە سەربازییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەو کاتانەدا مۆرکران.

کادێرو هەڵسوڕاوەکانی حیزبی ڕەفاش پاساوی خۆیان هەبوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم کارانە بەم شێوەیە بەرگریان لەخۆیان دەکرد، (عبدالله گۆل) جێگری سەرۆکی ڕەفا کە وەزیری دەوڵەت بوو ئەیووت:

ڕێکەوتنەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل پێش هاتنە سەر حوکمی ڕەفا بوو، وە یا دەڵێ ئێمە بەتەنیا حکومەتمان پێك نەهێناوە حکومەتیش بەتەنها بریتی نیە لە حیزبی ڕەفا، حکومەتەکەمان حکومەتێکی ئیئتلافیە بۆیە ئەم سازشانەمان کردووە. وە هەر لە میانەی ئەم بەرگریکردنەیدا دەڵێت ئەم ڕێکەوتنانەی لەم

جۆرەن بریتین لەبەرژەوەندی، وە بەمانای ئیسلامی یەکەی (پێویستییە)، توركیا پیلانی خۆی هەیە بۆ نوێکردنەوەی هێزە چەکدارەکانی، مافی تەواوی خۆیەتی وە پێویست بوو لەم بوارەدا ئەمەریکا هاوکاریو دەستپێشخەری خۆی بکردایە بۆ تورکیا بەڵام ئەمەریکا بریاری نەدا بۆیە تورکیا ئیسرائیلی هەڵبژارد بۆ هاوکاریکردن لە پرۆسە سەربازیەکاندا.

وە ئەریەکان ڕاستی دەکرد لەو ڕوونکردنەوانەدا چونکە نوخبە سەربازییە عیلمانیەکان دووربین تر بوون هەستیان بەچەند مەترسیەکی چاوەڕوان کراو دەکردو ئەو مەترسیانەش:-

١-مەترسی ئوسوڵی ئیسلامی لەناوەوە (ڕەفا)، لەدەوروبەرە ئیقلیمیەکەشدا دەوڵەتی (ئێران).

٢-بەهۆی چالاکیەکانی (P.K.K) وە ترسیان هەبوو مەودایەکی ئیقلیمی بەخۆیەوە بگرێت و درێژ بێتەوە بۆ ناو سوریاو بنکەو بارەگا لەوێ دابنێت.

٣-کەنار گیربوون و دابڕانی تورکیا لە سیستەمی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەربێتوو بەرنامەکانی ئەمەریکا سەربگرێت بەچارەسەرکردنی کێشەی عەرەب - ئیسرائیل و ڕێکخستنەوەی وەزعی عێراق.

پێشبینی دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا هەر بۆ ئێستا و کاتێکی دیاریکراو نەبوو بەڵکو پیلان و بەرنامەیەکی دوور خایەنیان هەبوو بۆساڵی (٢٠٢٠)، بەپێی زانیارییەکانی (مەڵبەندی ڕۆژانەی ستراتیجی ئەمەریکی SAIC) دەریدەخا کەدامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا ئامانجێکی ستراتیجی درێژخایەنیان هەیەو هەوڵدەدەن تا ساڵی ٢٠٢٠ تورکیا بکەنە وولاتێکی خاوەن هێزی ئەتۆمیو هەروەها تورکیا لە پەیوەندییەکی ئەورووپییەوە بازیدات بۆ پەیوەندییەکی ئەتڵەنتیو بچێتە ناو کۆمەڵەی پەیمانی ئەتڵەنتیەوە (ناتۆ) وببێتە دیوارێکی پۆلایین بەرامبەر ڕوسیاو تارۆڵی تورکیا کەم نەکاتەوەو نەیکاتە دەوڵەتێکی بچکۆلە، شتێکی تر وەك پەیمانەکەی (سیڤر)ی ساڵی ١٩٢٠ دووبارە نەبێتەوە کە تورکیا تیا زەرەرمەند بوو.

ڕۆڵی تورکیای ئیقلیمی و سیناریۆی ئەتاتورکی

پەیوەندیە ئیقلیمیەکەی تورکیا بە ئێرانی دراوسێیەوە هەر لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیو تورکیای ئێستادا ناسەقام گیر بووە وە ناکۆکی بەخۆوە دیووە بەڵام هاوسەنگی هێزی نێوان ئەم دوو وولاتە نەگەیشتۆتە دژایەتیەکی سەرسەختانەی یەکترو کێشەی قووڵی بۆ دروست نەکردوون، پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و تورکیا نەپەیوەندییەکی دوژمنانەیەو نەپەیوەندییەکی دۆستانەشە.

تورکیا کەوتبووە نێوان دووکایەوە، یەکێکیان بەلای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا ئەوی تریان بەلای ڕۆژئاوا، وە خۆکێش کردنی بەرەو کایەی (ڕۆژئاوا)ی بەچاکتر زانی مەسەلەو بەرژەوەندییەکانی ناو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مایەی سەر ئێشەو گێچەڵ بوو بۆ ئەنقەرە پێچەوانەی ئەمە وایان لێکدەدایەوە پەیوەندي کردنی بە ئەوروپاوە سەنگ و قورسایی تورکیا بەهێزتر دەکات ئەمە بیروبۆچونی ئەتاتورکییەکان بوو هەموو کاتێ وایان دەبینی تورکیا عیلمانیەکی ئەوروپییە بەبێ هیچ دوو دڵیەك و ئەملاو ئەولایەك دەیانووت خۆمان بە ئەندامێکی (ناتۆ) دەزانین و پەیوەستین بە یەکێتی ئەوروپیەوە...

یەکێك لەمەسەلە ئیقلیمیەکان (سووریا) بوو وە تێڕوانینیان بۆ سووریا هەروەك (ممتاز سوسیال) دەیووت (پێویستە سووریا مەسەلەی لیوای ئەسکەندەرونە بیر خۆبیاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کێشەی کوردەکان لەگەڵ کێشەی ئاوی فورات لەیەك جیابکاتەوە یارمەتی خۆی بۆپارتی کرێکارانی کوردستان بوەستێنێ سەرۆکەکەشی (عبدالله ئۆچەلان) دووربخاتەوە یا تەسلیمی کاتەوە، لەبارەی ئاوی فوراتەوە ئێمە دەزانین ناڕەزایەتیەکی عەرەبی هەیە بۆ سەر

پرۆسەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆلْ ئەمەش دەتوانرێ چارەسەر بکرێ لە چوار چێوەیەکی ئیقلیمیدا لەڕێگای گفت و گۆو دانیشتنی هەمەلایەنە، ئێمە دەتوانین بەشێکی زۆر کەم ئاو بدەین بە عێراق و سوریا بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی دەولی پێشووتر بەلاّم تورکیا ئەم کارە ناکات ئەم بڕیارە بەرپەرچ دەداتەوە).

پەیوەندییە دوو قۆلّیەکانی تورکیا لەگەلْ ئیسرائیل ئاسۆیەکی تریشی هەبوو لەلایەکەوە فشارێك بوو بۆ سەر سووریا لەلایەکی ترەوە بۆ جێبەجێکردنی سیستەمێکی هاوکاریو دابین کردنی ئاسایش بوو لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست، وەزیری دەرەوەی پێشوو (حیکمت چەتین) ڕایگەیاند بەهۆی ئەم ڕێکخراوانەی دروستمان کردوون لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل و مصر وچەند لایەنێکی تریش لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ، دەتوانین چارەسەری کێشەکانی ئاوو مەسەلەی کوردو سەرلەنوێ دابەشکردنی داهاتە ئابوورییەکان بکەینەوە.

بەکورتی سیناریۆی ئەتاتورکیەکان هیچ جیاوازیەکیان نەبوو لە سیناریۆی ئەمەریکا کەلە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەینواند وە لاسایی کەرەوەی ئەوان بوون.

سیناریۆی ڕەفای ئیسلامی:

ئێستاش ئەو برینە کۆنە لەناو دلّی هاوولاّتیە تورکەکان سارێژنەبووە بیرەوەرییەکی تالّی لادروست کردوون بەوەی کەوا دەزانن هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەهۆی خیانەتی عەرەبەکانەوە بوو.

وە نەجمەدین ئەربەکانیش چەند دروشمێکی بەرزکردبۆوە وەك پێك هێنانی (پەیمانێکی بەرگری ئیسلامی) لەوێنەی (پەیمانی ناتۆ) لەنێوان وولاّتە ئیسلامیەکانداو دانانی بانکێکی ئیسلامی دەرکردنی دیناری ئیسلامی بەچاو پۆشی کردن لەو دروشمانە، ڕەفای ئیسلامی دەیوویست برایەتیەك لەنێوان ئیسلامەکاندا پێك بهێنێ و کێشەکانی تورکیای ناو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست چارەسەر بکات ئەوەی کەئەربەکان کردی دروستکردنی حکومەتێکی ئیئتلافی

بوو لەنێوان حیزبەکەی و حیزبی ڕێگای ڕاست، لەڕێی سیاسەتەکانی دەرەوەشدا هەوڵی ئەدا سەنگ و قورسایی تورکیا لەبازنەی ئیسلامیدا زیاتر بکات، پەیوەندی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا پەرەپێبدا، سەردانی ئەربەکان بۆ ئێران دووەم سەردانی بوو بۆ دەرەوەی وڵات، ئەربەکان پێش دەوڵەتە عەرەبیەکان ئێرانی هەڵبژارد کەسەردانی بکات چونکە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئێران بەبەراوردکردن لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبیەکاندا پەیوەندییەکی دۆزمنانە نەبوو وە تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی دانی ناوە بەشۆڕشی ئیسلامی ئێران و پەیوەندیە ئابوورییەکانی نێوان ئەنقەرەو تاران پەیوەندیەکی باش بوو لەکاتی جەنگی نێوان عێراق - ئێران، کێشەکانی نێوان ئەنقەرە - تاران نەچوو بوونە حاڵەتی تەقینەوە هەرچەند دوو ئایدۆلۆژیای دژبەیەکیان هەبوو، وە ئێرانیش (کارتی کوردی) بەکار نەهێناوە بیکاتە فشارێک بۆ سەر تورکیا.

سەردانەکەی ئەربەکان بۆ ئێران پاش هەفتەیەک بوو لەدوای ئەو یاسایەی ئەمەریکا دەریکرد بۆ سەر ئێران بەناوی (یاسای - داماتو) بۆ سزادانی ئەو کۆمپانیانەی کاری بازرگانی لەگەڵ ئێران دەکەن. وە ئەربەکان لەگەڵ ئەوەی لەزۆربەی دروشمەکانی کاتی هەڵبژاردنەکەی پەشیمان بوو بوەوە، ناڕازی بوو لە مۆرکردنی یەکێك لە ڕیکەوتنە سەربازییەی تورکیا - ئیسرائیل (١٩٩٥) لەبەر ئەوەی پارەیەکی ئێجگار زۆر دەچووە گیرفانی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە کە بریتی بوو لەبڕی (٢٠) ملیار دۆلار، پێی وابوو ئەو بڕە پارە زۆرە دەتوانرێ لە ڕوناك کردنەوەی دێهات و شارەکانی تورکیا سەرف بکرێت و بۆ دابین کردنی ووزە بەکار بێت کە ئێستا تورکیا بەدەست کەمی ووزەی کارەباوە دەناڵێنێ.

وە لەکاتی کۆنگرە پێشتیار کراوەکەی نێوان (تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا) بەرامبەر بەفشارەکانی ئەمەریکا وەستایەوەو هەڕەشەی لە (چیلن) دەکرد بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە ئیئتلافیەکەی.

ئەتاتورکیەکان یا ئیسلامیەکان:

ئەتوانین بڵێین سەرکەوتنی حیزبی ڕەفا بۆ سەر حوکم تورکیای خستە بەردەم دوو سیناریۆی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە:

١-سیناریۆی ئەتاتورکی (ئەمەریکی -ئیسرائیلی).

٢-سیناریۆی برادەرە ئیسلامیەکان.

ئەم دوو سیناریۆیە لە ململانێدا بوون، چوونە پێشەوەی سیناریۆی یەکەم بەندە بە گۆڕانکاریەکانی پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرکەوتن یا پووکاندنەوەی ئەم پرۆسەیە کاریگەری خۆی دەبێ بۆ سیناریۆکە، ڕۆڵی ئەمەریکاو ئیسرائیل ڕۆڵی یەکەم وبەرچاویان دەبێت چ بەشێوەی فشاری سیاسی بێت چ بەشێوەی یارمەتی و کۆمەك کردن بێت.

بۆ سەرکەوتنی سیناریۆی دووەم (برادەرانی ئیسلامی)، پەیوەندی هەیە بەڕۆڵی ئیسلامی سیاسی تورکیەوە واتە بەخودی خۆیان و حاڵەتە (خۆیی - ذاتی)و مەوزوعیەکانی خۆیانەوە. بەڵام سیناریۆی ئەتاتورکی بەتایبەتی لە سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا کارکردی یەکەمەو ڕۆڵی کاریگەری لەڕووداوە چارەنووس سازەکاندا هەیە.

هەڵسوڕێنەرو پاسەوانانی ئەم سیاسەتانەش ئەمەریکاو ڕۆژئاواو دامەزراوە سەربازییەکانن، بۆیە ئیسلامی سیاسی هەتا ئێستاش نەیتوانیوە سیناریۆکە بەتەواوی نمایش بکات سیاسەتی دەرەکی تورکیا لەنێوان سێ ڕێڕەودایە، ڕێڕەو بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرەو ڕۆژئاوا، بەرەو لای ئیسلامیەکان، گەر بێتو سیاسەتی دەرەوە بەرەو لای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاو بنێ ئەوا ڕۆژهەڵاتیەکان نایەڵن بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات بەمانایەکی تر نامۆ دەبێ بەڕۆژئاوا، وە تورکیاش کاتی خۆی دانی بەدەوڵەتی ئیسرائیلدا ناوە پاش دان پیانانی ئەمەریکا بەدوو مانگ، لە پەیمانەکەی ساڵی ١٩٥٥ لەشاری بغداد، لەکاتی جەنگی ساردا دژی یەکێتی سۆڤیەت وەستایەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا لە حەفتاکاندا ئیسرائیل پەیوەندییەکی دۆستانەی هەبوو لەگەڵ عەرەبدا بەمەبەستی چنگ کەوتنی پەترۆل.سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەمیشە چاوێکی لەسەر ڕۆژئاوا بووە چاوەکەی تریشی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتە ئیسلامیەکان بووە هاتنە سەرکاری ئەربەکانیش بۆ سەر حوکم ئەم حاڵەتە ئیزدواجیەی نەگۆڕی لەڕاستیدا دیبلۆماسیەتی تورکی کڵاوێک و (تەربووشێک)ی خستۆتە سەر خۆی هەمیشە کڵاوەکەی لەسەردایە بەڵام ئەیەوێت تەربووشەکەشی دەرکەوێ بەپێی پێویست، لەوکاتانەی ئەکەوێتە ژێر فشاری دەرەو ناوەوە.

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئاوێنەی کێشە ناوخۆییەکانەو ململانێی نێوان ئیسلامیەکان و پیاوە سەربازییەکانی تیا دەبینرێ هەروەك پرۆفیسۆر (فیلیب روبنز) شارەزای سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی ئۆکسفۆرد ڕوونی کردوتەوە دەڵێ:

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان دامەزراوە سەربازییەکان - عیلمانیەکان و ئیسلامیەکانە، وە عیلمانیەکان خۆیان بە پاسەوانی کۆماری ئەتاتورك دەزانن وە ئیسلامیەکانیش هەوڵ ئەدەن لە پێناو موسڵمانگەرایی تورکیاو ڕێگرتن لەزیادەڕۆییەکانی عیلمانیەکان کە (٧٥)ساڵە دەوڵەت بنیاتی ناوە تێدەکۆشن.

گروپە ئیسلامیەکان مەبەستیانە مۆرك و شەقڵێکی ئیسلامیانە بنێن بە تورکیای ئەورووپیو ئەندامی ناتۆوە، ڕێڕەوی خۆی بەرەو ئۆقیانووسی عەرەبیو ئیسلامیەکان درێژکاتەوە، کێشە نەتەوەییەکانی نێوان تورك و کوردپاکتاو بکات لەڕوانگەیەکی ئیسلامیەوە چارەسەری بکات بەشێوەیەك هەردوو گەلی تورك و کورد برای یەکتر بن و گەلێکی موسڵمانن.

دامەزراوە سەربازییە عیلمانیەکان پێچەوانەی ئەم ڕایەن ڕقەبەرایەتیو دووبەرەکیان هەیە لەگەڵ ئۆقیانووسی عەرەبیو ئیسلامی لەبری ئەمەش،

پەیمانە ستراتیجی‌یەكانی ئیسرائیلیان لاپەسەندترەو چارەسەری مەسەلەی كوردیش دەبێت بەهێزی سەربازی بكەن...
ئەم سیاسەتە ناتەباو ناكۆكانە لەبوارە عەمەلیەكانیشدا پیادە دەكرا بۆ نموونە هەر لەو ساتانەدا ئەستەنبوول كۆبوونەوەیەكی گەورەی بەخۆیەوە دی لەهەشت دەوڵەتی ئیسلامی پێك هاتبوو لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٧دا بوو، دامەزراوە سەربازییەكان بەشێوە زمانێكی زۆر توندو تیژانە بەرامبەر ئێران وسوریا دووان كار گەیشتە ئەو ڕادەیەی ئەگەری داخستنی باڵوێزخانەكان بێتە ئاراوەو گەلەكۆمەكی سەربازیش بكرێت لەسەر سنووری ئەم دوو وڵاتە، كەچی ئەربەكان لەبری ئەمە ڕێكەوتنامەیەكی گەورەی ئیمزا كرد لەگەڵ ئێران بەبڕی (٢٠) ملیار دۆلار بۆ هێنانە ناوەوەی گازی ئێرانی، پاش ئەمەش سەردانی لیبیای كردو ڕای گەیاند پەیوەندییەكانی لەگەڵ سوریا چاك دەكاتەوە وە لەمەبەدوا ئاڵوگۆڕی بازرگانیش لەگەڵ عێراقدا دەكات.
وە كاتێك ئەربەكان ڕەخنەكانی خۆی بەرزكردەوە بەرامبەر هاوكارییە سەربازییەكەی توركیاو ئیسرائیل ساڵی ١٩٩٦، لەدژی ئەم هەڵوێستە دامەزراوە سەربازییەكانیش بڕیاریان دا هەستن بە مانۆڕێكی دەریایی‌و ئاسمانی بەهاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریكاو لەگەڵ پاشەكەوت كردنی چەك و تەقەمەنیەكی زۆر بۆ حاڵەتی نائاسایی، وە دانانی بەرنامەیەكی نوێ لەشێوەی (جفرە) بۆ دەنگ و باس و هەواڵ گۆڕینە لەنێوان خۆیان و ئیسرائیل دا...
مەرامەكانی ئیسرائیل و ئەمەریكا ئاشكرا بون و هەل و فرسەتەكانیان دەقۆزتەوە لە پێناو دەست بەسەراگرتنی قەیرانەكانی ناوخۆی توركیاو چەسپاندنی توركیا لەناو ستراتیجیەتی ڕۆژئاوادا.

پێکادانی سوپاو ڕەفای ئیسلامی

(ئێمە وەك سوپا سوورین لەسەر پاراستنی سیستەمی کۆماری دیموکراتی عیلمانی، ئامادەین قوربانی بەکیانی خۆمان بدەین)

((سەرۆکی ئەرکان جەنەڕاڵ اسماعیل حقی کەرادای))

پاش دورکەوتنەوەی حیزبی ڕەفا لە حوکم و پاش هەفتەیەك بەسەر ئەم گۆڕانکارییەدا جۆرە ئاڵۆزییەك پەیدا بوو، لەنێوان سوپاو حیزبی ڕەفا، قسەو باس هاتەکایەوە بەوەی کودەتایەك پەیدا بووە، بەڵام سوپا هەرزوو ئەم کودەتا سەربازییەی گۆڕی بۆ کودەتایەکی مەدەنی، دەست کێشانەوەی نەجمەدین ئەربەکان لەسەرۆکی حکومەت بەڕەزامەندی تانسۆ چیلەر بوو بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی لەگەڵ حیزبی ڕێگای ڕاست دا کردبووی کەدەبێت لەساڵی ١٩٨٨دا گۆڕانکاری لەسەرۆك وەزیراندا بکرێت، ئەو گۆڕانکارییە سەرۆکی حیزبی ڕەفای نزیك دەکردەوە لەڕووبەڕوونەوەی سوپا، بۆیە پێیخۆش بووهەڵبژاردنی پەرلەمانیتازە ئەنجام بدرێت پێی وابوو هەڵبژاردن دەبێتە هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لەگەڵ سوپا هەیبوو، وە بۆ خوێزگارکردن لێی بەڵام ئایا ئەربەکان لەماوەی ئەو ساڵەی لە حوکم دا بوو چی کردووە، لەکاتێکدا خۆی دەبینێتەوە ڕووبەڕووی سووپا بۆتەوە؟

دەستکەوتەکانی ئەربەکان بۆ تورکیا

لەبورای ئابووریدا بەپێی ووتەکانی جێگری سەرۆکی ڕەفاو وەزیری دەوڵەت: (هاتنە خوارەوەی تێکڕای هەڵئاوسان، کەم بوونەوەی قەرزەکان، زیادبوونی مووچە) بوە بەڵام نەیارانی ڕەفا نکۆڵی لەم دیاردانە دەکەن دەڵێن هیچ دەستکەوتێك لەم بابەتانە بوونی نەبووە تەنها پڕووپاگەندەیەکەو هیچی تر

(سیفی چان)سەرۆکی پەیمانگای سیاسەتی دەرەکی لە ئەنقەرە دەڵێت: هەڵئاوسان دانەبەزیووە قەرزەکانی ناوخۆش وەکو خۆیان وان هیچ پرۆژەیەك لە دێهاتەکاندا نەکراوەو هیچ شتێك نەکراوە بۆ هەستانەوەی ژێرخانی کۆمەڵ...

لەلایەنی سیاسەتی دەرەوەدا پرۆفیسۆر (فیلیب روبنن) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەسیاسەتی دەرەوەی ئەربەکان درێژە دانە بە سیاسەتە کلاسیکیەی پێش خۆی پەیوەندییەکانیشی لەچەند ناوچەیەکی وەك ئەوروپاو وڵاتە یەککگرتووەکان و عێراق و قوبرس و ئیسرائیل خۆی دەبینێتەوە.

بەڵام پرۆفیسۆر سیفی چان دەڵێت: ئەربەکان شتێکی تازەتری خستە سەر سیاسەتەکانی دەرەوە کە دوایین سیاسەتی کۆبوونەوەی هەشت دەوڵەتە ئیسلامیەکە بوو ئەمەش رووپۆشێك بوو بۆ سیاسەتە دوولایەنەکان چونکە لەپاڵ ئەمەشدا ئەربەکان رێکەوتنی (یەکێتی گومرگی) لەگەڵ ئەوروپادا مۆرکرد ماوەیەك لەوەو پێش خۆی ناڕازی بوو بەم رێکەوتنە، وە ماوەی پرۆسەی چەکوشی ئامادەی درێژ کردەوە لە باکوری عێراق کە خۆی ناوی لێنا بوو (هێزە صەلیبیەکان).

ئەربەکان دزە دەکاتە ناو سوپاو ناو کۆمەڵگا

گەر ئەربەکان لەوکاتانەی سەرۆکی حکومەت بووە هیچ رەنگدانەوەیەکی نەبووبێ لەسەر سیاسەتی ئابووری تورکیاو هیچ تازەگەرییەکی نەخستبێتە سەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کەچی ئیسلامیەتی ئەربەکان جێ پەنجەی دیارە لەبوارەکانی ئابووریو فێرکردن ودزەکردن بۆ ناو سوپا...

ئەربەکانیەت نوێنەرایەتی بنکەیەکی ئابووری ئیسلامی گرتبووە بەر، چەند رێکخراوێك و کۆمپانیایەکی ئیسلامی رێکخستبوو بەرچاوترینیان رێکخراوی (رجال الاعمال المسلمین –MUSIAD)بوو کەسێ هەزار پیاوی گرتبووە خۆ هەموویان هەواداری حیزبی رەفا بوون نوێنەریان هەبوو لە (١٠) هەزار کۆمپانیا ئیش و

كارەكانیان لەسەر ئاستی بازرگانیو كارگەكانی دروست كردن و بابەتی خۆراك و كەل و پەلی ناومالّ و بانكەكان و فرۆكەخانـەكان و تەنانـەت لـە رۆژنامـەو كەناڵـە تەلەفزیونیەكانیشـدا بـوون، ئـەم كۆمەڵــە ئیســلامیانە بوونــە هەڵســوڕێنەرێكی ئابووری، ئەریەكان ناوی دەبردن بە (پلّنگە ئیسلامیەكانی ئەنادۆڵ)...

هەروەها پەلی هاویشتبووە ناو بوارەكانی (فێركردن)وە، مزگەوتەكان بـوو بوونـە قوتابخانەیەك بۆ فێركردنی گـەورەو بچووك و خـەتمی قورئـان بـەبێ ڕەزامـەندی یاسایی، گەڕان و چـاودێری كردنـی پۆلیـس بـەدەوری مزگـەوت و ماڵـەكاندا بـوو بووە كارێكی ڕۆژانە دەزگا ئایینیەكانی ئەریەكان نزیكەی (٥) هەزار خوێندنگـای سەرەتاییان كردبوو بە شـوێنی فـێركردن وانـە ئاینیـەكان، وە (٤٠) قوتابخانـەی ناوەندییان كردبوو بەجێگای فێركردنی پێش نوێژیو پێگەیاندنی ئیمامی ئـایینی جگە لە ئامادەكردنی (١٥) هەزار كەس بۆ خەتم پێكردنی قورئان.

پاش ئەمەی كە دزەكرایە ناو ئابووریو فێركردنەوە بـەرەو دام و دەزگاكـانی نـاو سـوپا خۆیـان كێـش كـرد، لێكۆڵـەرەوەیتوركی (سـاجلار كیـدر) دەڵـێ: پیـاوە ناودارەكـانی نـاو سـوپای توركیـا نزیكـەی (٨٠٠) كەسـن پشـتیان بەسـتووە بەدەستەو تـاقم و توێـژە مـام ناوەندیـەكان، كەشـەكردنی ئەریـەكانیش لـەناو كۆمەڵگادا هەمان كەشەكردن بوو لەناو ئەو دەستەو تاقم و توێژانـەدا، ئەمانـەش بەشێك بوون لەناو سوپادا بەپلەو پایـەی جیـاواز، سـاڵی ١٩٩٥ ڕاپرسـیەك لـەناو سوپادا كرا پێش هەڵبژاردنەكەی ئەو ساڵە، ٣٨٪ی ناڕازی بوون بـە پـەرپاكردنی كودەتا لەدژی حیزبی ڕەفا گەرییتو لە هەڵبژاردندا سـەركەوون و حكومـەت پێـك بێنن.

خۆ سوورکردنەوەی سوپا بەرامبەر ڕەفا:

بنچ داکوتان لە بوارەکانی فێرکردن و ناوسوپاو لایەنە ئابوورییەکان پڕۆژەیەك بوو لە پێناو داهاتوویەکی مسۆگەر، ئەریەکان هەوڵی بۆ دابوو (سەمیح ئەدیز) نووسەری تورکی دەڵێت: ئەو گەمە سیاسیەی ڕەفا پیی هەستاوە، توانای حەلاڵ کردن و دەستە مۆکردنی ئەم گەمەیەی نیە چونکە لایەنێکی تەنهان لەو گەمەیەدا. ئەم ڕایەش لەگەڵ ووتەکەی (ممتاز سوسیال) یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت: ئەریەکان بیری چۆتەوە ٢١٪ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە دەبێ بزانێت کەزۆرینە نیە. سوپا نیگەران بوو لەو هەڵس و کەوتەی ئەریەکان گرتبوویە بەر ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردبوون درێژە بوونەوەی ئەم ڕەوتە ئیسلامیە بوو بۆ ناو خودی سوپا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەڕۆژی ٢٨ی فبرایری ساڵی ١٩٩٧(ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) پێك هاتبوون لەسەرکردەکانی ناو ئەرکان (١٨) خاڵیان نووسیەوە بەمەبەستی لێپرسینەوەو بە ئاگاهاتنەوە خرایە بەردەم حکومەت بۆ جێبەجێکردن:-

١-قەدەغەکردنی هەر جۆرە بانگهێشتنێك بۆ جێبەجێکردنی شەریعەکانی ئیسلام.

٢-چاودێری دانان لەسەر تۆرەکانی پەخشی ئێستگەو تەلەفزیۆنەئیسلامیەکان.

٣-قەدەغەکردنی پۆشاکی ئیسلامی ئافرەتان.

٤-لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئیسلامیە هەرە بەرچاوەکانی ناو دەزگاکانی دەوڵەت.

٥-چاودێرییەکی توند لەسەر ئەو کەسانەی تفەنگی بێ قۆناغ دەکڕن.

٦-چاودێری لەسەر دارایی‌و دەرامەتی کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئیسلامیەکان.

٧-زیندوکردنەوەی مادەی (١٦٣) لەیاسای سزادان ناوەڕۆکی مادەکەش ڕێگرتنە لەهەر چالاکیەکی سیاسی گەر ئامانجێکی ئاینی لەدواوە بێت.

٨-چاودێریکردن لەسەر پیلانەکانی ئێران لەلایەن حکومەتەوە تا سیستەمی عیلمانی تورکی نەشێوێت.

٩-مەحکوم کردنی هەر جۆرە کارێك و بەشێوەیەکی ڕەها کەلەدژی سیستەمی دیموکراتی عیلمانی بێت.

١٠-جێبەجێکردنی مادەی ١٧٤لەدەستوور، تایبەتە بەڕیفۆرمەکان لەژێر ئالای کۆماری تورکی وە لەساڵی ١٩٢٣ ئەم یاسایە دانرا.

١١-لێپرسینەوە لەو کەسانەی سەرپێچی یاسا دەکەن، داخستنی ئەو دامەزراوە ئاینی‌یەی کەسەرپێچیەکەی لێوە کراوە.

١٢-زیادکردنی مادەی فێربوونی ئیلزامی بۆ (٨)ساڵ.

١٣-داخستنی ئەو خوێندنگایانەی بەمەبەستی فێربوونی قورئان لەلایەن ئوسولیەکانەوە بەڕێوە دەچێ.

١٤-پرسیار کردن لەسەرۆکی حیزبەکان دەربارەی ئەو بەیان و ئاگاداری‌و ڕوونکردنەوانەی دەری دەکەن.

١٥-(ئەنجوومەنی شارەوانیەکان) ئاگادار بکرێنەوە، ئەو پارەو پولانەی لەدەرەوەی وڵات دێن بۆ ڕێکخراوە ئایینیەکان هیچ ئاڵووگۆڕێکیان بۆ نەکرێت.

١٦-قەدەغەکردنی مزگەوتی تازە لەگەڕەکی (تەقسیم) لەئەستەنبوڵ.

١٧-لەکارخستنی (١٦٠) ئەفسەری ناو سوپا بەهۆی بیروڕا ئایینیەکەیانەوە.

١٨-لەکارخستنی هەندێ لەحاکمی ویلایەتەکان لەبەر ئەوەی سەر بەبزووتنەوەیەکی ئایینی بوون.

هەڵس و کەوتەکانی ئەربەکان دەبووە هۆی ئەگەری نزیك بوونەوەی پێکادان لەگەڵ سوپادا، کاتێ ئەم یاسایانە بڵاوکرایەوە ویستی لانی کەم هەندێ شت بکات و هەندێ لەداواکانی سوپا بەجێبهێنێت وە ژمارەی (١٢٠) خوێندنگا لە خوێندنگاکانی خۆی داخست.

هەیئەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکان ڕاپۆرتێکی لەژێر ناونیشانی (بەرفراوان بوونی ئیسلامی سیاسی) بڵاوکردەوە ڕوونی کردەوە کە حیزبی ڕەفا خۆی

ئامادەکردووە بۆ ساڵی (٢٠٠٠) وای نیشان داوە تا ساڵی (٢٠٠٠) ژمارەی ئەندامەکانیان بگاتە ٨٥ هەزار کەس وەتا ساڵی (٢٠٠٥) دەگاتە (١,٥) ملیۆن دەنگ بەنیازن (١,٧)ملیۆن منداڵ پەروەردە بکەن لەسەر قورئان و ساڵی (٢٠٠٠)سوودیان لێدەبینرێ بۆ دەنگ دان جگە لەوەی (٧) ملیۆن دەنگیان هەیە لە ئێستادا. دوای سێ ڕۆژ لەم ڕوونکرنەوەیە سەرۆك ئەربەکان بەاسماعیل قارادای ڕاگەیاند کە ئێمە سوورین لەسەر پاراستنی سیستەمی کۆماری دیموکراتی عیلمانی، ئامادەین قوربانی بەگیانمان بدەین.

خۆ سوورکردنەوەی سوپا تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو هەڕەشەکانی خۆیان ئاراستەی ئیسلامیەکان دەکرد لەیەکێك لەڕۆژنامەکاندا ڕایانگەیاند: سوپا وایدەبینێ ئیسلامیە ئوسولیەکان وکوردە جوداخوازەکان زۆر مەترسیدارترن لەو مەترسیانەی لەدەرەوە بۆمان دێت،وە کوردەکان هاوکاری ئیسلامیە توندڕەوەکان دەکەن وە لەباکوری عێراقدا مەشقیان پێدەکەن پێویستە سوپا بەرەو ڕویان بجوولێت و سەرکوتیان بکات، ئەم ڕاگەیاندنەی سوپا تەنها پاساوێك بوو بۆ کردەوە سەربازییەکان و هاتنە ناوەوە بۆ باکووری عێراق.

دەوڵەتێکی بەهێز و حکومەتێکی لاواز

پاش گرتنە دەستی دەسەلات و حوکم کردنی لەماوەی ساڵێکدا ئەربەکان بۆی دەرکەوت دەوڵەت بەهێزترە لە حکومەتەکەی. دەوڵەتیش بریتییە لە دامەزراوێکی سەربازیو عیلمانی ئەربەکان کۆتایی بە پرۆژەکانی هێناو کۆتایی بەدەسەلاتی خۆشی هێنا ناچار بوو جێگاکەی خۆی جێبهێڵی بۆ (تانسۆ چیلەر). دەست لەکار کێشانەوەی ئەربەکان لە حوکم کۆتایی بە ژیانی ئەربەکان نەهێنا، سوپا هەمیشە چاویان لەسەر بوو چاودێریان دەکرد سەرچاوەیەکی سەربازی لە هەینەی ئەرکانەوە وتی گەر بێتوو حکومەتێکی

ئیئتلافی تازە لەنێوان (چیلەرو ئەربەکان) بێتە کایەوە، تورکیا لـەناوەو دەرەوە لە جووڵە دەکەوێت زیان بە پرنسیپە دیموکراتیەکان دەکەوێت.

پاش ئەمە سەرچاوەیەکی سـەربازی تـر رایگـەیاند کۆبوونـەوە یـەك لـەدوای یەکەکانی سەرکردەکانی سوپا دەریدەخات هیچ هیوایەك لەم حکومەتە تازەیـەدا نـابینرێو لـە حکومەتەکـەی ئەربـەکان باشـترنابێت. وە لـەکاتی دەسـتپێکردنی هەڵبژاردنەکاندا دەزگاکـانی سـوپا جم و جوڵـەکانی خۆیـان زیـاد دەکـرد بـەناو هەموو ناوچەکانی تورکیا بڵاودەبوونەوە تا بۆ خەڵکی بسەلمێنن کە حیزبی ڕەفا میسداقیەی خۆی لەدەست داوەو ئەو دەمامکە لەڕوویان داماڵن...

بەرپا بوونی ئەو کودەتا مەدەنیە لەسەر داوای سـەرۆك (دیمـیریل) بـوو مەسـعود یەڵماز هەستا بەم کۆدەتایەو جگـە لـە ١٢٩ کورسـی لـەکۆی ٥٠٠ کورسـی هیچـی تـری بەرنەکـەوت لـەم حکومەتـە تازەیـەدا، ئـەم پرۆسـەیە ئەلتـەرناتیڤێك بـوو لـەجیاتی ڕوودانـی کۆدەتـای سـەربازی بـەڕێگا چارەیـەکی باشـیان دانـا بـۆ نەهێشـتنی ناکۆکیـەکانی نێـوان سـوپاو ڕەفـای ئیسـلامی. وە دوورکەوتنـەوەی ئەربەکان و ڕەفا هیچ گرفتێکی چارەسـەر نـەکرد، دەوڵـەتی تورکیـا بـەدووریان نەدەزانی جارێکی تر ئەربەکان و حیزبەکەی بێنەوە ناو حکومەت.

لەلێکۆڵینەوەیـەکدا پـەیمانگای دەولی ئەمـەریکی کردبـووی، پێیـان وابـوو لەهەڵبژاردنـە پەرلەمانیەکـەی داهـاتوودا، حـیزبی ڕەفـا سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێت بۆ جارێکی تر کێشەی نێوان سوپاو ڕەفا سـەرهەڵدەداتەوە گـەر ئەمـە ڕووی‌دا ڕەفا زۆرینەی بەدەست هێناو سوپا ڕووبەڕووی وەستایەوە ئـەوا سیمای حیزبی ڕەفا دەگۆڕێت بۆ شتێکی تر لەبابـەتی (بـەرەی ڕزگـاری جزائـیر - جبهـة الانقاذ) و تورکیا دەبێتە نموونەی دووەمی جەزائیر.

بەرنامـەی کۆدەتـا مەدەنیەکـەی سـوپا پـێی هەسـتا، تەنـها دوورخسـتنەوەی ئەربەکان و حیزبی ڕەفا نەبوو لەسەرۆکایەتی حکومـەت، پەکخسـتن و کۆشـەگیر کردن و هەوڵدانێك بوو بۆ پاکتاو کردنی ئیسلامی سیاسی تورکی.

یەڵمازو بەجێگەیاندنی ڕاسپاردەکان

پاش دوورکەوتنەوەی نەجمەدین ئەربەکان و حیزبی ڕەفا لە حوکم لە حوزەیرانی ساڵی ۱۹۹۷، مسعود یەڵماز تەرخان کرا بۆ دروست کردنی حکومەتێکی نوێ لەبەر دوو هۆ:

۱-یەڵماز زیاتر لەچەند جارێك سەلماندبووی گوێڕایەڵی دامەزراوە سەربازییەکانە.

۲-پەیوەندی بەخاڵی یەکەمەوە هەیە سوپا خۆشی دەیوویست حکومەتەکەی یەڵماز لەژێر ڕاسپاردەکانی خۆی دابێت.

بۆ بنەبڕکردنی ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان سوپاو ئیسلامی سیاسی چەند گۆڕانکاریەکی ئەنجام دا وەك: فێرکردنی ئیلزامی کرد بە (۸)ساڵ، ئەمەش مانای داخستنی دەرگای پەیمانگای (امام – خطیب)بوو، قەدەغە کردنی سەرداپۆشین لە قوتابخانەو زانکۆکان و شوێنی کارو فەرمانگەکان گرنگترین گۆڕانکاری تر کەویستیان بیکەن هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ڕەفا بوو.

بەکورتی حکومەتی یەڵماز دوو ماهیەتی هەبوو: بەجێگەیاندنی ڕاسپاردە سەربازییەکان و وەستان بەرامبەر تەوژمی ئیسلامی لەتورکیا. گویڕایەڵی و دیسپلینەکانی یەڵماز بۆ پیاوە سەربازییەکان و هەڵسوڕانی لەژێر ئیرادەی ئەوان پێچەوانەی بنەما دەستوورییەکان بوو. ئەم حاڵەتە لەدوو بۆنەدا بەزەقی دەبینران :-

۱- لەمانگی دووی ساڵی ۱۹۹۶ سوپا فشاری خستە سەر یەڵماز تاکو لەگەڵ حیزبی ڕەفا ڕێك نەکەوێت بۆ دروست کردنی حکومەتێکی ئیسلامی، یەڵمازیش هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو بۆ ئەم داوایەو بەڕەسمی قبوول کردنی ئەم داوایەی سوپای ڕاگەیاند. هەروەها لە بۆنەیەکی تردا هەمان هەڵوێستی هەبوو ئەویش لەکاتی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سوپاو ڕەفای مانگی شوباتی ۱۹۹۷

بەراشکاوی داوای بەرپا کردنی کودەتایەکی دەکرد تا کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەریەکان و چیلەر بهێنێ.
بەهۆی ڕاگەیاندنی ئەم هەڵوێستە سلبیەوە یەڵماز دەیویست بەبەردێك دوو نیشانە بپێکێ لەلایەك دژایەتی کردنی ئیسلامیەکان و لەلایەکی ترەوە لووت شکاندنی (چیلەر)ی موونافسی بوو کە نوێنەرایەتی باڵی ڕاستی دەکرد.
سلێمان دیمیریل وەك سەرۆك کۆمارێك پاساوی دەهێنایەوە بۆ یەڵماز، حوکم کردنەکەی بە حەقیقەتێکی دەستووری دادەنا و لێپرسراوێتی زۆرینەی ناو پەرلەمانیشی پێدا وەك سەرۆکی ئەو زۆرینەیە، پاش دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆك وەزیرانی پێشوو (ئەربەکان)، ئەو فرتوفێڵەی دیمیریل لێیکرد بەهۆی فشارەکانی دامەزراوە سەربازییەکانەوە ناچار کرا ئەم فەرمانە جێبەجێ بکات دورکەوێتەوە هەرچەندە خۆشی پێش وەخت لەگەڵ چیلەردا ڕێکەوت بوو تەنها بۆ ماوەیەکی دیاری کراو حوکم بکات. ئەو کاتەی دیمیریل داوای لە یەڵماز کرد بۆ دروست کردنی حکومەتێك گەمەیەکی ژێر بەژێری سازدا بوو لەگەڵ حیزبەنەیارەکانی لەلایەکەوەو لەگەڵ سوپادا لەلایەکی ترەوە تاوەکو ئەم حکومەتە نوێیە متمانەیەکی نوێ وەرگرێتەوە لەناو پەرلەمان، بۆ جێبەجێکردنی گەمەکەی، لەلایەکەوە سوپا دەستی کرد بەهەڕەشە لێکردنێکی ناڕاستەوخۆلەهەردوو حیزبی ئەربەکان و چیلەر (ڕێگای ڕاست و ڕەفا)، وە لەلایەکی ترەوە پەیمان و کۆمەکی ماددی ئەبەخشیە هەندێ لە ئەندامانی حیزبی ڕێگای ڕاست بۆ دوو کەرتبوونی حیزب و چوونە دەرەوەی هەندێکیان لە حیزب، وە کاتێك حیزبی ڕێگای ڕاست لە هەڵبژاردنەکەی مانگی ٩ی ١٩٩٥دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەبردنەوەی ١٣٥ کورسی لەپەرلەمان وئەو کاتەی یەڵماز ڕاسپێررا بەدانانی حکومەت ژمارەی کورسیەکان کەم بوونەوە بۆ (١١٦)، دوای ئەمەش کەمتر بۆوە بۆ (٩٨) کورسی واتە حیزبەکەی یەڵماز (١٨)کەسی لێبووەوە، وە حیزبی ڕەفاش (٢)کەسیان بەشداریان نەکرد.

کەمەکانی دیمیریل بووە هۆی گۆڕینی نەخشەی پەرلەمانی تورکی هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە.

****

(گۆڕانی نەخشەی پەرلەمانی تورکی لەماوەی هەڵبژاردنەکانی (۱۹۹٥/۱۲/۲٤) تاکو (۱۹۹۷/۷/۱)).

ناوی حیزبەکان	۱۹۹٥/۱۲/۲٤	۱۹۹۷/۷/۱
ڕەفا RP	۱٥۸	۱٥٤
ڕێگای ڕاست DYP	۱۳٥	۱۰۷
نیشتمانی دایك ANAP	۱۳۲	۱۳۲
چەپی دیموکراتی DSP	۷٦	٦۷
گەلی کۆماری CHP	٤۹	٤۹
یەکێتی مەزن BBP	—	۸
تورکیای دیموکراتی DTP	—	۱۲
نەتەوە MP	—	۲
سەربەخۆ - بێ لایەنەکان	—	۱۷
کورسی چۆڵ	—	۲
کۆی کورسیەکان	٥٥۰	٥٥۰

پرۆتۆ كۆڵەكەی حكومەتی یەڵماز ئیمزا كرا و لەسێ حیزبی عیلمانی پێك هاتبوون حزبی نیشتمانی دایك (یەڵمان) حیزبی چەپی دیموكراتی (ئەجەوید)، حیزبی توركیای دیموكراتی بەسەرۆكایەتی (حسامەدین جەندرۆك)و هەرچەندە حیزبی گەلی كۆماری كە سەرۆكەكەی (دینز بایكال) بوو بەشداری نەكرد لە حكومەت بەڵام بەڵێنی دابوو لە پێناو بەرژەوەندی حكومەتەكەدا دەنگ بدەن و دووره بەرێز نەبن، پاشان دەست كرا بەدابەش كردنی شوێن و جێگاو پلەو پایە، حیزبی نیشتمانی دایك (١٢) وەزارەتی بەركەوت یەڵماز خۆی سەرەك وەزیران بوو وە وەزیرەكانی ناوخۆو گەشت و گوزارو تەندروستیو نیشتەجێو ئاوەدانیو كشت و كاڵ و ووزەو داد لەئەندامەكانی حیزبی رێگای راست بوون، وە حیزبی چەپی دیموكراتی(١١) وەزارەتی بەركەوت حیزبی توركیای دیموكراتی (٥) وەزارەتی بەركەوت، وە كۆی وەزارەتەكان (٣٨) وەزارەت بوون.

ئەوەی ڕوونە زۆری كورسیە وەزارییەكان و دابەشكردنیان رازی كردنی ئەندامە وازهێنراوەكانی حكومەتە ئیئتلافیەكەی پێشوو بوو ئەمە لەلایەكەوە وەلەلایەكی تریشەوە ڕازی كردنی حیزبە بەشداریووەكانی ناو حكومەتە ئیئتلافیە تازەكە بوو بەپێی ئەو گەمەیەی نێوان دیمیریل و سوپا ئەنجامیان دابوو.

دوای ئەمە، ئیئتلافەكەی یەڵماز متمانەی پێبەخشرا بەڵام جۆری كۆبوونەوەكان وردە وردە تەم و مژ دایدەگرتن لە كۆبونەوەكەی ڕۆژی ١٢ی تەمووزی ساڵی ١٩٩٧ دا ئەم دیاردەیە بەزەقی دەركەوت و دانیشتنەكە بووە خێسەو مۆڕەلەیەك كردنی نێوان عەلمانیەكان و ئیسلامیەكان تا كار گەیشتە ئەوەی بێتە شەڕی دەستەو یەخە و ڕاكێشانی دەمانچە لەلایەن یەكێك لە پەرلەمانتارە ئیسلامیەكانەوە وە چەندین جاری تریش بەم جۆرە كۆبوونەوەكان حاڵەتی نائاساییان وەردەگرت و دانیشتنەكانیان دوا دەخست.

بۆ دەنگ دان بە متمانە پێكردنی ئەم ئیئتلافە لەكۆی (٥٥٠) دەنگ (٢٨١) كەسیان دەنگیان پێداو (٢٥٦) كەسیان لەدەنگداندا لەدژی وەستانەوە دوو ئەندامی تریش دەنگیان نەداو (٨) كەسی تر هەر نەهاتبوون بۆ دەنگ دان

زۆربەیان لە وازهێنراوەکانی ناوی حیزبی ڕێگای ڕاست بوون، وە یەلماز دوای دەنگدانەکە پەیمانیدا پەلە بکات لە متمانە پێکردنی حکومەتەکەی کار بۆ ئەم مەبەستە بکات. بەڵێنیشیدا حکومەتە نوێیەکەی لەسەر هەمان ڕێڕەوی (مصطفی کەمال ئەتاتورك) بڕوات ووتی هەنگاوی یەکەم دەبێت هەموو شتێك بگەڕێتەوە سەر باری جارانی خۆی میللەت تێر بووە لە کێشەکان و میللەت دەیەوێت ئەو ساڵە ناخۆشانەی بیرچێتەوە لەکاتی حوکمی ئەربەکاندا بەسەری دەبرد جەماوەر تێکەڵاو بەجیهانی پێشکەوتوو بکەینەوە.

ئەمەش مانای دیاری کردنی دەسەلاتی سوپایەو یەلماز بەڕاستیو بێ پەردە ڕایگەیاند کە سوپا ئەربەکانی لابردووە کودەتای بەسەردا کردووەو پاشان لەدرێژەی ووتەکانیدا ووتی: حکومەتەکەی بەردەوام دەبێت لەو هەڵمەتەی سوپا کردوویەتیە سەر ئیسلامیەکان و ڕێگا نادەین بە ئوسووسڵیەکان جارێکی تر سەرهەڵدەنەوە هیچ بوارێکیان پێنادەین پشوویان لێدەبڕین.

دوای ئەم قۆناغە یەلماز ئەوەی لەدەسەلاتیدا هەبوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەربەکانیەکان چەند شتێکی ڕەمزی کرد و لەوانەش لەلایەن وەزیری ناوخۆوە (موراد بازۆغلۆ) وە، دوو لێپرسراوی ئاسایشی پێشووی تورکی بانگ کران بۆ لێکۆڵینەوە بەتاوانی دروست کردنی تۆڕێکی ئیسلامی لەناو دەزگای پۆلیس داو گوێگرتن لە ئامێری تەلەفۆنی جەنەڕاڵەکانی ناو سوپاو گواستنەوەی هەواڵ و دەنگ و باسەکانیان بۆ ئوسوولیەکانی ئەربەکان.

وە لەڕێگەی وەزیری ڕۆشنبیریەوە (ئەشتمان تالای) ڕێگەی لە چاککردنەوەی یەکێك لە مزگەوتەکانی ئەستەمبول گرت جگە لەمەش بەوەزیری دارایی ڕاگەیاند دەبێت لەناو وەزارەتەکەیدا پۆشاکی ئیسلامیو سەرپۆش قەدەغە بکرێت.

ئەو بوارو دەسەلاتەی درابوو بە حکومەتەکەی یەلماز بۆ زاڵ بوون بەسەر موسڵمانگەرایی دا لە سنوورێکی زۆر تەسکدا خۆی دەبینیەوە ئەویش تەنها قەدەغەکردنی سەرپۆش و ڕێگەنەدان بەفێربوونی بوارە ئاینیەکان بوو.

ڕێگرتن له فێربوونی وانه ئایینیه‌كان (خوێندگاكانی امام - خطیب)

كۆماره‌كه‌ی ئه‌تاتورك فێربوونیان كردبوو به ئامڕازێكی بنه‌ڕه‌تی بۆ دروست كردن و بنیاتنانی كۆمه‌ڵێكی عیلمانی، ده‌وڵه‌ت له‌ساڵی ١٩٢٦ فێربوونی وانه‌ی (نه‌ته‌وه‌و نه‌ته‌وه‌گه‌ری) گرتبووه ئه‌ستۆی خۆی له‌ژێر سه‌رپه‌رشتی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده، وه له‌گه‌ڵ هاتنه‌كایه‌ی سیسته‌می فێركردنی عیلمانی له‌ناو وڵاتدا به‌ربه‌ستێكیان دانا له‌ڕووی زانسته ئایینیه‌كانداو قوستابخانه‌و كۆلیژه ئایینیه‌كانیان داخست و به‌مردنی ئه‌تاتوركیش ئه‌م كارانه كۆتاییان نه‌هات و ساڵی ١٩٤٦ جه‌نه‌راڵ (عیسمه‌ت ئینۆنۆ)ش هه‌مان ڕێبازی گرته به‌ر وای لێكده‌دایه‌وه ئایین خورافاته میلله‌ت بێهۆش ده‌كات و حكومه‌ت ناچار ده‌كات بگه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ده‌كانی پێش خۆی، ئه‌م حاڵه‌ته له ١٩٤٧دا گۆڕاو توركیا بۆ به‌ره‌رچ دانه‌وه‌ی بیری كۆمۆنیستی ڕێگای‌دا له خوێندگا تایبه‌تیه‌كاندا وانه‌كانی ئایین بخوێندرێ، وه ڕێگادرا له قۆناغی ناوه‌ندیشدا ئایین ببێته یه‌كێك له‌وانه‌كان وه‌ساڵی ١٩٤٩ حكومه‌ت بڕیاری‌دا وانه‌ی تایبه‌تی هه‌بێت له‌باره‌ی ئیمامه‌ت و ووتاربێژی‌و هه‌ندێ شتی تر. هه‌ر له‌و ساڵه‌دا له‌زانكۆی ئه‌نقه‌ره كۆلیژێك دانرا به‌ناوی كۆلیژی (الالهیات) نزیك بوو له كۆلیژه‌كانی (لاهوت)ه‌وه وانه ئایینیه‌كانی وه‌ك فه‌لسه‌فه‌و مه‌نتیقی تیا ده‌وترایه‌وه. وه ساڵی ١٩٥١ حكومه‌ت بڕیاری‌دا به‌دانانی خوێندنگایه‌ك به‌ناوی (امام -خطیب)وه مه‌به‌ست لێره‌دا ئاماده‌كردن و پێگه‌یاندنی ووتاربێژی‌و پێش نوێژی‌و ئیمامه‌كان بوو له‌ساڵه‌كانی په‌نجاكاندا ڕێژه‌ی وه‌رگرتن له‌م خوێندگایانه‌دا زیادی كرد وه تا ساڵی ١٩٦٠ ژماره‌ی خوێندكاره‌كانی گه‌یشته (٤٤٥٨)كه‌س.

وه ساڵی ١٩٧٣ خوێندنگاكانی (امام -خطیب) بوونه خوێندنگایه‌كی ڕه‌سمی وه ڕێگا درا به ئافره‌تانیش تیا بخوێنن وه ساڵی ١٩٥١ ژماره‌ی ئه‌م خوێندنگایانه

گەیشتبووە (٦٠٠) خوێندنگاو نیوملیۆن قوتابی لە خۆگرتبوو ساڵانە (٢٥٠ هەزار کەس بڕوانامەیان وەردەگرت و لەوێوە بەرەو زانکۆکان دەچوون. هەتاکو ئێستا ژمارەی دەرچووانی (امام -خطیب)یەکێك بوو لە هۆکارەکانی پێکادانی حکومەتی ڕەفاو سوپا، لەبەر ئەوەی سوپا پێی وابوو سەرچاوەیەکی پێگەیاندنی کادیرو بنکەیەکی حیزبییە، خوێندنگاکانی (امام -خطیب) لە قۆناغی سەرەتاییدا منداڵانی تەمەن (٥) ساڵانیان وەرگرت، وە بۆ دەست وەشاندن لەگروپە ئیسلامیەکان ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٩٧ بەیانێکی (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) دەرچوو خاڵی سەرەکی بەیانەکە وەرگرتنی منداڵان بوو لە خوێندنگاکاندا تەمەنی (٥) ساڵی کرایە (٨) ساڵ واتە مەرجی وەگرتنی قوتابی دەبێت لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێت ئەمە ئیسلامیەکانی وروژاند هانی دان بۆ خۆپیشاندان وەمانگرتن زۆریەی شارەکانی تورکیای گرتەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەم یاسایە ! (یەڵماز)یش بەم کارانە سەغڵەت بوو بۆیە بەرپەرچی ئەدانەوەو دەیووت ئیسلامیەکان لەبەر خاتری قەزیەی (فێرکردن) دەیانەوێ هانی جەماوەر بدەن بۆ گێرە شێوێنیو نموونەی بەرەی ڕزگاری جەزائیری بهێنەکایەوە لەدژی حکومەت.

ئەم ئاگاداریەی یەڵماز دڵی سوپای ڕازی نەکرد سوپا خۆی کەوتە چاودێری کۆمەڵە ئیسلامیەکان داوای لە حکومەت کرد لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. سوپا وای بۆ دەچوو کە حکومەت کەمتەرخەمە لەڕووداوەکانداو بەکاری تەواوی خۆی هەڵناسێ لەدژی ئیسلامیەکان، یەڵمازیش دەیوویست دامەزراوە سەربازییەکان دەست وەرنەدەنە ئەم جۆرە کارانەوە، لە ڕۆژی ٢٦ی ئابی ١٩٩٧ یەڵماز بەدامەزراوە سەربازیەکانی ڕاگەیاند نابێت دەست وەردەنە ناو کاروباری حکومەتەوە ئەمە بەشێکە لەکاروبارەکانی حکومەت ئەرکی سەرشانی سوپا قەلاچۆکردنی(P.K.K) یەو پاراستنی وولاتە.

خۆپیشاندانەکان درێژبوونەوە بۆ ناو شارەکانی تری بۆرسەو قۆنیاو سێشاری تر یەڵمازیش چارەسەرێکی مەوزوعی لانەبوو، بەهۆی ئەم سیاسەتەی یەڵمازو

گۆشەگیربوون و دەستەوەستان لەئاست ڕووداوەکاندا ناچار سوپا ویستی خۆی بێتە ناوەوە، سوپا بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەرکان (ئیسماعیل حەقی قارادای) خۆنمایشکردنێکی گەورەو مەزنی سازدا بۆ دڵنیا کردنەوەی سەلامەتی کۆماری تورکی عیلمانی، لەگەڵ ئەوەی خۆپیشاندانی ئیسلامیەکان بەردەوام بوو، دامەزراوە سەربازییەکان وەفدێکی خۆیان نارده لای یەڵمازو ئاگادرایان کرد بۆ ئەم حاڵەتە کتوپڕەی ڕوویداوە پێویستە لە ئیسلامیەکان بدرێت بەلام یەڵماز ویستی هێوریان کاتەوە جارێ ئەم کارە نەکرێت تا نەبێتە هۆی زیاتر شێواندنی باری ناوخۆ نەگاتە حاڵەتی تەقینەوە، ئەم قسانەی یەڵماز دڵی دامەزراوە سەربازییەکانی ڕازی نەکرد ئەوانیش زیاتر فشاریان دەخستە سەر یەڵماز تا یەڵماز ناچار بوو ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٧٧ ڕایگەیەنێ توندترین سزا دووچاری ئەو کەسانە دەبێتەوە پڕوپاگەندەو گێچەڵ دروست دەکەن لەدژی حکومەت ئەم یاسایەش خرایە ناو یاساکانی وەزارەتی دادەوە تا لەمەو دواش پەیڕەوی پێ بکەن ئەمەش جۆرێك بوو لە گەڕاندنەوەی مادەی ١٦٣ لەیاسای سزادان کەساڵی ١٩٩١ هەڵگیرابوو وە تایبەت بوو بە کۆت و بەندکردنی چالاکیە ئایینیەکان.

چۆك دادانی یەڵماز لەبەردەم دامەزراوە سەربازییەکانداو کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لەسەر حکومەتەکەی بوونە هۆی کشانەوەی ئەندامێکی بەرزی حیزبەکەی بەناوی (علی جۆشکون) و کەپاشان پەیوەندی کرد بە قوتابیەکانی (امام -خطیب)وە دوای ئەمیش دوو ئەندامی تر وازیان لە حیزبی (نیشتمانی دایك) هێنا یەکێکیان (تورکۆت ئۆزال)بوو برا گەورەی (تورگۆت ئۆزال)بوو سیاسەتەکانی یەڵمازیان ڕەت کردەوە، ڕوون کردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە بەناوی (شێواندنی بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن) ئەم بەیانەی دەرکرا کاری کردە سەر لایەنگرانی (فێربوونە ئایینیەکان) بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و دەوڵەتیش لەهەڕەشەو چاوسوورکردنەوە زیاتر هیچیکەی پێنەبوو تا لەڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ ئەستەنبوول لەئاکامی بەردەوام بوونی ئەم حاڵەتەی ڕووداوێکی خوێناوی بەخۆیەوە بینیپێکداهەڵپژان ڕوویدا لەنێوان

خۆپیشاندەران و پۆلیس و جەندرمە بەدەیەها بریندارى لێکەوتــەوەو بەسـەدەها کەسیشیان لێگیرا.
پاش ئەم ڕوداوە بەدوو ڕۆژ پۆلیس دەورى مزگەوتى (ئـەنصارى)یـان دا لەشـارى ئەستنەبوول و نوێژکەرەکان لێیان هاتنە دەست و گۆڕەپانى مزگەوتەکـە بووە گۆڕەپانى خۆپیشاندان و هوتاف کێشان لەدژى یاساى فێرکردنـە ئایینى‌یـەکان و قسە پێگووتن بەو کەسانەى سەرپۆش قەدەغە دەکەن.

سەرپۆش ... دوژمنی یەڵماز

سیستـەمى تورکیـا ئـارامى بەخۆیـەوە نـەدى، ئەمجارە یـەڵماز لـەژێر ڕاسـپێرى سـوپا بـەرەو نەهێشـتنى سـەرپۆش جـوولا، ئافرەتـە سـەرپۆش بەسەرەکان بووبوونە هێمایـەکى ئیسـلامى لەڕووبەڕووبوونـەوەى ئیسلامیەکان و عیلمانیـەکاندا، سـەرەتا سـاڵى خوێندنــى ٩٩٧-٩٩٨ لـە زانکۆکـان و دادگـاو نووسینگە حکومیەکان بڕیار درا سەرپۆش لەسەرکردن قەدەغە بێت، ئەم بڕیـارە جێبەجێکرا بەزەبرى خۆ پیشاندان و تێك هەڵچوونى نێوان ئافرەتە ئیسلامیەکان و ئافرەتـە عیلمـانىو میانڕەوەکـاندا ڕۆژى ١٤ى تشـرینى یەکـەمى سـاڵى ١٩٩٧ مـانگرتن لەبـەردەم دەرگـاى زانکۆکـاندا پـەیدا بوو لەلایـەن ئافرەتـە سـەرپۆش بەسـەرەکان چونکـە ڕێگایـان پێنـەدرا بوو بـەو شـێوەیە بچنـە زانکۆکانـەوە، سەرۆکى حیزبى (ڕاپەڕین -نهضة) حسن جلال کوزال پەیوەندى بەمانگرەکانـەوە کردو ئەم هەلەى قۆزتەوەو مانگرەکان بەردەوام بـوون لـە مـانگرتن وە بۆ ڕۆژى دووەم سەرۆکى حیزبى (ڕاپەڕین) بڕیارى مانگرتنىدا لەگەڵیاندا، لەوێوە بـەرەو ماڵى (پارێزگا) لەشارى (قۆنیا) کەوتنە ڕێ بۆ ڕۆژى دوایى مانگرتنـەکان پـەرەى سەند زۆربەى شارەکانى ئەسـتەنبوول و ئەنقـەرەو قۆنیـاى گرتـەوە هـەندێ لـە سەرۆکى شارەوانیەکان و ئەندامـەکانى ڕەفـا بەشـداربوون. مانگرتنـەکان بـەرەو گەورە بوون دەچوون لەشارو گوندو قەزاکانـەوە کچە قوتابیـەکانى تـر دەهاتنـە پاڵیان، تاکوکار گەیشـتە ئـەو ڕادەیـەى پۆلیس قوتابیـە عیلمانیـەکانى هـاندەدا

گاڵتە بە مانگرتووەكان بكەن و تیرو توانجیـان تێگرن پاشـان بۆجـارێكی تریـش پێكاهەڵبژان ڕوویدا بەدەیەها كەس بریندار بوون و بەسەدەها كەسیش ڕاپێچی زیندانەكان كران.

هەرچەندە ڕوداوێكی جەرگ بڕ ڕوویدا كەچی جەنگی (سەرپۆش) كۆتـایی نـەهات و زیـاتر تەكەتولەكـەی یەڵماز ئـەم ئاگرەیـان خـۆش دەكـرد لـەدژی یـەڵمازو حكومەتەكەی، ئەم مەسەلەیە هەر بـرەوی هـەبوو، مـانگی یانزەی سـاڵی ١٩٩٧ كۆنگرەی پێنجەمی حـیزب الله ی توركـی بەسـترا وەفـدی حـیزبی ڕەفـاو حـیزبی ڕێگـای ڕاسـت و وەفدێك لـە قوتابیـە سـەرپۆش بەسـەرەكانی زانكـۆ ئامـادەی كۆنگرەكە بوون دروشمێكیان بەرزكردبۆوە تیایا نوسرا بوو (ئەو دەستانە بشكێ كەدەست درێژی دەكەنە سەر سەرپۆش) ئەمـەش نیشـانەی درێژبوونـەوەی ئـەو جەنگەی پێشوو بوو، حكومەتی یەڵمازش بەردەوام بـوو لـەكاركردن بـۆ قەدەغـە كردنـی سـەرپۆش وەزارەتـی پـەروەردە لـە مـانگی یـەكی ١٩٩٨ دا بـەرەسمی قەدەغەكردنی سەرپۆشـی ڕاگـەیاند لـەو جێگایانـەی پـەیوەندیان بەوەزارەتـەوە هەیـەو داوای نـاوی ئـەو ئافرەتەنـەیان كـرد كـە بەرگیئیسلامی دەپۆشـن هـەتا لەسەر كارەكانیان دەریانكەن.

مانگی مـارتی ١٩٩٨ خۆپێشـاندانێكی گـەورە لەبـەردەم زانكـۆی ئەنقـەرە ڕویـدا ژمارەیـان (٣٠٠٠) قوتـابی دەبـوون لـە كچـان و كـوڕان لــەدژی سیاســەتی (سەرپۆش)... ئەمە وای كرد مەسعود یەڵماز ڕوونكردەوەیەكیان ئاراستە بكـات و ڕاستی مەسەلەكەیان لێبشێوێنێ بڵێت: ئێمە بەهیچ قوتابیەكی كچمان نـەگوتووە سەرپۆش بكەن یان نەیكەن.

دیاردەی سەرپۆش لەكۆتایی ساڵی ١٩٢٦دا لەكاتی فەرزكردنی عیلمانیەت پـەیدا بـوو لـەچوارچێوەی(تازەگـەری–تحدیث)دا سـەری هـەڵدا ئـەو كاتـەی بـەزۆر ئافرەتان فێردەكران سفووربن، ئەنجوومـەنی شـارەوانیەكان چـەند یاسـایەكیان دەركـرد و یـەكێك لەوانـە قەدەغـەكردنی پـانتۆڵ بـوو لـەجیاتی ئەمـە بكرێـت

بەتەنوورە ئەگەر نا ئەوا مێردەکانیان یا خزم و کەسەکانیان ڕادەکێشرێنە بەردەم دادگا.

ساڵی ۱۹۸۹، ۱۹۹۳ دادگای دەستووری تورکیا پشگیری لەقەدەغەکردنی سەرپۆش کرد ڕایگەیاند کەسەرپۆش هیمای کۆمەڵگای ئیسلامیە لەدژی دەوڵەتی عیلمانی، وە لە ڕوانگەی وولاتانی ڕۆژئاواوە، قەدەغەکردنی سەرپۆش ناوەڕۆکی عیلمانیەتی دەوڵەتی تورکیەو ڕێزگرتنە لە ئافرەت، وە سەربەستی دەبەخشێتە ئافرەت، وەلەڕوانگەی ئافرەتە ئیسلامیە تورکیەکانەوە سەرپۆش کردن هێمای ئیسلامەو هەم سەربەستیشە لەهەردووکاتدا. سەرپۆش لای ئەوان پابەند بوونی یەکەمە بەخواوە، خۆ پاراستنێکی نموونەییە بەرامبەر پیاوان بەرگری کردن لەسەرپۆش بەرگری کردنە لەسەربەستی ئافرەت.

حیزبی ڕەفاش نەیتوانی بەپێی پێویست ڕەوتی ڕوداوەکان بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە بەپێی ئەو گلەییو گازەندەیەی لەلایەن ئافرەتە ئیسلامیەکانەوە دەکرا بۆ نمونە (فاتمە کاریجا) پارێزەرێکی ئیسلامی بوو بەهۆی ئەو جل و بەرگەی لەبەریا بوو چوونە ناو هۆڵی دادگایان لێ قەدەغە کرد بوو وە دەڵێت: لیستەکەی حیزبی ڕەفا کەئامادەی کردبوو بۆ هەڵبژاردن ژمارەیەکی زۆر کەم ئافرەتیان تێکردبوو وەکاتێکیش دەسەڵاتیان گرتە دەست هیچ جێگاو شوێنێکی گرنگیان بەو ئافرەتە ژمارە کەمانە نەدا، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش بیرۆکەی باوک سالاری زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی پیاوەکان لەحیزبدا، حیزبی ڕەفا ئافرەتان تەنها وەك ئامرازێکی حیزبی بەکار دەهێنن لەشەقامەکاندا وەك نەیارانی حوکم پێشانیان ئەدەن، خۆیان نایانەوێ نەدەسەڵاتی حکومی نە دەسەڵاتی حیزبی بگرینە دەست.

قەدەغەکردن و لەکارخستنی حیزبی ڕەفا

بڕیاری دەرچوونی هەڵوەشاندنەوی حیزبی ڕەفا لەلایەن دادگای دەستووری تورکیاوە لە ١٦ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ بڕیارێکی کت و پڕ نەبوو. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕێژەی دەنگەکانی حیزبی ڕەفا کەکاتی خۆی ٢٠٪ی دەنگەکانی هێنابوو، کەواتە لە(٨٠٪)ی تری پشتگیری لەسوپاو حیزبە عیلمانیەکان دەکەن یاخوود حەز بە موسڵمانگەرایی تورکیا ناکەن.
وە لەڕاستیدا سوپا پارێزەری دەوڵەتی تورکیا بوو بەپێی ووتەکانی جێگری سەرۆک ئەرکان جەنەراڵ (شەفیق بیر)[٢] کەدەڵێت (تورکەکان بەچاوی ڕێزو خۆشەویستییەوە دەڕواننە سوپا سەرباری ئەوەی ڕەخنەشیان لێدەگیرێت، بەڵام ئەمان قەڵاچۆکەری دوژمنانی وولاتن و نوێنەری مصطفی کمال ئەتاتورکن (بنیاتنەری تورکیای نوێ)، ئایا نابینن لەئەنادوڵ کاتێك کەسێك دەچێت بۆ خزمەتی سەربازی بەتەپڵ و زورناوە بەڕێیدەکەن و ساڵی ١٩٨٠ جەماوەر خۆیان یارمەتی جەنەراڵ کنعانیان دا بۆ سەرکەوتنی کودەتاکەی خۆشیان بۆ سەرۆك کۆماری هەڵیان بژارد).
ئاشکرایە پێش دەرچوونی بڕیاری دادگایی کردنی ئەریەکان کلاوێکی سیاسیو سەربازی پشت پەردەی کرا بوە سەر، بەرامبەر بەخۆی و بەحیزبەکەشی بۆ دڵنیا بوون لەم ڕایە پێش دادگایی کردنی ئەریەکان بەدوومانگ (دەعوا)یەکی بەرزکردوە بۆ بەردەم دادگا لەهەزار لاپەڕە پێك هاتبوو هەمووی بەرگریکردن بوو

([٢]) (شەفیق بیر) پیاوێکی بەهێزو بەدەسەڵاتی تورکیایە لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ بەسەرۆکی سوپا هەڵبژێردرا ئەندازیارێکی فیعلی بوو لە بۆ هەڵمەتکردن لەدژی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥، وە جێبەجێکەری ڕێکەوتنامەکانی تورکی _ئیسرائیلیە.

لەخۆیو لەحیزبەکەی دەیویست بەزۆر وازی پێنەهێنن لە حوکم، بەرپەرچی ئەو تاوانانەی دەدایەوە کە خرابوونە پاڵی گوایە بەنیازی دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە.

بۆ لەبەرچاو گرتنی ئەو یاسا ترسناکە ئەربەکان کەوتە جم و جۆڵ و لەکۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٩٧ حیزبێکی تازەی بەناوی (الفضیلة) پێك هێنا بۆ ڕزگارکردنی حیزبی ڕەفا. هەموو کەسێك دەیزانی ئەو دادگاییەی بۆ ئەربەکان ئامادەکراوە بەپاکتاو کردنی قەزایی ڕەفاو سەرۆکەکەی کۆتایی دێت هەربەم شێوەیەی زانرابوو لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ دادگاییەکە کۆتایی پێهات، ناوەڕۆکی بڕیارەکانی دادگا ئەمانە بوون:-

-هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ڕەفا.

-دەست بەسەراگرتنی داراییو دەرامەتەکانی حیزب.

-بڕینی هەموو ئەو یارمەتیە مادیانەی لەدەوڵەتەوە وەری دەگرن.

-دەرکردنی ئەربەکان و ئەندامەکانی (ئەوانەی لە حیزبی ڕەفادان) لەناو پەرلەمان و لەکارخستنیان، قەدەغەکردنیان لەچالاکیسایی بۆ ماوەی (٥) ساڵ.

دوای دەرچوونی بڕیارەکان ئەربەکان داوای لە ئەندامەکانی حیزبەکەی کرد کۆبنەوەو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی بەست ووتی: داخستنی حیزبی ڕەفا کۆتایی شتەکان نیە بەڵکو خاڵی دەستپێکردنی ڕووداوەکانی مێژووە گەلی تورکی خۆی دەمانگەیەنێتەوە دەسەڵات لەداهاتوودا، چونکە خۆیان دەزانن کێ دەیان چەوسێنێتەوە داوا لەهەمووتان دەکەم هێمنی بپارێزن ڕێگا نەدەن دووبەرەکیو ئاژاوە هەڵگیرسێت بارێزەکانمان درزی تێنەکەوێت، خۆنمایشکردنەکانی ئەربەکان بەرەو هاتنە خوارەوەیەکی خێرا هاتن و ئەندامەکانیشی کۆتایی بەدەسەڵاتی سیاسیان هێنرا، وە لێرەدا جیاوازییەکی بەرچاو هەبو لەنێوان سیاسەتەکانی تورگوت ئۆزال و ئەربەکان ، ئۆزال پێچەوانەی ئەربەکان بوو حەزی لە نمایشکردن نەبوو پێی باش نەبوو وەك کەسێکی ئیسلامی دەرکەوتوو خۆی پیشاندا ئەوەی کردی گەڕانەوەی سیمای ئیسلامی تورکیا بوو بۆ دەوڵەت و

کۆمەڵگا، مەیلی گاڵتە پێکردنی نەبوو بەدامەزراوە سەربازیو عیلمانیە زیادەڕۆکان تاکو هەل بۆ بەرامبەرەکەی نەڕەخسێنێو زاڵ نەبن بەسەریدا.

کەچی سەرۆکی ڕەفا (ئەربەکان) پێی وا بوو حیزبەکەی سوپاپاکەو ئەتوانێ لەبەرامبەر سوپای تورکیا بووەستێتەوە ئەم حاڵەتە بەقسەکانیەوە بەڕوونی دیاربوو هەرگیز سیاسەتی (موسڵمانگەرایی) نەشاردۆتەوەو کاریشی بۆ دەکرد، ئەوەی توانیبێتی لەم بارەیەوە کردبێتی جێبەجێکردنی (موسڵمانگەرایی) ئامانجی یەکەم و ئامانجێکی جیدی بووە ئەمەش مافی خۆی بووە بەڵام لەگەمە سیاسیەکان و زۆرانبازیەکانی دوولایەنی بەرانبەر بردنەوەو دۆڕاندنیشی تیایە.

لەلایەکی ترەوە تاوانێکی تری خرابووە پاڵی لەلایەن ئەندامانی حیزبەکەیەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپا وەك نووسەری تورکی (طە ئەقیول) دەڵێ تێك چوونی نێوان سوپاو ڕەفا بەهۆی هەڵەی حەوت هەشت کەسی ئیسلامیە توندڕەوەکانی ناو ڕەفا بوون بەبێ بیرکردنەوە و بەهەڵەشەیی دەستیان کردبوو بە جنێودان بەئەتاتورك و کۆماری عیلمانی تورکیاو بونە هۆی شێواندنی وەزعەکان و تەقینەوەیان......

کاتێك دادگا بڕیاری داخستنی (حیزبی ڕەفا)یان دا ئاماژەیان کرد بەوەی حیزبی ڕەفا تورکیای گەیاندۆتە کەناری جەنگی ناوخۆو، بەگۆڤارو ڕۆژنامەکانیان ڕاگەیاند لەدژی ڕەفا بنووسن سەردێڕی بابەتێکیان نوسرا بوو (ئەندامەکانی حیزبی ڕەفا خەریکی خۆچەکدار کردنن) خەڵکیان وا تێدەگەیاند ڕەنگە لەداهاتوودا تورکیا ببێتە ئێران، کارگەیشتە ئەوەی سەرۆکی هێزە دەریاییەکان (جۆفن ئەقایا) بێتە سەر تەلەفزیۆن و بڵێ ئیسلامیەکان بەنیازی یاخیبوونن لەشوێنە جیاجیاکاندا وەکو لەوەی لە ئێراندا ڕوویدا کەچی لەگەڵ ئەم تاوان بارکردن و بوختانانەدا تەنانەت یەك دەلیلیان نەبوو لەدژی حیزبی ڕەفا ڕاستی قسەکانیانی پێ بسەلمێنن. گەروا بوایە هەرزوو دەلیلەکان بەرز دەکرایەوە بۆ دادگای دەستووری دەوڵەت.

نووسەر لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: حیزبی ڕەفاش وەك باقی حیزبەکانی تر بێ هەڵە نەبووە هەڵەکانیشیان بریتی بوون لە (کامڵ نەبوونی عەقلی سیاسیان و دیماگۆجیەت لە ڕادەربڕینەکانیانداو خۆ دەرخستنیان لە قسەکردنداو هەندێ بیرو بۆچوونی ناعەقڵانی)...

وە لێرەوە پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا بە تەواوی کۆتایی بە ڕۆڵی سیاسی ئەربەکان هات؟

گەر تەماشای بڕیارەکەی دادگا بکرێت کە بووە هۆی لە کار خستنی ئەربەکان هۆیەکی تریش هەبوو بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەربەکان تەمەنی گەیشتبووە (٧١) ساڵ، هاوکات لە گەڵ دەرچوونی بڕیارەکەدا. زانای کۆمەڵناسی تورکی پرۆفیسۆر (سەنقەر ئەیاتا) دەڵێ: بزووتنەوەی ئیسلامیی چاکترین یاریزانی لە دەست چوو ئەویش ئەربەکان بوو وە دوای ئەمە بێگومان ناکۆکی و ناهەمواری لە ناو سیستەمەکەیدا پەیدا بوو. وە بەدڵنیاییشەوە دوورکەوتنەوەی ئەربەکان بۆ گرتنەوەی جێگاکەی و بوون بە خەلافەتی ئەو ئاژاوە پەیدا بوو لە ناو بزووتنەوەکەدا وە لە دوای قەدەغە بوونی حیزبی رەفا هەڵوێستی ئیسلامیەکان بەرەو ئیجابی بوون دەڕۆی پاش ئەو گۆڕانەی بە سەریان هات حیزبێکی ئیسلامیی تازەیان دروست کردو ناوی (فەزیلەت) یان لێنا، جەنگی خەلافەتی ئەربەکان دەستی پێکرد لە نێوان دوو کۆمەڵی ناو بزووتنەوەکە، کۆمەڵی یەکەم پێکهاتبوون لە گەنج و لاوەکان و لایەنگیریان لە دوو سەرکردەی تازە پێگەیشتوو دەکرد ئەوانیش (رجب طیب ئەردوغان و عبدالله گوڵ و بلند ئەرینج) بوون کۆمەڵەی دووەمیان سەرکردە بە تەمەنەکان بوون لە دامەزراندنی حیزبی رەفاوە لە گەڵ ئەربەکان دا بوون وەك (رەجایی قۆتان، شوکت قازان، سلێمان عارف، فهیم ئاراك) بەلام لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ئیسلامیی نەیئەتوانی یەکێکی وەك ئەربەکانی دەست کەوێ وە حیزبەکەی کۆ بکاتەوە بە تایبەتی لە ناوەندێکی ئاوادا بە دامەزراوی سەربازی ستراتیجیو دامەزراوە عیلمانیەکان دەورە درابوون و دەیان ویست:

١- کۆتایی بهێنن بە ئیسلامی‌یە سیاسی‌یەکان کە حیزبی رەفا پێشڕەویان بوو وە دور خستنەوەی هێما ئیسلامی‌یەکان وەك ئەریەکان و هاوەڵەکانی لە گۆڕەپانە سیاسیەکە.

٢- رێگا نەدەن لە ژێر ناوێکی تازەدا جارێکی تر خۆیان بکەنەوە بە ناو پەرلەمان دا.

٣- گەڕانەوەی تورکیا بۆ زەمەنی ئەتاتورك و ساڵی ١٩٣٨، مانای ئیسلام ئایینێك بێ لە چوارچێوەی ژیانی تاکە کەس زیاتر نەچێتە دەرەوەو نەچێتە قاڵبی هێماکان و قوتابخانەو فەرمانگە رەسمی‌یەکان و بەرنامە سیاسی‌یەکانەوە.

ئەم ستراتیجی‌یەتە بەشێك بوو لە داواکاری‌یەکانی سوپاو ئەمەش بووە هۆی هێنانەوە کایەی قەیرانێك لە نێوان یەڵمازو سوپا، مەسعود یڵماز دوو جار لە روون کردنەوەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد بەرەنگار بوونەوەی شەپۆلە ئایینیە توندرەوەکان لە ئەستۆی حکومەت دایەو لە ئەستۆی سوپادا نی‌یە، ئەوان کاری تر زۆرە بیکەن با بچن کارەکانی خۆیان لە مەسەلەی قوبرس و باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و دەریای ئیجەدا جێبەجێ کەن ئەو کاتەی یڵماز ئەم روون کردنەوەیەی پێشکەش کرد وەفدێك لە گەورە ئەفسەران پێکهاتبوون و بە سەرۆکایەتی (ئیسماعیل حەقی قارەدای) خۆیان گەیاندە لای یڵماز داوایان لێکرد بە هەر شێوەیەك بێت بەرەنگاری ئیسلامی‌یەکان بێتەوە، بەڵام سەردانەکەیان بۆلای یڵماز هەموو شتێك نەبوو بۆ سوپا، خۆیان بە ناوی سەرکردایەتی هێزە سەربازی‌یەکانەوە بەیانێکیان دەرکرد لە رێکەوتی ٢٠ مارتی ١٩٩٨دا، ناوەڕۆکی بەیانەکە دووپات کردنەوەی هەڵمەتی سوپا بوو بۆ سەر ئیسلامی‌یە ئوسوڵی‌یەکانی ناو وولات.

وە یڵماز هیچ شتێکی پێنەبوو بیکات بۆ پاشگەز بوونەوە لە قسەکانی پێشووی خۆی، ناچار رۆژێك دوای ئەمە لە رێگای تەلەفزیۆنەوە پیاوە سەربازی‌یەکانی ئاگادار کردەوە کە کاری پێویست ئەنجام دەن ووتی (ئەفسەرەکان مافی خۆیانە

روویەرووی ئوسولی‌یەکان ببنەوە من رێگر نیم لەو کارانە گەر ئەوان بیکەن) پاش ئەمەش رۆژی ٢٣ مارتی ١٩٩٨ بە پێی داخوازی‌یەکانی سوپا چەند ئاگاداری‌یەکی بلاوکردەوە کە بریتی بوون لە:

- پێکەوە نانی دەزگایەك بە مەبەستی چاودێری کردنی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوو دامەزراوانەی گومانیان لێ‌ی هەیە، چاودێری کردن لە سەر پارەو پولی ئەم دامەزراوانە.
- قەدەغە کردنی رێکخستنە سیاسی‌یەکانی دژ بە عیلمانی‌یەت.
- چاو خشاندنەوە بە یاسای تایبەت بە خۆپیشاندان.
- توند کردنەوەی سزاکان بۆ سەر ئەو کەسانەی پۆشاکی ئیسلامیی لە شوێنە حکومی‌یەکان دەپۆشن.
- قەدەغە کردن لە دروست کردنی مزگەوتی تازە، دەبێت مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینی وەرگیرێت.
- دەرکردنی ئەو پۆلیسانەی لە ناو دەزگای پۆلیسدا چالاکی ئیسلامیی دەنوێنن.
- رێگرتن و مەرج دانان لە سەر کڕین و فرۆشتنی چەك.

ئەم لێپرسینەوەیەی یلماز پیاوە سەربازی‌یەکانی دڵنیا نەکردەوە چونکە ئەم یاسایانە کۆن بوون و وەزعەکەش پێویستی بە یاسای تازە هەبوو بۆ دانانی یاسای نوێ حکومەت پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئیرادەیەکی سیاسی یەکگرتوو نەبوو یاساکان جێبەجێ بکا.

دامەزراوە سەربازیی‌یەکان خۆیان رێگایەکی تریان گرتە بەر بڕیارێکیان کەلاڵە کرد بە دەرکردنی هەموو ئەو لێپرسراوانەی لە وەزیفە رەسمی‌یەکاندان بە تایبەتی وەزارەتی داد کە یەکێك لە پیاوە ناودارەکانی حیزبی رەفا دەیبرد بە رێوە ئەویش (شوکت قازان) بوو، ئەم بڕیارە جگە لە مانە (٣٧) حاکمی ولایەتەکانی گرتەوە لە کۆی (٨٠) حاکم، و (٢٠٠) بەڕێوەبەری پۆلیس بەر ئەم بڕیارە کەوتن.

وه لـه یـەکێك لـــه کۆبوونـــەوەکانی ئەنجومـــەنی ئاسایشـــی نەتـــەوەیی داواکـــرا چاودێری‌یـەکی زۆر توند و تیـژ بخرێتـه سـەر گروپەکـەی (فتـح الله گولــن) کـه خـەریکن رەگ و ریشــه دادەکوتــن و ئــەم گروپانــه دەگەڕانــەوە ســـەر هــۆزی (نەورەسی‌یەکان) وه گرنگی‌یەکی زۆریان دەدا بە فێرکردن و بیرو را ئایینی‌یەکان ،ئـەم گروپـه نفـوزی خـۆی لـه تورکیـــا بـــلاو کردبـــۆوه ئێســـتا خـــاوەنی (١٠٣) قوتابخانەی تایبەتی خۆیانن کەبه قوتابخانه هەره باشەکانی وولات دەژمێردری، (٤٦٠) پۆلیـان هەیه قوتابیـانی قوتابخانـه ئامادەیی‌یـەکان تیـایدا دەخوێنـن بـه مەبەستی وەرگرتنیان لە زانکۆکان، (٥٠٠) خانوویان هەیه بۆ خزمەتی قوتابیان و خـاوەنی (٩٠) دامــەزراوو (٢١١) کۆمپانیـای بازرگـانی‌و کـەناڵێکی تەلــەفزیۆنی و رۆژنامەیەك و ١٤ گۆڤاریان هەیه، جگه لە (٢) ئێزگەی رادیۆیی.

سوپا داوای کرد دەست بە جـێ چاودێری‌یـەکی تـەواو بخرێتـه سـەر دارایـی ئـەم گروپـه کـاتێك بۆیـان روون بـووەوە داهـاتی ســاڵانەیان بریتی‌یـه لـه (١٥) ملیـار دۆلار.

بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانه لە کۆبوونەوەیەکی تری ئەنجوومـــەنی ئاسایشـی نەتەوەیی پەیمان بە مەسعود یەڵماز تازه کرایەوه کۆمەڵێك لێپرسراوی گەورەش بانگ کرابوون و ئەم ئەرکەیان رووبەڕوو کرایەوه...

دەبێ بپرسین ئەم بڕیارانه جێبەجێ دەکرێت؟ گەر بڕیارێکی وا قورس جێبەجێ بکرێت ئایندەی تورکیا چی لێ بەسەر دێت؟

وه لە راســتیدا گـەر بڕیارەکـان سـەراپا جێبـەجێ بکرێـت ئەمـە مانـای نـەمان و بزربوونی ئیسلامیی سیاسی‌یه لە ژیـانی سیاسـی تورکـی‌دا لـه دۆخێکـی ئاواشـدا دەبێت تورکیا بگەڕێتەوه بۆ ساڵی ١٩٣٨ و ئیسلام بچێتەوه چوارچێـوەی ژیـانی تایبەتی کەسەکان لەوه زیاتر کاری پێ نەکرێت.

وه ئێمەش دەڵێین: نەك تورکیا بـەڵکو کـام وولاتـی نـاو جیـهان رازی دەبێـت بـه سروشـت و مەرجـەکانی سـاڵی ١٩٣٨؟ یـاخود بـۆ جێبـەجێ کردنـی بڕیارەکـــان دەبێت بیر لە شتێکی تر بکرێتەوه ئەویش تەنها کودەتای ســەربازی‌یه... دەبێـت

هەڵوێستەیەك بکەین، بڵێین ئایا هیچ (دڵنیاییەك - ضمان) هەیە کودەتاکە بتوانێت زیندووبوونەوەو بە بەرداهاتنەوەی ئیسلامی‌یەکان بوەستێنێت؟

تورکیا ... پاش (٧٥) ساڵ لە ڕێبازی ئەتاتورکی ..

پاش (٧٥) ساڵ لە ڕێڕەوی ئەتاتورکی، قەڵەمبازێکی وای بەخۆوە نەدی کەئاوات و خەونی چەند ساڵەی بوو، ئەو ڕێبازە ئەتاتورکی‌یەی کە شانازیان پێوە دەکردو خواستەکانی خۆیانیان تیا دەبینیەوە وادەرنەچوو، بگرە بووە هۆی بەرەو هاتنە دواوە لە زۆر بوارداو ببوە مایەی (سوکایەتی - اهانە) پێکردنی دەوڵەتان، گەورەترین سوکایەتیش بە تورکیا کرابێ لە یادی ئاهەنگ گێڕانی تورکیا بوو بەبۆنەی تێپەڕ بوونی (٧٥) ساڵ بە سەر دامەزراندنی ئەتاتورکی‌دا، ڕەفزی بۆ هاتەوە لەبڕیاری وەرگرتنی یەکێتی ئەورووپا، کە چی پەیمان درابوو بە هەندێ دەوڵەتی وەك (پۆڵونیا و مەجەر و چیك و سلۆڤینیا و ئەستۆنیا) لە ساڵی ٢٠٠٠دا وەریانگرن بەو مەرجەی ئەم دەوڵەتانە زۆر لە دوای تورکیاوە و لە دوای ڕوخاندنی دیوارەکەی بەرلینەوە پێشنیاریان بەرزکرد بۆوە، بەڵام تورکیا لە ساڵی ١٩٨٧وە بە ڕەسمی خەریکی ئەم داوایە بووە، سووکایەتی پێکردنێکی تر بە تورکیا، بەستنەوەی مەسەلەی (قوبرس) بوو، کردیانە مەرجێك بۆوەرگرتن لە یەکێتی ئەورووپی گەر بڕوانینە تورکیا بە پێی پێوانە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌یەکان و دوای (٧٥) ساڵ لە بەردەوام بوونی ئەتاتورکی‌یەت هێشتا نەچۆتە ریزی وولاتە پێشکەوتووەکانەوە بە پێی ئەو دەست کەوتانەی کە هەیەتی، ساڵی ١٩٩٧ داهاتی کشتی ناوخۆی تورکیا گەیشتە (٢٠٠) ملیار دۆلار و ئابووری تورکیای خستە (١٦) هەمین وولاتەوە، ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان لە چاو ساڵی ١٩٢٣ بە ڕێژەی ٢٥٪ بوو گەیشتە لە ٦٥٪، تا ساڵی ١٩٩٧، وە ڕێژەی نەخوێندەواری دابەزی بۆ ١٠٪ وە ناوەندی داهاتی تاکە کەس ساڵانە لە (٣٠٠) دۆلار نەهاتە خوارێ، وە ئابووری بەشێك لە وولات لە خوارووی

سالآنە لە (٣٠٠) دۆلار نەهاتە خوارێ، وە ئابووری بەشێك لە وولآت لـە خـوارووی رۆژهەلآتی وولآتدا ئابووری‌یەکی نیمچە دەرەبەگایەتی‌یە لە گەلْ ئەوەشدا داهاتی (نێردراوەکان - صادرات) گەیشتبووە ٢٦ ملیـار دۆلار تـا سـالْی ١٩٩٧، وە هـەر ئەو سالە دەرامەتەکان بە گشـتی بریـتی بـوون لـە (٤٦) ملیـار دۆلار وە تێکـڕای هەلآوسان سالْی ١٩٩٤ گەیشتبووە ١٢٤٪ وە سالْی ١٩٩٨ ببـوو بـە ٩٩٪، کـورت هێنان لە بودجەی گشتی دەولْەت نزیك بوو لە (٨,٥٪) لە تێکـڕای بەرهەمـەکانی ناوخۆ، کەلْەکە بوونی قەرزەکانی دەرەوە لە ئاستی (٩٥) ملیار دۆلاردا بوو، واتە بە رێژەی ٤٨٪ لە داهاتی نەتەوەیی لە سالْی ١٩٩٨دا، چەند سالْێك لە مـەوپێش (٢٠٪)ی دانیشتوان لە چینی هەژارەکان بوون و لە کۆی داهاتـەکان (٣,٥٪) یـان بەرکەوت، وە ئێستا واتـە سـالْی ١٩٩٨ لـە (٢٠٪)ی دانیشـتوان دەولْەمـەندن لـە کۆی داهاتەکان (٥٥٪) یان بەردەکەوێت. حکومـەتی مەرکـەزی و بیرۆکراتیـەکان زۆریان پەلە بوو لە (بەتایبەت کردنی) ئابووری وولآت و بە جیهانکردنی(عولمە).
تاکو سالْی ١٩٩٧ نرخی ئەو کۆمپانیایانەی دەولْەت فرۆشتبووی و کردبوونـی بـە کەرتی تایبەت بایی (٣,٤) ملیار دۆلار بوو، ئەم رەفتارەی حکومـەت بـووە هـۆی جۆرێك لە فەسادو دروسـت کردنـی توێژێکی ئۆلیگاریشـی، سـەرکردەکان تێکـڕا دەستیان هەبوو لەم کارانە کەوتبوونە بـەر لۆمـەی جـەماوەرو تـاوان خرایـە پـالْ ئۆزال بە پێگەیاندنی هەندێ سەرمایەداری خوێن مژ وەك (صـابونچی و کوچـەك) هەروەها تانسۆ چیللەریش تاوانبار کرابوو بە کۆکردنـەوەی سـامان و نـاردنی بـۆ دەرەوەی وولآت جگە لەمەش مەسعود یەلماز ئاسان کاری کرد بوو بۆ فرۆشـتنی بانکێکی بازرگانی دەولْەت بە (عەلادین شاقچی) یەکێك بوو لە مافیـا گـەورەکانی تورکیا.
تورکیا بە تـەواوەتی ببـو بـە شـوێنی دروسـت کردنـی پـارەی سـاختە بـە پـێ‌ی راپۆرتی (د.مصطفی تۆریـن — بەڕێوەبـەری گشـتی سـەرژمێری و تۆمـار کـردن) تورکیا سالآنە (٥٠) ملیار دۆلاری دێتە دەست لەم کارە دزێوانە و ٣/١ ی داهـاتی تورکیا پێك دەهێنێـت، ئـەم سـەرمایەدارە هەلْتۆقیوانـە پێشـبڕکێیانە لـە کڕینـی

بانکەکان لە راپۆرتێکی (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس)دا هاتووە لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٨دا دەرچووە دەڵێ: یەکێك لەو ڕێگایانەی پارەی ساختەی تیا سەرف دەکرێت بانکەکانی تورکیایە ، ئەو دەستبڕانە دەچن پارەیەکی زۆر بەقەرز لە بانکەکان وەردەگرن و پاش ماوەیەك پارەی ساختەیان بۆ دەبەنەوە.

بە پێودانگێکی سیاسی بڕوانینە وولاتی تورکیا، دەبێ بڵێین وولاتێکی نادیموکراتیە، مافەکانی مرۆڤ لە بەرچاو ناگیرێ گەر لە روانگەیەکی ئەوروپی‌یەوە تەماشاکەین هەر چەندە سیستەمی فرە حیزبی پەیڕەو دەکرێت و دەسەڵاتی حوکم لە نێوان حیزبە جیاجیاکاندا ئاڵوگۆڕ پێ دەکرێت، بەڵام تائێستا حوکم لە دەسەڵاتی سەربازی نەسێندراوەتەوە بەڵکو ئەمان چارەنووسی ئیئتلافەکان دیاری دەکەن.



Ataturk

دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کودەتای سەربازی لە لایەن ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپی‌یەوە ناشایستە و ناپەسەندە، پیاوە سەربازی‌یەکان شێوازێکی تریان بە کارهێنا ئەویش خۆ فەرز کردنیان بوو لە ناوەندە گرنگ و پڕپایەخەکاندا، بۆ نموونە پلەی سەرۆك کۆماریان گرتە دەست خۆیان، وەسەرۆکی حکومەت و سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەشیان لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە خستە ژێر دەستی خۆیان، هەر وەها لە حاڵەتە چارەنووس سازەکاندا هەر خۆیان بە پلەی یەکەم بڕیاردەری سەرەکین وەك هەڕەشە کردنیان لە سوریاو بەرپاکردنی جەنگ لە دژیان یا کردەوە سەربازی‌یەکانی لە دژی PKK دەکرێت و پەیمانە ستراتیجی‌یەکانی خۆیان و ئیسرائیل وە ٣/١ی بودجەی دەوڵەتیان بۆ خۆیان دابین کردووە بە ناوی (بەرگری کردن لە وولات)ەوە.

لە پێشێل کردنەکانی مافی مرۆڤ دەبینین ناوچە کوردنشینەکان زۆربەی کات حاڵەتی نائاسیی تیا فەرز دەکرێت کوشتن و ئەشکەنجەو دەرکردن و سوتاندنی

خانووبەرەکان بۆتە کارێکی رۆژانەو (١٥) ساڵە بەردەوامە لە کام جێگای تورکیا چەند کەسێك بەند نەکراوە بە تاوانی جیابوونەوە یان ئوسولیەت یا شێواندنی دەوڵەتی عیلمانی ئەتاتورك؟

رۆژی ١٢ی مایسی ١٩٩٨ لە نووسینگەکەی خۆی چەند چەکدارێك تەقەیان لە (ئەکین بیردال)کرد کە سەرۆکی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ بوو، تەنها لەبەر دەربڕینی هاوسۆزی خۆی بۆ کوردەکان ، ئەمە وای لێکرد بڵێ تورکیا دووچاری جەنگێکی بەردەوام بۆتەوە لە نێوان نەتەوەکان و بیرە جیاجیاکان وە چەك جێگای یاسای گرتۆتەوە. هەر لە یادی تێپەڕبوونی (٧٥) ساڵەی دروست بوونی ئەتاتورکی یەت، (٥٠) کەس بوونە قوربانی لە ناو زیندانەکانی تورکیا بە هۆی مانگرتنیانەوە وە هەر ئێستاش زیندانەکانی تورکیا زیاتر لە (٦٠) هەزار زیندانی تیا بەند کراوە بەتۆمەتی سیاسی بوونیان و لەمافە سەرەتاییەکانی ئینسان بێبەشیان کردوون، هەر لەو یادەدا بەرامبەر جوڵاندنەوەی کوردی ئەمجارە تورکیا زیاتر خۆی توندتر کردووە لە ژێر فشارو هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆردا سوریا ناچار کرا رێکەوتنێك لە گەڵ تورکیا ئیمزا بکات خاڵێکی گرنگی رێکەوتنامەکە دەست هەڵگرتن بوو لە یارمەتی دانی (PKK) دەرکردنی سەرۆك (عبداللە ئۆجەلان) لە خاکی سوریا، پاش ئەمە حاڵەتی نائاسایی لە شەش ناوچەی کوردی راگەیەندرا. ئەویش (دیاربکرو هەکاری و سیبرت و شەرناخ و تەنجەلی و وان) بوو هەر لەو ساتانەشدا هێرش کرایە سەر PKK لە باکوری عێراق. بە پێی زانیاری یەکانی تورك (ئۆجەلان) پاش بە جێهێشتنی سوریا خۆی گەیاندۆتە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان لە باکوری عێراق. دوای ئەمە سوپا دەستی کرد بە جوڵاندنی هێزەکانی بەرەو ناوچەی تونجەلی، بەهۆی تەقینەوەی مینێك لە ژێر زریپۆشێکدا چوار سەربازی تورکی بریندار بوون یەکێکیان ئەفسەر بوو، شەڕو پێکدادانی خوێناوی تەواوی ناوچەکەی گرتەوە..

مانگی ٩ی ١٩٨٨ ئۆجەلان یەك لایەنە بریاری راگرتنی شەڕی راگەیاند مانگێك دوای ئەمە سوریای بەجێهێشت و دەست پێشکەری یەکی خۆی پێشکەش کرد بۆ

ڕێگا چارەی كێشەی كوردی بە ڕێگای گفت و گۆو هێمنانە لە سەر بناغەی فیدرالیەتی توركی بە مەرجێك توركیا دان بە مافەكانی (٢٠) ملیۆن كوردا بنێت، بەڵام توركیا هیچ ئاوڕدانەوەیەكی ئیجابی بەرامبەر بەم هەڵوێستە نە بوو دەسكەوتەكانی میللەتی كوردی خستە خانەی نەبوونەوە، لە جیاتی ئەمە داوای گرتنی (ئۆجەلان)ی دەكرد وەك تاوانبارێكی جەنگ، سوپا هیچ ئیعتبارێكی سیاسی بۆ دانەنا سوپا بە بیر كردنەوەی خۆی (حیزبی دیموكراتی گەلی _هادەپ) ی دانابوو بە ئەلتەرناتیف لە بری (PKK). پێی وابوو (هادەپ) دوژمنایەتی حكومەتی توركی ناكات و دوورە لە خەباتی چەكداری. كەچی لە دواییشدا حیزبی (هادەسپ) ی داخست و سەركردەكانیشی فڕێدانە زیندانەوە هەر لە یادی دامەزراندنی دەوڵەتی توركیا حوكمی بەند كردن درا بەسەر (حسن جلال غۆزیل) سەرۆكی حیزبی (صحوە) بە تاوانی سەركردایەتی كردنی ئیسلامیەكان و ڕێگری لە دەست تێوەردانی سوپا.

هەر لەم یادەدا بابەتێكی گرنگ مابوو، وە سەرقاڵی كردبوون نەیاندەزانی چۆن هەڵس و كەوت بكەن لە گەڵ حیزبی فەزیلەت چونكە ئەمان زۆر میانڕەوبوون خەباتگێڕێكی بە ئەزموون بوون، ئەترسان لەوەی ئەم ئیسلامیانە بگەڕێنەوە سەر حوكم. سەرۆكە گەنجەكانی ناو حیزب كە (عبدالله گوڵ) یەكێك بوو لەو سەركردانە وازی لە بیرۆكەی (سیستەمی دادپەروەری) هێناو لەبەر نامەكەیدا نەیهێشت، حیزبی رەفا خاوەنی ئەم بیرۆكەیە بوون و دژایەتی سیستەمی عیلمانییان پێدەكرد، لە جیاتی ئەمە ئایدۆلۆجیەتێكی تازەیان هێنایە بەرهەم تا لەگەڵ سیستەمی ئێستا بگونجێ، واشیان لە حیزبەكەی خۆیان كرد بیرو باوەڕە چەپەكان و بیرە كۆمەڵایەتیەكانی تر بە سنگێكی فراوانەوە وەرگرن ئەم رەوتە وای لە (رجائی قوتان) كرد سەرۆكی بە تەمەنی حیزبی (فەزیلەت) لە هەموویان زیاتر لیبرالی و میانڕەوتر بێت، لە ووتارێكیدا لە بەردەم (یەكێتی یە پیشەوەرەكان)دا ووتی (حیزبمان پشتگیری لە ئابووری ئازاد و كەرتە تایبەتەكان و عیلمانیەت و دیموكراتی دەكات بەم سیاسەتە كۆماری دیموكراتی

دەپارێزرێت، ئێستاش هێزێك نابینین بەدەسەلآت تر بێت لە ئیسلامی‌یە رادیکالەکان، کارەکانی حیزبی رەفاش ئێستا حیزبی فەزیلەت تەواوی دەکات و بە پێویستی‌یەکی خۆی دەزانێ)

دیبلۆماسی‌یەکی سەر بە رۆژئاوا کە لە ئەنقەرە دانیشتنم لەگەڵدا کردبوو بۆی روون کردمەوەو ووتی بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە لە ساڵی ۱۹۹۹ حیزبی فەزیلەت لە هەڵبژاردندا لە ۳۰٪ دەنگەکان بە دەست دەهێنێ وە لە وانەیە (عبداللە گوڵ) خۆی بەمە رازی نەبێت چونکە رێژەیەکی وا تووشی رووبەڕووبوونەوەو قەیرانیان دەکات لە گەڵ سوپا تاکو کارەساتێکی وەك ۲۸ شوباتی ۱۹۹۷ دووبارە نەبێتەوە کە بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی رەفا کۆتایی هات. هەر وەها یەکێکی تر بە ناوی (فورال سافاس) پێی راگەیاندن حیزبی فەزیلەت گەر لە (۹۹,۹۹٪) ی دەنگەکانیش بە دەست بێنن هەر ناتوانن کورسی دسەلآت وەرگرن چونکە سوپا نایەڵێت.

پوختەی باسەکەش سوپای تورکیا لەم یادەدا دوو دەستکەوتی بەدەست هێناوە بەرپا کردنی جەنگ لە دژی کوردەکان و لە دژی ئیسلامی‌یەکان کەوتۆتە جەنگێکەوە لە گەڵ نیوەی دانیشتوانی تورکیا، واتا بە هۆی سیاسەتەکانیانەوە نیوەی دانیشتوانی تورکیا بەرانبەر نیوەکەی تر دەجەگن، جەنگی (گەڕان بە دوای خود) دا میللەتیان دابەش کردووە بە سەر داگیر کەر و داگیر کراودا بەلآم داگیرکەر هەر گیز بە داگیر کەری نامێنێتەوە.

گەشتێك لە دەروازەی ئەسکەندەرونە و کوردستانەوە

هێڵەکانی بەرەنگار بوونەوەی تورکی - سوری :

ساڵی ۱۹۹۸ لە شاری (ئەدەنە)ی تورکی رێکەوتنێك لە نێوان تورکیا و سوریا مۆر کرا سەبارەت بە ئاسایشی ناوچەکەو پەیوەندی‌یەکانی هەردوولاو زیاتر جەخت کرایە سەر دەست هەڵگرتن لە یارمەتیەکانی سوریا بەرامبەر (

(P.K.K) ، تاكو ساڵی ۱۹۹۸ مەسەلەی كوردی نەبووبوو بە مایەی كێشەكانی نێوان سوریاو توركیا بەڵكو هەر لە زووەوە لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی توركیاو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی كێشەكان درووست بوون وەك كێشەی (زەوی و دانیشتوان و ئاو)، توركیا كێشەكانی لە گەڵ سوریا گەیاندە رادەی تەقینەوەو كۆكردنەوەی سوپا لە سەر سنوورەكەی مەسەلەی كوردیشی كردە خاڵێكی گرنگی ناو كێشەكە، لە راستیدا ئەم هەڕەشە توندو تۆڵەی توركیا لە لاوازی سوریاوە سەرچاوەی گرت كاتێك توركیا دەیبینی كە سوریا وولاتێكی دەست كورت و بێ هێزە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، وە سوریا سوێند خۆری یەكێتی سۆڤێتی جاران بوو وە ئێستا لێكەوتووەو ئەو هاوڕێ مەزنەی جارانی لە كیس چووە، سوێندخۆرەكانی ئێستاشی تەنها بریتین لە (ئێران)، لە گەڵ ئەوەشدا توركیا شانازی بە رێكەوتننامەكەی خۆی و ئیسرائیلەوە دەكرد، بووە هاندەرێك بۆ هەڵكوتانە سەر سوریا، بەڵام ئایا بۆ توركیا پەنای بردە بەر هێز؟ مانۆڕە سەربازییەكی توركیا لە بەرامبەر سوریا پەیوەندی هەبوو بە رووداوە ئیقلیمیەكانی دەرەوە گرنگترینی:

۱-میوان داری كردنەكەی هەردوو سەركردەی كوردی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە لایەن واشنتۆنەوە ترسێك بوو لە سەر توركیا بۆ دروست بوونی دەوڵەتی كوردی لە باكوری عێراق.

۲-میوان داری كردنی پەرلەمانی ئیتالی بۆ كۆبوونەوەی پەرلەمانی پارتی كرێكارانی كوردستان لە دەرەوە ئەمەش مانای مامەڵە كردنی یەكێتی ئەوروپایە لە گەڵ حیزبەكەی ئۆجەلان وەك قەوارەیەكی سیاسی تەماشای بكەن.

پرۆفیسۆر (سیفی چان) سەرۆكی پەیمانگای سیاسەتی دەرەوەی توركیا دەڵێت: سیاسەتی دەرەوەی توركیا بەبە كارهێنانی هێز شێوازی خۆی گۆڕیوە لە دوای وەرنەگرتنی توركیا لە یەكێتی ئەوروپییەوە ئەمە رووی‌دا، ئەو چاوەڕوانییە

زۆرە تورکیای بێزار کرد لە چوونە ناوەوەی ئەورووپی و هیوای جارانی پێنەما، ناچار دامەزراوە سەربازی‌یەکان پەنایان بۆ هێز دەبرد بۆ یەکالاکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ ئەمەشدا مەرجی سەرەکی بۆ وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا دوور کەوتنەوە بوو لە کاری سەربازی و داپڵۆسین، وە سوریای هەڕەشە لێکراویش داوای بەشی خۆی دەکرد لە ئاوی فورات، تورکیاش لە چوارچێوەی پرۆژەی خوارووی رۆژهەلاتی ئەنادوڵ (گاپ) بۆ گەشە پێدانی ناوچە کوردی‌یەکان بەربەستێکی بە ناوی (بیرجیك) دروست کردبوو نیوەی ئاوی فراتی گل ئەدایەوە، هەروەها تورکیا بیری لە ناردنە دەرەوەی ئاو کردبۆوە لە بەرامبەر هێنانی پترۆڵدا بە پێی ئەو رێکەوتنەی لە گەڵ وولاتەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە ستبوی.

وە رێژەی مۆڵ بوونەوەی ئاوی فرات (١٠٠٠) م٣ لە چرکەیەکدایە بۆ ساڵێك. وە بەشی هەر یەك لە سوریا و عێراق (٧٠٠) م٣ یە لە چرکەیەکدا بەلام ئێستا بە هەردوو وولاتە عەرەبی‌یەکە (٥٠٠) م٣ یان بەر دەکەوێت. وە سوریاش هاواری لێبەرزبۆوە داوای دابەشکردنی ئاوەکەی دەکرد بە شێوەیەکی یەکسان.خاڵێکی تری هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر سوریا و لیوای ئەسکەندەرۆنە بوو، تورکیا دەیویست ئەم لیوایە لە بیر سوریا بەرێتەوە...

گەر بێینە سەر کورتە باسێکی شاری (ئەسکەندەرۆنە)، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووخانی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی لەدوای ئەم ڕوداوانەوە سوریا ساڵی ١٩٢١ کەوتە ژێر ئینتیدابی فەڕەنساوە، لیوای ئەسکەندەرۆنەش بە تەواوەتی لە ژێر ئەم ئینتیدابە دابوو، بەشێکیش بوو لە سوریا، لە پەیمانی (لۆزان)دا ساڵی ١٩٣٦ وێنەی سنووری تورکیا تازە کرایەوە تورکیا بڕیاری‌دا واز لە هەموو مافەکانی ناوچەی باشووری سنوور بهێنێت (ئەسکەندەرۆنە)ش بەشێك بوو لەو سنوورە. لەساڵی ١٩٣٦دا فەڕەنسی‌یەکان

سەربەخۆییان بەخشیە سوریا. وولاتی سوریا (٩) پارێزگای تیا دروست بوو لیوای ئەسکەندەرۆنەش بەشێك بوو لەم شارانە، ئەمە بووە مایەی رق هەستانی تورکیاو داوای ئەم لیوایەی دەکردەوە. ئەم مەسەلەیە هەلگیرا بۆ بەردەم (کۆمەڵەی گەلان - عصبة الامم) ساڵی ١٩٣٧ .

بڕیاردرا سیستەمێکی تایبەت بە لیوای ئەسکەندەرونە دانێن، کاروباری ناوخۆی لیواکە سوریا بیبات بەڕێوە،بەڵام پاراستن و بەرگریکردن لەداگیرکەران دەبێت لە ئەستۆی تورکیادا بێت. وە لە ساڵی ١٩٣٩ هاووڵاتیەکانی لیواکە ڕەگەزنامەی تورکیان پێدرا، دوای ئەمە بەتەواوەتی لکێنرا بە تورکیاوە. ئەم هەڵوێستە کتوپڕەی فەرەنسا بۆ تورکیا لەبەر ئەوە بوو فەرەنسا دەیووست تورکیا بەلای خۆیدا ڕاکێشێت لەدژی ئەڵمانیا بیکاتە سوێندخۆرێکی خۆی وە دەیزانی تورکیا بەپێی پێگە جوگرافیەکەی چەند بەندەرێکی باشی هەیەو سوودیان لێ دەبینێت.

شاری ئەسکەندرونە، ئەسکەندری گەورە بنیاتی نا لەدوای جەنگی (ئەسیوس) ساڵی ٣٣٣ی پێش زاین، وە لەسەردەمی عوسمانیەکانیدا بووە مەڵبەندێکی بازرگانی حەلەب و جەزیرەو وولاتی فارس وە ئێستا بەندەرێکی بازرگانیە، شارێکی پیشەسازیەو بنکەیەکی سەربازیشە، ئەم شارە وەك داب و نەریت و کولتورو زمان و ڕۆشنبیریان هێشتا عەرەبیە، زمانی یەکەمی ئاخاوتنیان عەرەبیە هەرچەندە کەوتۆتە سەر کەنارەکانی تورکیا. ئەوەی کەمن بینیم لە دانیشتوانی شارەکە و قسەم لەگەڵدا دەکردن باسیان لەوە دەکرد لەماڵەکاندا بەزمانی عەرەبی قسە دەکەن و لەناو بازاڕو شوێنە گشتیەکانیشدا تەنها لە خوێندنگاکاندا بەزمانی تورکی دەخوێنرێ.

ئایا دانیشتوانی شارەکە خۆیان بە تورك دەزانن یا بەسووری؟ وەڵامەکەش لای خۆیانە و دەڵێن خۆمان بە عەرەب دەزانین بەڵام هاووڵاتیەکی تورکین.

ئەنتاکیا کە پایتەختی ئەسکەندەرونەیە، کاتێك چومە ناو ئەنتاکیاو پرسیارم لەیەکێك لە هاووڵاتیان کرد، پێی ووتم زۆربەی دانیشتوان بە بازرگانیەوە خەریکن بەڵام ڕێژەی بێکاران زۆرە ئاستی خوێندەواریش کزە.

هاوڕێیەکی تریش بۆی ڕوون کردمەوە چەند جارێك لێرە یاخی بوون و نائارامی روویداوە ساڵی ١٩٨٩ سوریا فڕۆکەیەکی سیخوری تورکی خستە خوارەوە بەڵام ئێستا بارودۆخ ئارامە. عەرەبەکانی ناو ئەنتاکیا بەپێی ئەو مۆرکە عەرەبیانەی هەیانەبەختەوەرن بەو ژیانەی لە ئازادیو لایەنی ئاینی و گوزەران دا،بەسەری دەبەن بەبەراوردکردنی خزم و کەسەکانیان کەلە سوریا دەژین. عەرەبەکانی ئەنتاکیا کۆکن لەسەر ڕێزگرتنی ئەتاتورك، زۆر بەیان لە شیعەکانن (عەلەوی)، عەلمانیەتی ئەتاتورك جۆرە یەکسانیەکی بۆ دروست کردوون لەگەڵ سوونیەکاندا، ئەوانیش وای دەبینن ئەتاتورك دروست کەری دەوڵەتی تورکیای نوێیەوە پێیان وایە (عبدالله ئۆجلان) عەرەبێکی ئەنتاکیایە وەپیان ناخۆشە کوڕەکانیان بچنە شەڕەوە وەدەڵێن موسڵمان نابێت موسڵمان بکوژێت.

کوردستان ... خاکێکی سووتاو

نووسەری بەناوبانگ (یەشار کەمال) دەڵێت : (لەوانەیە ئەنقەرە بتوانێت دەریاکان ووشك بکات، بەڵام هیچ ماسیەکی بۆ ناگیرێت) کاتێك گەیشتینە شاری دیار بەکر پایتەختی کوردستانی تورکیا گوێبیستی هەواڵێك بووم یەکێك لە ئەندامەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان یەکێك لە فڕۆکەکانی فڕۆکە خانەی (ئەدەنە)ی ڕفاندووە کەڕێکەوتی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨بوو، بیرم کردەوە کە بگەڕێمەوە بۆ ئەنقەرە نەوەك تووشی گرتنبم و چونکە ڕێگا نادەن بە بێگانەو ڕۆژنامەنووسان و تەنانەت تورکەکان خۆشیان نزیك ئەو شوێنە بنەوە، بەڵام بۆ زیاتر زانین و لێکۆڵینەوەکانم وام بە چاك زانی بەردەوام بم لە گەشتەکەم هەتا زاخۆ کە دەکەوێتە سنووری عێراقەوە کاتێك لە ئەنتاکیا بووم و بەرەو دیاربەکر کەوتمە ڕێ پاش سێ کات ژمێر گەیشتمە شاری (غازی عەنتیب) دوای ئەمەش گەیشتمە شوێنێکی تر پێیان دەگوت (ئورفە) هەر لەیەکەم سەرنجم دا بۆم دەرکەوت کە شارێکی کوردیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دانیشتوانەکەی بەرگی کوردیان لەبەر دابوو، بەپێی سەرچاوە ئیسلامیو

یەهوودیەکان، پێغەمبەر (ابراهیم خەلیل - سلاوی خوای لەسەر بێت) لە ئورفە ژیاوە لێرەوە زانیاری و پەیامی خوای بلاوکردۆتەوە پاشان گواستراوەتەوە بۆ فەلەستین، وە لە ئورفەی کۆن ئەشکەوتێك هەیە پێی دەڵێن ئەشکەوتی ئیبراهیم خەلیل وە لەو ئەشکەوتەدا سەرداری گەورەمان ابراهیم لەدایك بووە وە دەریاچەیەك هەیە بەناوی دەریاچەی ابراهیم دەریاچەیەکی پیرۆزەو ڕاوە ماسی تیا دەکرێت.

پاش بەجێ هێشتنی شاری ئورفە چوار کات ژمێری ترم بە ئوتۆمبیل بڕی گەیشتمە شاری (ماردین) و پاش دابەزینمان بینیم چەند منداڵێکی کورد نانیان دەفرۆشت جل دڕاوو پێیان پەتی، هاوەڵەکەم کە کورد بوو پێی ووتم ئەمانە منالی کوردن بەلام مندالانی تورك ئێستا لە باوەشی دایکیاندا خەوتوون، گەر ئێستا کورد دەوڵەت بووایە، دەوڵەمەندترین وولاتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەبوو.پاشان تەماشام کرد خەڵکانی شارەکە بەکوردی قسە دەکەن و خەڵکی عەرەبیش تێکەلاویان بوو بوون، هاوەڵەکەم پێی ووتم سالی ١٩٩٠ کوردەکان و ئیسلامە ئوسولیەکان بەیەکەوە خەباتیان دەکرد لەدژی تورکەکان ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزێکی زۆری سەربازیو ئەمنی لەناوچەکەدا کۆبێتەوە، بەهۆی بەرزی ماردین لەسەر ئاستی دەریاوە کراوەتە بنکەیەکی سەربازی لەدژی کوردەکان و سوریا، دوای دوو کاتژمێری تر بە ئوتومبیل ڕۆیشتین تا گەیشتینە شاری (دیاریەکر) و لەشارە گرنگەکانی کوردستان دەژمێردرێت هەر لەیەکەم ساتەوە ڕوانیم هێزێکی سەربازی زۆری لێیەو ناوچەکە لە گۆڕەپانی جەنگ دەچوو، پاش (٧٠) سال هێشتا شەڕ نەوەستاوە لەنێوان تورك و کوردەکان، پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێك هەلوەشا هیوا تێك شکاوەکانی کورد جارێکی تر گەشایەوە، بڕیارێکی تازە دەرکراو لە (١٤) خال پێك هاتبوو سەرۆکی ئەمەریکی (ویلسن) پشتگیری لێکرد و پەیمان درا مافی ئۆتۆنۆمی بدرێتە کورد لە پەیمانی سیڤەردا سالی ١٩٢٠ سەلتەنەی عوسمانی پەیمانیدا مافەکانی کورد بسەلمێنێ بەپێی مادەی (٦٢)

لە پەیمانەكە بەسەرپەرشتی لیژنەیەكی دەولی ناوچەیەكی كوردی لە خوارووی توركیا دروست بكرێت لەژێر سایەی ئۆتۆنۆمیداو مصطفى ئەتاتورك بەرەنگاری ئەم پەیمانە بووەوەو فێڵی لە كوردەكان كرد تا لەگەڵ خۆیدا بن، خۆی هەموو شتێكیان بۆ دەكات. وە كوردەكانی چەكدار كردو كردنی بەسەرباز لەریزەكانی سوپای توركیادا تاكو بەگژ هێزەكانی فەرەنساو یۆناندا بچنەوە ئەو كاتە بەشێك لە رۆژئاوای توركیایان داگیركرد بوو. وە شەری ئەرمەنەكانی پێكردن، پاشان ئەتاتورك خۆی لە كوردەكان هەلگەرایەوە، رەهەندە نەتەوەییەكانی تیكشكاندن.

پاشان پەیمانی لۆزان هاتە پێشەوە بۆدان پیانانی دەولەتی توركی لەسەر پاشماوەی ئێسك و پروسكی كوردەكان، ئەتاتورك هەستا بە هەلوەشاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی، كەسیاسەتێكی یەككگرتوو لە تورك و كوردو موسلمانەكانی تر نوێنەرایەتیان ئەكرد، هەموو جۆرە مافێكی لە كوردەكان قەدەغە كرد، قسەكردن بەزمانی كوردی، جل و بەرگی كوردی، چاپ و چاپەمەنی، دەستەو تاقم و كۆمەلە كوردیەكان...

كوردەكانی دیار بەكر قەسابخانەكەی سالی (١٩٢٥)یان لەیادنەچوو بۆوە، دەولەتە تازەكەی ئەتاتورك ئەو سالە لەدژی كوردەكان كردبووی، ئەم تریاژیدیایە لەشاری (دەرسیم) ئێستا پێی دەلێن (تونجلی) روویدا، لەكاتێكدا شێخ سەعید شۆرشی هەلگیرساندو هەموو كوردستانی گرتەوە، ئەتاتوركیش زۆر درندانە رووبەروویان وەستایەوەو هێزە توركیەكان بەسەدەها دێهاتیان وێران كردو سووتانیان وە نزیكەی چارەكە ملیۆنێك كوردیان لەناو بردو شێخ سەعیدو دارو دەستەكەشی لەبەرچاوی خەلكیدا بەپەتی سێدارەوە هەلواسران هەتاكو سالی ١٩٣٨و مردنی ئەتاتورك چۆل كردن و راگواستنی دیهاتەكان بەردەوام بوو بەرەو رۆژئاوای ئەنادۆل رایان دەگواستن.

سەیر لەوەدایە ئەو كەسەی سەركردایەتی هەلمەتە سەربازیەكانی ناوچەی دەرسیمی دەكرد (عصمت ئینۆنو) بوو كابرایەكی كورد بوو دەم راست و

یاریدەدەری یەکەمی ئەتاتورك بوو، هەمیشە کوردەکانی ئاگادار دەکردەوەو دەیووت (لەنەتەوەی تورك زیاتر هیچ نەتەوەیەکی تر بۆی نیە داوای مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بکات) وە لەم شارەدا وەك بۆم دەرکەوت لەدوای شۆڕشی شێخ سەعیدەوە شۆڕش کۆتایی نەهاتووە لەساڵی ١٩٨٤ وە زنجیرەیەك هێرشی چەکدارانە لەلایەن (P.K.K) وە کراوەتە سەردام و دەزگا تورکیەکان. دێهات و ناوچەکانی دەوروبەری بەتەواوەتی وێران کرابوون و خەڵکەکەشیان کۆچ پێکرابوو. وەزیری دەوڵەتی تورکی نەیتوانیوە نکۆڵی لەم کارەساتانە بکات و ووتی چەکدارەکانی (P.K.K) لەم ناوچانە هەڵدەستن بەکاری تیروریستانە وبۆ ئەوەی شاری (تونجلی)یش نەبێتە مەڵبەندێك بۆ ئەم جۆرە کارانە دەوڵەتی تورکی خۆی کۆچی بەجوتیارانەکان کردو دێهاتەکانی سووتاندون. لەساڵی (١٩٩٥) دەوڵەتی تورکی (٤٠٠٠)قوتابخانەی لەم ناوچانەدا داخستووە بەهۆی پەیوەست بوونی مامۆستاکانیان بەپارتی کرێکارانی کوردستانەوە وە ژمارەی کوژراوەکانی گەیشتۆتە (٣٠) هەزار کەس زیاتر لە (٢٦٠٠) گوند ڕوخێنراوە بەپێی بۆچونی وەزیری پێشووی دەوڵەت (علی شوقی) خەرجیەکانی جەنگی کوردستانی تورکیا ساڵانە (٨,٢) ملیار دۆلارە کە ئەکاتە (٥/١)ی بودجەی گشتی دەوڵەت، وە هێزە سەربازییەکانی تورکیا ئەوانەی بەشدارن لەم جەنگەدا زیاتر زیاد کراوە بۆ (٣٠٠) هەزار سەربازی تر. جگە لەپاسەوانی دێهاتەکان کە کوردەکان پێیان دەڵێن (جاش) حکومەت چەکداری کردون و ژمارەشیان دەگاتە (٦٠)هەزار کەس.

بۆ بەردەوام بوونی گەشتەکەم بەرەو شارۆچکەی (نەسیبین) کەوتمە ڕێ، کە کەوتبووە سەر سنووری تورکیاو سوریا، شارۆچکەکە (١٠٠) هەزار کەسی تێدا دەژیا، (٧٥٪) یان کورد بوون و(١٥٪)یان عەرەب و (١٠٪) یان تورك بوون، خێزانە کوردیەکان هەواداری پارتی کرێکارانی کوردستان بوون، زۆربەی دێهاتەکانی ئەم شارۆچکەیەش وێران کرابوون، لێرەشەوە بەرەو شاری (جزیرە) کەوتمە ڕێ، وە لەسەر ڕێگای (جزیرە- ئەدیلە) بینیم ناوچەکە ببووە جێگای

مۆلگا سەربازییەکان، دێهاتەکانیش وێران کرابوون من ویستم بەرەو مەرکەزی (قایمقام) بەڕێکەوم وە چاوم پێنەکەووت لەبەر ئەوەی یادیدامەزراندنی (٧٥)ساڵەی دەوڵەتی تورکیا بوو. یەکێك لە پاسەوانەکانی قائیمقام لەگەڵمدا هات تاکو ماڵەکەیم پیشاندا، وە ڕازی نەبوو گفت وگۆی لەگەڵدا بکەم تاکو مۆڵەت لەلایەنە بەرپرسەکانەوە وەرنەگرێت لەکاتێکدا بەرێگادا دەڕۆیشتن کاتێکم زانی دوو ئۆتۆمبیلی پۆلیس لەبەردەماندا وەستاون ئەفسەرێك و چوار پۆلیس هاتنە خوارەوەو جانتاکەمیان لێوەرگرتم و خستیانمە ناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆیانەوە بەرەو بنکەی پۆلیس کەوتینە ڕێ، دەستیان کرد بە پشکنینم و جانتاکەمیان هەڵڕشت و پێم ووتن کەمن گەشتیارێکم وویستوومە بەرو ماڵی قائیمقام بکەومەڕێ- پێیان ڕاگەیاندم دەبێ لە ئەنقەرە مۆڵەت وەرگریت بۆ ئەم سەردانە، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا چەند پرسیارێکیان ئاراستە کردم هۆی سەردانەکەت چیە؟ ئایا پەیوەندیت هەیە بە کوردەکانەوە؟ لەکاتی پشکنینی جزدانەکەمدا چەند ژمارە تەلەفۆنێکیان بینی وەك ژمارە تەلەفۆنی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و چەند وەزیرێکی تر. ئەفسەرەکە لێیپرسیم ئایا وەزیری بەرگری دەناسیت؟ ووتم بەڵێ پێش سێ ڕۆژ لای بووم، دوای ئەوە بەڕێوەبەری پۆلیسخانەکەش هاتە بەردەمم و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بەزمانی تورکی دەستی کرد بە قسەکردن لەبارەی منەوە، جا نازانم قسەی لەگەڵ کێدا کردو باسەکان چیبوون؟ پاش دوو سەعات لەدەست بەسەرکردنم ئەفسەرێك هات بۆ لام و ووتی (جیزرە) ناوچەیەکە حاڵەتی نائاسایی تیایەو قەدەغەیە بێگانە ڕووی تێبکات، بە ئۆتۆمبیلێك بەرەو نووسینگەیەکی سەفەریان بردم وداوایان لێکردم بلیتی ڕۆیشتن ببڕم بەرەو ئەنقەرە کە (١٨) کات ژمێر لەم شوێنەوە دوور بوو، ئەم سزایە بۆ تەمێ کردنم بوو... بەرەو ئەنقەرە بەڕێکەوتم. وە لەئەنقەرە ڕستەکەی یەشار کەمالم بیرکەوتەوە، منیش ووتم ڕاستە ئەنقەرە دەریاکانی ووشك کرد بەڵام ماسیەکانی هێشتا زیندوون هەستم کرد من لەبەندیخانەیەك

بووم ناوی کوردستان بوو... ئای لەو دۆزەخەی بۆ کورد ئامادەکراوەو بۆچی ویژدانی جیهان ئیبادەی کوردییان بیرچۆتەوە؟

- کۆتایی -

****

داهاتووی ئیسلامی سیاسی
و
دەست تێوەردانی سوپا لەسیاسەتی تورکی

ڕەفای ئیسلامی نەبووە هۆی داگیرکردن و پاوان کردنی ئیسلامی سیاسی تورکی، بەڵکو ئیسلامی سیاسی تورکی دیاردەی زیندووبونەوەو گیان بەبەرداهاتنەوەی ئیسلامەتی‌یە لە تورکیا.

مەبەست لەو دیاردەی (زیندوبونەوە - الاحیاء)ی ئیسلامی، زیندووبوونەوەی ئیسلامە وەك سیستەمێکی تەواو لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە گەردوونەوە بەهەڵسووکەوت و بەهاکانی ژیانەوە، سیماکانی زیندووبوونەوە لەچەند شێوازێکدا دەردەکەوێت شێوازی (مەراسیمە ئاینیەکان، خواپەرستی، رووخسارو، سەرپۆش کردن، پەچە گرتنەوە، ریش هێشتنەوە) وە بانگەواز بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتەکانی ئیسلام پاش ئەمە ڕۆیشتن و پەنابردن بۆ توندوتیژی بەمەبەستی گۆرینی ناحەزانی ئیسلام و ڕامالینی دەسەلاتداران-کافرەکان، ئیتر لەم خالەی دوواییەوە جۆرێکە لەدەرچوون لە ئیسلام و خراپ لێ تێگەیشتنی، لەم مەفهومەی سەرەوە دەردەکەوێ دیاردەی زیندووبوونەوەی ئیسلامی لە تورکیا وەك باقی حیزبەکانی تر لە قالبێکی حیزبی سیاسی‌دا خۆی پێکەوەنا، سیستەمی نیشتمانی - سەلامەتی نیشتمانی - ڕەفا.

کاتێك ڕێبازە ئاینیەکان لەساڵی ۱۹۲٥دا نیشانەی پرسیاریان خرایە سەرو ڕێیان گرت لەجم و جۆڵەکانیان و ناچار بوون شێوە خەباتی خۆیان بگۆرن بۆ خەباتی

ژێر زەمینیو پاشان بوونە چەند شانەیەکی نهێنی توندو تۆڵ لە کاتەکانی حوکمی ئەتاتورك و ئینۆنۆدا، پاشان بواری باشتریان بۆ ڕەخساو سیاسەتی تورکیا بووە سیاسەتێکی فرەحیزبی لەساڵی ١٩٥٠دا، ڕێبازە ئاینیەکانیش زەمینەیەکی فراوانتریان بۆ دروست بوو وێرای دروست بوون و بەرقەراربوونی نیمچە دیموکراتیەك لە تورکیا بەڵام ئەمان ئەم کۆت و بەندەیان بەتەواوی لەسەر لا نەچوو بوو ڕێبازە ئاینیەکان بیریان لەشتێکی تر کردەوە شانە نهێنیەکانیان بگۆڕن بەچەند دامەزراوێکی خێرخوازو ڕێکخراوو کۆمەڵەی زانستیو ڕۆشنبیریی، بەهۆی ئەم گۆڕانکاری‌یەوە ڕێبازی نەقشبەندی لە حەفتاکان و هەشتاکاندا خۆیان بەخەڵك ناساندو ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەبوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، لەمەشەوە بەرەو قۆناغێکی تر ڕۆیشتن و شێوەی حیزب وەرگرتن بوو. لەساڵەکانی حەفتادا یەکەم حیزبی سیاسی ئیسلامی دامەزرا بەسەرۆکایەتی ئەربەکان لەژێر ناوی (النظام الوطني) ئەم حیزبە لەهەناوی ڕێبازی نەقشبەندی‌یەوە هاتە دەرێو بەدەست پێشکەریو کۆمەك کردنی ماددیو مەعنەوی (محمد زاهیر کوکتۆ) کە سەرۆکی ڕێبازی نەقشبەندیەکان بوو، هەروەها کەسایەتیەکی تر کەناوی (کورکوت ئۆزال) بوو وە لەباسەکانی پێشوودا ناوی هاتبوو ئەمیش ئەندامی ڕێبازی نەقشبەندیەکان بوو لەسەردەمی حوکم کردنی براکەی (تورگوت ئۆزال) دا ڕۆڵێکی کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر حیزبەکەیو حکومەت.

شان بەشانی ئەم ڕێبازە، ڕێبازی (نەورەسیەکان) هەبوو (فتح الله جولین) دەیبردن بەڕێوە، ڕۆلێکی کاریگەریان هەبوو لەناو تورکیا، ساڵی ١٩٧٨ گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (سیزینتی) پاشان گۆڕا بۆ ناوی گۆڤاری (زمان) چەند گۆڤارێکی تریشیان هەبوو وەك گۆڤاری (سور)و (زەفەر)، بەدەیەها خویندنگاو زانکۆیان دروست کرد، خاوەنی (٢٠) ئێستگەی رادیۆو کەناڵی تەلەفزیۆن بوون خاوەنی دامەزراوێکی مالیی گەورە بوون بەناوی (تاسیا فاینانس) و خاوەنی چەند بانکێك بوون.

پێوانەکانی زیندووبوونەوەی ئیسلامی تورکیا بەم شێوەیە بوو:-
خولەکانی فێرکردنی قورئـانی پـیرۆز ژمارەیـان (٢٦١٠) خـوول بـوو. وە لەسـاڵی ١٩٧٩ تـاکو سـاڵی ١٩٩٠ گەیشـتە (٥١٩٧) خـوول، وە ژمـارەی قوتابیـەکانی گەیشتە (٣٠٠) هەزار قوتابی، وە ژمارەی قوتابیەکانی (امام - خطیـب) لەسـاڵی ١٩٧٥ بریتـی بـوو لـە (٦٦) هـەزار قوتـابی وە سـاڵی ١٩٩٦ ژمـارەی قوتابیـانی زیادی کرد بۆ (٤٠٠) هەزار قوتابی، ساڵی ١٩٨٠ ژمارەی مزگەوتەکانی تورکیا ٥٧ هەزار مزگەوت بوو، وە تاساڵی ١٩٩٥ ژمارەی مزگەوتـەکان بـوون بـە (٧٠)هـەزار مزگەوت واتە هەر مزگەوتێك بۆ (٨٢٥)کەس ، وە ئـەو گۆڤـارو ڕۆژنامانـەی سـەر بەڕەوتە ئیسلامیەکان بوون بریتی بوون لە (٥٠٠) گۆڤارو ڕۆژنامە جگە لـە (٣٥٠) ئێستگەی ڕادیۆو (٤) کەناڵی تەلەفزیۆن.
وە لەبوارەکانی ئابووریشدا بەپێی سەرچاوە سەربازییەکانی تورکیا کە ئاماژەی بۆ دەکـەن ژمـارەی بازرگانـە جۆراو جۆرە ئیسـلامیەکان (٣٠٠٠) کـەس زیـاترن خـاوەنی (١٠) هـەزار کۆمپانیـای جۆراوجـۆرن، (٥٠٠) هـەزار کرێکـارو فەرمانبـەر کاریـان تیادەکـەن، سـەرمایەی ئـەم کۆمپانیانـەش زیـاتر لـە (٢٠) ملیـار دۆلارە، ناردنە دەرەوەی کاڵاکانیان، ساڵانە (٨) ملیار دۆلارە، ئەم کۆمپانیانـە لەهـەموو بوارەکانی ژیانی تورکیـادا هەڵدەسوڕێن هـەموو لایەنـەکانی ژیانیـان گرتۆتـەوە. کۆمپانیاکان کراون بەچەند بەشـێکەوەو چـەند کۆمپانیایـەك لـەژێر سەرپەرشـتی (کۆمەڵەیەکدا - مجموعة)یە وە بەناوبانگترین کۆمەڵەش:-
*کۆمەڵەی ئیخلاص: گەورەترین کۆمەڵەی ئیسـلامیەو (٥٠٥) کۆمپانیـا دەگرێتـە خـۆ لـەبوارەکانی بەڵێندەرایـەتیو گەشـت و گـوزارو بانکـەکان وئۆتۆمبیـل و ئیستگەو تەلەفزیۆن و بڵاوکردنەوەدا هەڵدەسوڕێن.
*کۆمەڵەی کۆمباسان: لە (٢٦) کارگە پێك هاتووە (٣٦) هەزار کرێکار کاری تیـا دەکـات لـەبوارەکانی دروسـت کردنـی کاغـەزو پێسـتەو چـەرم و کەرەسـتەی بیناسازیو گواستنەوەو بازرگانیەکانی دەرەوە کار دەکەن.

*کۆمەڵەی یەمباش: چەند بازرگانێکی گەورەن ژمارەیان (٤٢) بازرگانە لەناو وولاتی ئەڵمانیا هەڵدەسوڕێن.

*کۆمەڵەی ئۆلکەر: تایبەتن بەبەرهەم هێنانی خۆراك، داهاتی گشتی ساڵێکیان تەنها لە (١٩٩٦)دا بریتی بوو لە (٦٥٠)ملیۆن دۆلار، بەرهەمەکانیان بە (٧٠) دەوڵەتی جیهان دەفرۆشنەوەو ساڵی (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری لێدەفرۆشن.

جگە لەم ڕێبازەو بزووتنەوە ئاینیانە باسکران، وە هەر لەچوارچێوەی دیاردەی زیندووبوونەوی ئیسلامیدا، بزووتنەوەی ئوسولێش هەن و پەنا بۆ هێزو زەبرو زەنگ دەبەن وەك (بەرەی گەورەی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی، حیزب الله، کۆمەڵەی مەنزیل، سوپای ڕزگاری ئیسلامی، کۆمەڵەی ڕزگاری تورکیای ئیسلامی، ڕێکخراوی جولاندنەوەی ئیسلامی، حیزبی ئیسلامی تورکی)... چەند گروپێکی تریش.

(تۆڵەی خودا - ثأر الله) ناونیشانی پەرتوکێکە لەلایەن لێکۆڵەرەوەی فەرەنسی (جیل کیبیل) وە نوسراوەو باس لە بزووتنەوە ئوسولیەکانی ناو ئاین دەکات. نووسیووێتی کە ئوسولیەت تەنها لە ئایینی ئیسلامدا نیە، لەهەموو ئایینەکانی تردا دەبینرێت، ئوسولیەت دیاردەیەکە نمونەی کاردانەوەیەکی توندە لەدژی هێزی تازەگەرێتی، ئوسولیەت دەبێتە حاڵەتی نامۆبوون بۆ بەشێك لەدانیشتوان، ئەم حاڵەتە تاڕادەیەك لە کۆمەڵگا دەمێنێتەوەو پاشان دەڕەوێتەوە بەهۆی هاتنە پێشەوەی تازەگەری لەخودی خۆی داو کۆنتڕۆڵ کردنی بەسەر حاڵەتەکانی تردا، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیڵێن لەڕوانگەی ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە ئەوەیە کە ئیسلامی ئوسولی خاوەنی هیچ ئایندەیەك نیە، نابێتە خاوەنی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و نابێتە خاوەنی بەرنامەیەکی گەش، یاخود بەرنامەیەك کە ببێتە هۆی ئەڵتەرناتیڤێکی باوەڕپێکراو شان بەشانی تازەگەری بڕوات.

زانای سیاسی ئەمەریکی (صمویل هانتگتون) نموونەیەکی هێناوەتەوەو دەڵێ:- هەردوو زیندووبوونەوەی ڕۆشنبیریو ئایینی وەلامدانەوە (کاردانەوە)ی پرۆسەی

تازەگەرین گەر لە پرۆسەی تازەگەری زیاتر ووردبینەوە دوو لایەنمان بۆ دەردەکەوێت لەسەرێکەوە دەبێتە هۆی پتەو بوونی هێزی ئابووریو سەربازی و سیاسی کۆمەڵگاو لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی مایەی دواکەوتن لەسەر ئاستی تاکەکان هێنایە کایەی نامۆ بوون و قەیرانی ناسنامە، وە بەرهەمەکانی تازەگەریش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئاستی تاکەکان و لەسەر ئاستی کۆمەڵگا ئەم کاریگەریەش دەبێتە خوڵقاندنی باری ڕۆشنبیریو ئایینی.

لەتورکیا هەروەك (هانتنگتون) دەڵێت: کاتی خۆی ئەتاتورکیەت پێشنیارێکی (تازەگەری)ی کۆمەڵگایەکی نائەوروپی بوو، لەپێناو سەرخستنی ئەم تازەگەریەشدا توندڕەوانە پەنای دەبردە بەر (نامۆ) بوون، و پاشان زیندوو بوونەوەو هەستانەوەی ئیسلامی لە تورکیا وەڵام دەرەوەیەك بوو بۆ نامۆبوونی کۆمەڵگەی تورکی نائەوروپی.



ڕاستە گەر بڵێین پرۆسەی تازەگەریو نامۆ بوونی تورکیا بۆتە هۆی بەهێز بوونی کۆمەڵگای تورکی لەباری ئابووریو سیاسیو سەربازیدا (گەر لەچاو کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا بەراوردی کەین) دیاردەی هەستانەوەو زیندوبوونەوەی ئیسلامی

کۆمەڵگای تورکی بەسەر چەند هێڵێکدا دابەش بووە...! هێڵی سیستەمی بەهاکان و ناسنامەو ڕێگاکانی ژیان. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی (تازەگەری - نامۆبوون) کە هێشتاو تا ئێستاش ئەزمونێکی ساناو بیروکراتی‌یە تەنها ڕوکارەکەی دەبینرێت. بەهەمان شێوە زاراوەی عیلمانیەتیش لە تورکیا خۆی فەرزکرد، بەشێوەیەکی ساناو بیرۆکراتیانە هاتە پێشەوە بەبێ پشت بەستن ولەبەر چاوگرتن و هەڵسەنگاندنی فاکتەرە کۆمەڵایەتی‌و فەلسەفی‌و ئاکاری- اخلاقی‌و فاکتەرە سیاسی‌یەکان، ئەمەی لە تورکیا بوو پێچەوانەی ئەو کردارە بوو کەلە ڕۆژئاوا ڕوویدا. کاتێك عیلمانیەت لە ئەوروپا سەری هەڵدا پاش مشت و مڕو جەدەلێکی فیکری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکی زۆر کەچەند سەدەیەکی خایاند ئینجا توانی جێگای خۆی بکاتەوەو خۆی بچەسپێنێت و لە پێش بزووتنەوە فەلسەفی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکانی تر خۆی بنیات نا، عیلمانیەت لە ئەوروپا لە قایل نەبوون و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی کەنیسەوە هاتەدەری‌و سەرچاوەی گرت، لە پێناو دەستە بەرکردنی ئازادی‌و سەربەستی تاکەکانی کۆمەڵ دا خۆی سەقام گیرکردو خۆی دەرخست و پاشان پیرۆزبایی لێکرا. گرفتەکە لێرەدا، گرفتی ئیسلام نیە، بەڵکو گرفتی کۆمەڵگای عوسمانی‌یە پاشان بوو بە گرفتی تورکی، هەروەك ڕۆژهەڵاتناسان (هانتگتون و برنادلویس و دانیل باییس) باسیان لێوە کردووە هەندێك کەس دەڵێن ئیسلام ناگونجێت لەگەڵ تازەگەریداو یان دەڵێن ئیسلام دووبەرەکایەتی هەیە لەگەڵ تازەگەریدا، ئەمانەی وا بۆ ئەم مەسەلانە دەچن ڕێك لە پێکەوە گرێدانێکی مەوزوعیانەدا لەگەڵ ئیسلامیە ئوسولیەکان یەکدەگرنەوەو یاخود دەڵێن ئاین لەگەڵ سیاسەتدا ناگونجێت و بەیەکەوە هەڵناکەن نکۆڵی لەو پەیوەست بوونە دەکەن نکۆڵی لەو پەیوەستبوونەی ڕۆژئاواش دەکەن و ئەم حاڵەتە نابینن، لەئاینی ئیسلامدا پەیوەست بوونی (ئاین -سیاسەت) جێگای بۆتەوە، هەموو بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن ئاین تەوەرێکی ژیانی سیاسی گشت کۆمەڵگایەکە، شانشینی ئینگلتەرا خۆی سەرۆکی یەکێك لە کەنیسەکانە، یا کەنیسەکانی ئەڵمانیا هەندێك

باجیان -(ضريبة) دەست دەكەوێت لە خەڵكانێك كەمەسیحی نین، هەروەها لە كۆشكی سپی ئەمەریكا تا ئێستا لەچەژنی ئاینیی سەری ساڵدا (درەختی لەدایك بوون) دادەگیرسێنن و ٩٠٪ی ئەمەریكاییەكان بڕوایان بە ئاینی خۆیان هەیە، كەواتە ئاینی ئیسلامیش ئاینەو سیاسەتیشە هەڵەیە گەربڵێین سیاسەتێكی ئاینی، ئەوانەی سیاسەت دەكەن یاسیاسیەكان خۆیان بوونەوەرێكی ئاینین.

وەك ووتمان گرفتەكە گرفتی كۆمەڵگای توركی بوو، گرفتی نەبوونی هێزە كۆمەڵایەتیەكان بوو (بورجوازی - لەفەرمەنگی ئەوروپی‌دا)، بووە هۆی هاتنە پێشەوەی خەلیفەو سوڵتانەكان مانای ئەوەی بەرهەمی تازەگەری و عیلمانیەتی هێنایە ئاراوە خەلیفەكان وسوڵتانەكان بوون لەكاتی خۆرێكخستنەوەی توركیاو كردنی بەدەوڵەت، وە سوپا یەكەم مەیدان بوو بۆ تازەگەری لەبوارەكانی (رێكخستن و بەرێوەبردن و تەكنیەكەكان) لێرەوە دەستی پێكردو ئامرازەكانی تازەگەری دەوڵەت و كۆمەڵگا بوو...

پێش پەیدا بوونی تازەگەری، شێوەكانی سەربازی بەپێی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ دەچوون بەرێوە.وەكاتێك سوڵتان عبدالحمید بوژایەوەو بەرپێی خۆی بینی، هەستا بەلابردنی دەستووری ساڵی ١٨٧٦و شێوەی سەربازی پێش خۆی كەلەرێكخراوی نهێنی پێك هاتبوون و سوڵتان عبدالحمید ناچاربوو بگەرێتەوە سەر دەستووری ساڵی ١٩٠٨ وە یەكەم كۆدەتای سەربازی لێرەوەرویدا لە مێژووی توركیادا، كۆماری توركی دامەزراو ئیتر ئەوانەی بەرگی سەربازیان لەبەر دەكرد تەرخان كران بۆ رزگاركردنی نیشتمانەكەیان، توركیای نوێ لەژێر سەركردایەتی غازی مصطفی كمال ئەتاتورك دامەزرا ئیتر لەو كاتەوە سوپا بوو بە پارێزەری كۆماری‌و عیلمانیەت. ئیتر رۆڵی سوپاو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەتەواوەتی چەسپێنرا لەدوای كۆدەتای ساڵی ١٩٧١ لەدەستووری ساڵی ١٩٧١و كۆدەتای ساڵی ١٩٨٠ لەدەستووری ساڵی ١٩٨٢ مادەی (١١٨).

سوپا مادەی (٣٥)ی بەكار دەهێنا تایبەت بوو بە سیستەمی كاروباری ناوخۆی هێزە چەكدارەكان كردیە بنەمایەكی یاسایی بۆ هەستان بەكودەتای سەربازی

لەکاتێکدا هەست بکات کۆماری دیموکراتی کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا سوپای تورکی تەماشایەکی خۆی بکات بۆی ڕوون دەبێتەوە کە سوپا (سوپای دەوڵەتە) نەك (سوپای سیستەم)ەکە. ئەو دەستوورەی یەکەمجار نوسرایەوە بۆ سوپا دوو وێنەی جیاوازی پێدا، لەلایەکەوە سوپا بووە کەلەپورێکی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە گەشەکردنێکی نوێی پێبەخشی وەك سوپای نیزامی، یاخود کاتێك سوپا دەبێتە ئامرازێك لە پێناو چاککردنی هەرەمی کۆمەڵگاداو دەبێتە کیانێکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگا بەڵام بەمەرجێك ئەو چاك کردن و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیە نابێت هەڕەشە لەدەوڵەت بکات.

تا ئێستا دیموکراتیەت لە تورکیا هیچ مانایەکی نیەو تەنها ئامرازێکە بۆ بەهێزترکردنی دەوڵەت، دیموکراتیەت گوزارشت لەڕای گشتی دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان و کێشە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان کەچی زۆربەی ئەفسەرەکانی ناو سوپا بڕوا بەمە ناهێنن دەڵێن نابێت دیموکراتیەت ببێتە ئامرازێك بۆ یەکبوونەوەو یەکخستنەوەی بەرژەوەندییە کۆمەڵاتیەکان پێیان وایەو لەو باوەڕەدان کێشەمە کێش و ناکۆکی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەڕەشە لەدەوڵەتی کۆماری دەکەن پێویستە لەژیانی سیاسیدا دەستێوەردانی سەربازی هەبێت.

تێڕوانینی ئەفسەرە تورکیەکان بەرامبەر حیزبە سیاسیەکان تێڕوانینێکی تەسك بینانەیە دەڵێن حیزبەکان گردبوونەوەی چەند کەسێکەو تێکۆشانەکەشیان لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیانەو بەرژەوەندی دەستەگەرییە ئەمە لەلایەك و لەلاکەی ترەوە ئەمانە ئەبنە هۆی بەش بەشکردنی نەتەوە بەسەر چەند کۆمەڵێکداو دەبنە مایەی هەڵگیرساندنی ئاگری چینایەتیو نەتەوەییو ئایینی، ئەم حیزبانە دەبێت تێبکۆشن بۆ دڵنیا کردنەوەی ئەتاتورکیو یەکێتی خاکی وڵات بپارێزن بڕوابەم سەربەخۆییەی ئێستا بهێنن لەمەشەوە دەردەکەوێت ئەفسەری تورکی تەنها سەربازێکەو ڕۆڵێکی وەزیفی هەیە.

ئەفسەری تورکی خۆی بەپارێزەری دەوڵەت نیشان ئەدات و لەسەرێتی بیروباوەڕەکانی ئەتاتورک بپارێزێ، پێیوایە بیروباوەڕەکانی ئەتاتورک گوزارشت لە بەهاکان و سەرخستنی دیموکراتی دەکات..

بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگارەکان دەرکەوتووە جگە لە پاراستنی وڵات، ئەرکی تریشی گرتۆتە ئەستۆی خۆی ئەرکی پاراستنی عیلمانیەت و یەکێتی خاکی وڵات، سیستەمی دیموکراتی وەك لەدوای هەردوو کودەتای ساڵەکانی ١٩٦٠، ١٩٧١ جارێکی تر سوپا هاتە ناوەوە بەمەبەستی دامەزراندنەوەی سیستەمی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی و لایەنی سیاسی لەلایەکەوە، بەرەو پێش چوونی ئیسلامی سیاسی گرتنە دەستی حوکم لەلایەن ڕەفاوە لەلایەکی ترەوە، کێشە لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت هاتەکایەوە، بیانووی سوپاش بۆ دەستێوەردان هەمیشە بریتی بووە لە مەترسیەکانی دەوڵەتی کۆماری و عیلمانی.. وە ڕاستە گەر بڵێین ئەربەکانیش وویستوویەتی دزە بکاتە ناو کۆمەڵگاو لایەنە ئابووریەکان[3] و تێکۆشاوە بۆ نەمانی سیستەمی عیلمانی‌و بنیاتنانی سیستەمی ئیسلامی، ئەمەش لەتوانایدا نەبوو نەی ئەتوانی بیانخاتە خانەی واقیعەوە چونکە پارسەنگی هێزەکان بەلای خۆیدا نەشکابۆوەو لەبەرژەوەندی ئەو نەبوو بەهۆی ڕۆڵی سوپاوە ڕێژەی (٢٠٪)ی دەنگەکان حوکمی دەرکرد، وە نوخبەی عیلمانی لەناو حکومەت و حیزب و پەرلەماندا زۆرینەی دەنگەکانیان پێك هێنا بوو. هەوڵدانی ئەربەکان بۆ کورسی حوکم سوپای وریاکردەوەو بەوەی لایەنێك هەیە بەشی خۆیان دەوێت لەدەوڵەت و لەناو سوپاو نزیکەی (٧٥) ساڵە سوپا بەشی

---

(٣) ساڵی ١٩٩٧، ١٩٩٨ سوپا هەستا بەهەڵمەتێکی پاکسازی دژی ئەو پلەدارە سەربازییانەی مەیلی ئیسلامیان هەبوو لەتەمووزی ساڵی ١٩٧٧دا (٧٦) ئەفسەریان لەڕیزەکاندا دەرکرد وە لەمانگی مارتی ١٩٩٨ دیسانەوە (١٦٢) ئەفسەری تریان دەرکرد، مانگی تەمەمووزی ١٩٨٨ بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی باڵای سەربازی (٢٤) ئەفسەریان دەرکد.

کەسی لێنەداوە.یەکەم جار بوو لەمێژووی تورکیای نوێدا کەسانێکی هاوبەش هەبن لەدەسەلاتدا جیاوازیان هەبێت لەئایدۆلۆجیاو مەسەلە ستراتیجیەکاندا.
سوپا لەماوەی کودەتاکانی ساڵی (١٩٦٠،١٩٧١،١٩٨٠) وەئەرکی دروست کردنەوەی هەرەمی سیاسی تورکیا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بووە، پاساودانەوەش بۆ کۆدەتاکان وەك خۆیان باسیان لێوەدەکرد لەبەر چارەکردنی قەیرانە کۆمەلایەتیو ئابوورییەکان و ڕەوینەوەی پاشا گەردانییەکان بوو سوپا سەرکەوتوو بوو لەهەڵتەکاندنی گروپە ئوسولیەکانی وەك حیزبی فەضیلەو چەند حیزبێکی تر وەك چۆن کاتی خۆی بووە هۆی هەڵتەکاندنی حیزبی (سیستەمی نیشتمانیو سەلامەتی نیشتمانیو ڕەفا).
ئەمە مانای وایە سوپا دەسەلاتێکی شکۆمەندانەی بەخۆیداوە و لەسەرو سەروەری دەستورو سەروو دەوڵەت و هەڵبژاردنەکانەوەیە، لەگەڵ ئەمەشدا بوژاندنەوەی ئیسلامی هەرمایەوە بۆیان لەبار نەبرا. وەزیری بەرگری پێشووی جەزائیر جەنەرال (خالد نزار) ووتی: (حاڵەتەکانی تورکیاو جەزائیر لەیەك دەچن) دەیوویست شەرعیەت بداتە سوپای جەزائیر بۆ دەستێوەردان ئەوە بوو کاتێك بەرەی ڕزگاری جەزائیر لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ سەرکەوتنی بەدەست هێنا کودەتایەکیان لەدژیان بەرپاکردو ڕێگەیان پێنەدان دەسەلات بگرنە دەست بەلام ئەم ڕایە پێچەوانەی وەزعی تورکیایە، تورکیا وەك جەزائیر نیەو جیاوازیان هەیە، لەجەزائیر کوشتار بەکۆمەڵ و ڕەشە کوژی بەبەردەوامی دەبینرێت تەقینەوەی بیناو شوێنەگشتیو تایبەتیەکان هەموو کات و ساتێکە، بەلام لە تورکیا بەم شێوەیە نیە هەرچەندە چەند کارێکی لەم جۆرە دەکرێت لەلایەن تورکە ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە لەشارەکانی وەك ئەستەنبوول ئەم جۆرە کارانە ناو بەناوەو نەبۆتە کارێکی ڕۆژانە. ساڵی ١٩٨٦ کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و توێژەرەوەی تورکی ڕاپرسیەکیان بەناو خەڵك دا ئەنجام داو لەئاکامدا تەنها (٧٪) ی خەڵکەکە دروست کردنی دەوڵەتی ئیسلامیان ڕەت کردەوە. لەوڕاپرسیەی ساڵی ١٩٩٥ دا کرا (٣/١)ی خەڵك ئارەزویان لەوە بوو تورکیا

بەرەو سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا هەنگاوبنێ وە لەراپرسی سێیەمدا سالی ١٩٩٦دا کرا (٤١٪)ی خەلك دەنگیان بەحیزبی ڕەفادا وە (٧١٪)ی ئەم خەلکانەش بڕوا ومتمانەیان بەسوپا هەبوو بەهێمای عیلمانیەتیان دائەنا لەم راپرسیەدا راستییەکمان بۆ ئاشکرا دەبێت ڕەگ داکوتانی میللەتی تورکی دەردەخات خەلکانێکی نەتەوەیین پاش جەنگی ڕزگارکردنی وولاتی تورکیا بڕوایان بە ڕزگاری نیشتمانی هێناوە، خۆیان گوزارشت لە (تورکیەت)ی خۆیان دەکەن پێش ئەوەی هەر شتێکی تر بن، بەلام جەزائیریەکان پێچەوانەی تورکەکانن جولاندنەوەو بزووتنەوەکەشیان جیاوازی هەیە وەك هاونیشتمانیەکی جەزائیر خۆیان لەقەلەم نادەن، بەپێی ووتەکانی خۆیان جولاندنەوەیجەزائیرییەکان جولاندنەوەی موسلمانەکانە لەدژی کافرە فەرەنسییەکان، واتە ناسنامەی موسلمانێتی پێش ناسنامەی جەزائیرییە... کەچی تورکەکان دوو بەرەکایەتی زیهنی لەم جۆرەیان نیە خۆیان وا پێشان ئەدەن وەك موسلمانێك ووەك هاونیشتمانیەك، لەبەر ئەم هۆکارانە ئیسلامە ئوسولیە توندڕەوەکان نەیانتاوانی ژینگەیەکی گونجاو بدۆزنەوە هیچ دوا ڕۆژێکی وایان لە تورکیا نەبوو لەبەر ئەم هۆیانە لەدوای دابەزینی ئەریەکان لە حوکم تورکیا نەچووە خانەی جەزائیرەوەو بەرامبەر ئەمە دیاردەی زیندووبوونەوەی ئیسلامی گەشەی کردەوە.

ڕۆیشتنە خێراو یەك لەدوای یەکانی وەزعە ئابووریو کۆمەلایەتیو مەدەنیەکانی تورکیا (گواستنەوە لەلادێکانەوە بۆ شار) لەبەرهەم و دەسکەوتەکانی (تازەگەری) بوون ئەو گۆڕانکاریەی لەبیستەکاندا ئەتاتورك پێشنیاری کردو بەجۆرێك لە تازەگەری دائەنا، لەزۆر ڕووەوە گۆڕانکاریو گواستنەوەی هێنایە ئاراوە بەتایبەتی ئەو دوو مەسەلەیەی پەیوەندیان بەئایین و وەزعی سەربازییەوە هەبوو، ئەم پرۆسانەی ئەتاتورك و بەردەوام بوونی، تا ئێستا بووە هۆی پتەو بوون و سەرهەلدانەوەی ئیسلامیەت لەزۆربەی ناوچەکانداو بەتایبەت دێهاتەکانی ئەنادۆڵ ، ئیسلامیەکان کاریان تێکراو وایان لێهات خۆیان بگونجێنن

لەگەڵ عیلمانیەت و دیموکراتیدا لە پێناو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نوێخوازدا نەك دەوڵەتێکی ئیسلامی ئوسوڵی.

****

﴿ شێوازی ڕێکخستنەکانی سوپای تورکی ﴾



ڕێڕەوی ڕاسپێرییەکانی دەستەی ئەرکان

﴿ هەرەمی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ﴾

ناوی حیزبە تورکیەکانی بەشدار بوو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ :--

*نیشتمانی دایك (الوطن الام)

*ڕێگای ڕاست (الطریق الصحیح)

*ڕەفا (الرفاه)

*پارتی بزووتنەوەی میللی (حزب الحرکة الملیة الوطنیة)

*چەپی دیموکراتی (الیسار الدیمقراطي)

*پارتی بەعس (البعث)

*پارتی ژیاندنەوە (الاحیاء)

*گەلی کۆماری (حزب الشعب الجمهوري)

*پارتی ئیکتیدار (الاقتدار)

*پارتی نەتەوە (حزب الامة)

*پارتی دیموکراتی (الحزب الدیمقراطي)

*پارتی کاری سۆشیالیستی (حزب العمل الاشتراکي الترکی)

*پارتی یەکێتیی مەزن (حزب الوحدة الکبری)

*پارتی نوێ (الحزب الجدید)

*پارتی ڕێگای دایك (حزب الطریق الام)

*پارتی گەلی دیموکراتی (حزب الشعب الدیمقراطي)

*پارتی ڕاپەڕین (حزب النهضة)

*پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو (الحزب الاشتراکی المتحد)

*پارتی لیبرالی دیموکراتی (الحزب اللیبرالی الدیمقراطي)

*بزووتنەوەی دیموکراتی نوێ (حرکة الدیمقراطیة الجدیدة)

*پارتی دیموکراتی و گۆڕین (حزب الدیمقراطیة والتغیر)

*پارتی دادوەری گەورە (حزب العدالة الکبری)

*پارتی دادوەری تورکی (حزب العدالة الترکي)

*پارتی دادوەری (حزب العدالة)

*پارتی شۆڕشگێری (حزب العمل الثوری)

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی (٢٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٥)

پارتەکان	ژمارەی دەنگەکان	ڕێژەی سەدی (٪)	
(RP) پارتی ڕەفا	٦٠١٢٤٥٠	٢١,٣٨	١٥٨
(ANAP) پارتی نیشتمانی دایك	٥٥٢٧٢٨٨	١٩,٦٥	١٣٢
(DYP) پارتی ڕێگای ڕاست	٥٣٩٦٠٠٩	١٩,١٨	١٣٥
(DSP) پارتی چەپی دیموکراتی	٤١١٨٠٢٥	١٤,٦٤	٧٦
(CHP) پارتی گەلی دیموکراتی	٣٠١١٠٧٦	١٠,٧١	٤٩
(MHP) پارتی بزووتنەوەی نیشتمانی	٢٣٠١٣٤٣	٨,١٨	—
(HADEP) پارتی دیموکراتی میللی	١١٧١٦٢٣	٤,١٧	—
(YDH) پارتی دیموکراتی نوێ	١٣٣٨٨٩	٠,٤٨	—
(MP) پارتی نەتەوە	١٢٧٦٣٠	٠,٤٥	—
(YDP) پارتی هەڵهاتنی نوێ	٩٥٤٨٤	٠,٣٤	—
(IP) پارتی کرێکاران	٦١٤٢٨	٠,٢٢	—
(YP) پارتی نوێ	٣٦٨٥٣	٠,١٣	—
بێ لایەنەکان	١٣٣٨٩٥	٠,٤٨	—
کۆی دەنگەکان	٢٨١٢٦٩٩٣	١٠٠,٠٠	٥٥٠

خشتەی بەراوردکردنی ئابووری و گەشەسەندنی مرۆیی نێوان تورکیاو میسر

	میسر	تورکیا
ژمارەی دانیشتوان (بەملیۆن)	٥٧,٨	٦١,١
داهاتی تاکەکەس (ساڵانە بە دۆلار)	٧٩٠	٢٧٨٠
ماوەی تەمەنی مرۆڤ (بەساڵ)	٦٣	٦٧
ڕێژەی نەخوێندەوار (٪)	٤٩	١٨
ئەوانەی ئاوی خواردنیان دەست دەکەوێت لە (٪)	٨٤	٩٢
ڕێژەی دانیشتوانی شار (٪)	٤٥	٧٠
تێکڕایی بەرهەمەکانی ناوخۆ (ملیۆن - دۆلار)	٤٧٧٣٤٩	١٦٤٧٨٩
بەرهەمی ناوخۆ تەنها لە پیشەسازیدا لە (٪)	٢١	٣١
تێکڕایی کاڵا نێردراوەکان بۆ دەرەوە (ملیۆن - دۆلار)	٣٤٣٥	٢١٦٠٠
تێکڕای کاڵا نێردراوەکان و خزمەتگوزاری (ملیۆن - دۆلار)	١١٣٣٧	٣٨٠٦٩
تێکڕای قەرزەکانی دەرەوە (ملیۆن - دۆلار)	٣٤١١٦	٧٣٥٩٢
ڕێژەی قەرز بۆ تێکڕای کاڵانێردراوەکان و خزمەتگوزارییەکانیتر (٪)	١٢,٤	١٢,٢



﴿ ڕێڕەوی گەشتەکەی نووسەر لەناو تورکیا ﴾

پێرست

١-ڕۆڵی سوپا لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠	٤
٢-دەستووری نوێ	٨
٣-ئیسلامی سیاسی لەپاش کودەتای ١٩٨٠	١٣
٤-ئۆزال و موسڵمانگەراییەکی میانڕەو	١٥
٥-ململانێی ئەتاتورکی‌یەکان و ڕەفای ئیسلامی	٢٠
٦-تێڕوانینەکانی ئەمەریکا لەسەر ئەربەکان	٢٤
٧-هاوکاری سەربازی تورکیا - ئیسرائیل	٢٧
٨-ڕەفاو هاریکاری تورکی - ئیسرائیلی	٣٣
٩-ڕۆڵی تورکیای ئیقلیمیو سیناریۆی ئەتاتورکی	٣٧
١٠-ئەتاتورکیەکان یان ئیسلامیەکان	٤٠
١١-پێکادانی سوپاو ڕەفای ئیسلامی	٤٣
١٢-خۆسوورکردنەوەی سوپا بەرامبەر ڕەفا	٤٦
١٣-یەڵمازو بەجێگەیاندنی ڕاسپاردەکان	٥٠
١٤-ڕێگرتن لەفێربوونی وانە ئایینیەکان	٥٥
١٥-قەدەغەکردن و لەکارخستنی حیزبی ڕەفا	٦١
١٦-تورکیا پاش (٧٥) ساڵ لەڕێبازی ئەتاتورکی	٦٧
١٧-گەشتێك لەدەروازەی ئەسکەندەرونە و کوردستانەوە	٧٣
١٨-کوردستان - خاکێکی سووتاو	٧٧
١٩-داهاتووی ئیسلامی سیاسی	٨٢

﴿ لەسەر ئەرکی چاپخانەی ژین لەچاپ دراوە، مافی چاپ کردنەوەی پارێزراوە ﴾

هەندێك لەسەرچاوەكان

١-في أصول التأريخ العثماني د.احمد عبدالرحيم مصطفى، دار الشروق. القاهرة ١٩٩٣.
٢-الحركة الكمالية والعلمانية في تركيا. السيد حسنين عثمان الطنوبى- رسالة ماجستير جامعة الاسكندرية، ١٩٨٩.
٣-السلطان عبدالحميد والخلافة الاسلامية، أنور الجندي، القاهرة.
٤-تأريخ أوروبا في العصر الحديث هـ.أ. ل. فيشر دار المعراف. القاهرة.
٥-الاسلاميون و تركيا العلمانية. هدى درويش. دار الافاق العربية القاهرة ١٩٨٨.
٦-الذئب الاغبر مصطفى كمال. هـ.س. أرمسترونج، دار الهلال، القاهرة ١٩٥٢.
٧-تحديث التخلف، رضا هلال دارسينا للنشر القاهرة ١٩٩٣.
٨-تأريخ الدولة العثمانية، روبير مانتران (إشراف)، دار الفكر للدراسات والنشر القاهرة ١٩٩٣.
٩-الدين في تركيا الحديثة، شريف ماردن - الدار التونسية للنشر، ١٩٩٣.
١٠-العلمانية والدين، محمد أركون، دار الساقى، لندن ١٩٩٠.

ناوی هەندێك لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی سوودیان لێ وەرگیراوە:-
١- الاهرام (القاهره).
٢-الحياة (لندن).
٣-السفير (بيروت).
٤-السياسة الدولية (القاهرة).
٥-شؤون الشرق الاوسط (بيروت).

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

لەنەتەوەی تورك زیاتر هیچ نەتەوەیەكی تر بۆی نی‌یە داوای مافە نەتەوایەتیەكانی خۆی بكات.

(عصمت ئینۆنۆ)

ئەنقەرە لەوانەیە بتوانێت دەریاكان وشك بكات بەڵام ناتوانێت ماسیەكانی ناوی ڕاو بكات.

(یەشار كەمال)

ئەو دەستانە بشكێ كە دەست درێژی دەكەنە سەر سەرپۆش.

(دروشمێكی پارتی ڕەفا)

ژمارەی سپاردنی (٢٩٥) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

﴿ چاپخانەی ئۆفسێتی ژین ﴾

نرخی (١٥) دینارە